# جێ پەنجەکانمان لە هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی ون نابن



مەحمود محەمەد*

ئەم وتارە تایبەت بۆ گوڵان نووسراوە

**● ئاوڕدانەوەیەك بۆ مێژوو**

لە گۆڕانکارییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، جیاواز لە گۆڕانکارییەکانی نیوەی یەکەم، کوردستان گۆڕانکاری جۆریی زۆری بەسەرداهات، شۆڕشی ١١ی ئەیلوولیش زادەی رووداو و راپەڕینەکان و پێشکەوتن و تێگەیشتنی قۆناخی پێشووتر و هەلومەرجی لەبارتری کۆمەڵگەی کوردستان بووە، هەر بۆیە جۆرە تێکەڵاوییەك لە نێوان سەرکردایەتی نەوەی نوێ و کۆن هاتەئاراوە و لە شانۆی سیاسیدا رەنگیدابووەوە.

شۆڕشی ئەیلوول تەنیا فۆرمێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو پرانسیپەکانی شۆڕش شۆڕبوونەوە بۆ ناو قووڵایی کۆمەڵگە و گەوهەری کێشەکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بەپلان و نوێگەرایی لە ئاستی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستاندا و لە روانگەی تیۆری شۆڕشگێرییەوە کە ئیدارەی ناوچە ئازادکراوەکانی بەڕێوە دەبرد، بێگومان ئەو کاتیش بە هاوتەریبی ئەم هزرە شۆڕشگێرییە نوێگەرایە، هزر و تێڕوانینی پێچەوانەش هەبوون کە تیایدا بەرژەوەندیی کەسی، یان چینایەتی دەخرایە سەرووی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەییەوە، بەڵام بە سووربوونی سەرۆك مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دڵسۆزانی کوردستان و

کوردایەتی، توانرا ئەو قۆناخە تێپەڕێندرێت و شۆڕش بووە دیاردەیەکی سەتارسەری کوردستانی و توانی هەموو سنوورەکان ببەزێنێت و باشتر ناوەڕۆکی شۆڕش بەرجەستە بکات و چەمکی شۆڕشی سەرتاسەری کوردستانی لە ناخی هەر تاکێکی کوردستانیدا بچەسپێنێت.

شۆڕشی ئەیلوول لەبەر ئەوەی شۆڕشێکی هەمەلایەنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بوو، کاریگەری بەهێزی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستاندا دروستکرد، لەوانەیە وەك رواڵەت و شێوازی مقاوەمەتی چەکداری شۆڕشگێرانە هێندە لە شۆڕشەکانی پێش خۆی جیاواز نەبووبێت، بەڵام ئامانج و بەرنامەی هەمەلایەنی شۆڕش و پێکەوە گرێدانەوەی هەموو رەهەندەکانی ژیانی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی کوردستان پێکەوە، وایکردبوو هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان خۆیان لەناو شۆڕشەکەدا بینیەوە. شۆڕشی ئەیلوول توانیشی هێندەی قەبارە و ویستی سەردەمی خۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە کوردستان و عێراقدا دروست بکات. لەمەش زیاتر دیکۆمێنتێکی یاسایی دانپێدانراوی بۆ مافەکانی کوردستان لە عێراقدا وەك نەخشەی رێگە دروستکرد، هەربۆیە ئەگەر سەرنج لە خەبات و شێوازی دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکانی بدەین، دەبینین پرانسیپەکانی شۆڕشی ئەیلوول بە سەر فەزای مقاوەمەتی چەکدار و شێوازی دانوستاندن بۆ چارەسەری کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دیاربووە و بوونی هەبووە. راشکاوانەتر بڵێم ئەو نەخشەی رێگەی شۆڕشی ئەیلوول بۆ مقاوەمەت و دانوستاندن دروستی کردبوو، بەسەر شێوازی خەباتی چەکداری و سیاسی هەموو لایەنەکانەوە دیاربوو، نەدەتوانرا نە لە شەڕ و نە لە ئاشتی نادیدە بگیرێت. ئەمەش وایکردبوو شۆڕشی ئەیلوول وەك قوتابخانەیەك بۆ پەروەردەکردنی هەستی نیشتمانی و سیاسەتمەداری واقیعی و کادری سەربازی بە ئیرادە و لێهاتوو خۆی نیشانبدات، لەمەش زیاتر توانی ئەو ئەو دیوارە دروستکراوە تێکبشکێنێت کە پێشتر کێشەی کوردی لە عێراقدا وەك کێشەی ناوخۆیی دەوڵەتێك پێناسە دەکرد، بەپێچەوانەوە شۆڕشی ئەیلوول پێشکەوتن و وەرچەرخانێکی ئەوتۆی دروستکرد کە دەوڵەتی عێراق بگاتە ئەو قەناعەتەی بەبێ چارەسەری کێشەی کورد و کوردستان لە عێراقدا و بەشداری راستەقینەی کورد لە حوکمڕانیدا، ئەوا حوکمڕانی لە عێراقدا زۆر زەحمەت دەبێت، ئەمەش بەو مانایەی، یان دەبێت عێراق لە قەیرانێکەوە بچێت بۆ قەیرانێکی دیکە و ئارامی تێدا نەبێت، یان دەبێت دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەوجا هەر کەسێك بن، لەو راستییە تێبگەن کە بەبێ بەشداری راستەقینەی کورد لە حوکمڕانیدا، ئەوا بێجگە لە قەیران و نائارامی شتێکی دیکە بوونی نابێت.

## ● ئێستامان دوای سەدەیەك لە پەیمانی سایکس پیکۆ

ئەو باکگراوەندە مێژووییە پێویست بوو، بۆ ئەوەی وەك دەروازەیەك ئێستامانی پێبخوێنینەوە. ئێستا کوردستان بەتایبەتی و تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دۆخێکی شڵەژاو و هەستیار و گۆڕانکارییەکی گەورەی چاوەڕوانکراودایە، لە ئێستادا کە ١٠٠ ساڵ بەسەر پەیمانی سایکس- پیکۆ بۆ داڕشتنی سنوورە دەستکردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدەپەڕێت، چیدیکە هیچ کەس و لایەنێك و دەوڵەتێك ناتوانێت وەك پێشتر بەرگری لەو سنوورە دەستکردانە بکات و هەڵوەشانەوەی سنوورەکان لەسەر ئاستی داڕشتنەوەی نەخشەی ئایندەی ناوچەکە و لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا نادیدە بگرێت و فەرامۆشی بکات، ئەم ئاژاوە و ناسەقامگیرییەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕدەبێت، راشکاوانە راستیەك بە ئێمە و جیهان دەڵێت، ئەو راستیەش ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەی لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەستکردانە دروستکراون، دەوڵەتی دروستکردنی قەیران و نائارامی و ناسەقامگیرن و ئەو گەل و نەتەوانەش کە لەو سنوورە دەستکردانە کۆکراونەتەوە، هیچیان بە خواست و ویستی خۆیان ئەو دەوڵەتانەیان هەڵنەبژاردووە، بۆیە بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە چیدیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چاوی ١٠٠ ساڵ لەمەو پێش سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکات، ئەمەش وایکردووە بە ناعیلاجی پەنا بۆ بیرکردنەوەیەکی واقیعی و سەردەمییانە ببەن و بە شێوەیەکی گونجاوتر لەگەڵ کێشەکانی ئێستا مامەڵە بکەن، هەربۆیە ئەگەر ئامانجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆتاییهێنان بێت بە ئاژاوە و ناسەقامگیری لە ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا دەبێت لە هاوکێشەی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەموو ئەو هێز و گەل و نەتەوانەی پێشتر لە داڕشتنی ئەو سنوورە دەستکردانە حیسابییان بۆ نەکرابوو، لە ئێستادا بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو بگیرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمجارە ئەو راستییە فەرامۆش نەکات و بزانێت بەبێ هاوبەشی راستەقینەی ئەو گەل و نەتەوانە هیچ پرۆسەیەکی سەربازی، یان سیاسی بۆ رێکخستنەوەی ناوچەکە سەرکەوتوو نابێت و ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە رەچەتەی چارەسەری کێشەکان بەبێ کاراکتەرە گرنگەکانی خودی ناوچەکە بنووسرێت.

هەربۆیە چۆن بارزانی نەمر و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سووربوون لەسەر پاراستنی ماف و

**شۆڕشی ئەیلوول تەنیا فۆرمێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو پرانسیپەکانی شۆڕش شۆڕبوونەوە بۆ ناو قووڵایی کۆمەڵگە و گەوهەری کێشەکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بەپلان و نوێگەرایی لە ئاستی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستاندا و لە روانگەی تیۆری شۆڕشگێرییەوە کە ئیدارەی ناوچە ئازادکراوەکانی بەڕێوە دەبرد**

**ئەو دەوڵەتانەی لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەستکردانە دروستکراون، دەوڵەتی دروستکردنی قەیران و نائارامی و ناسەقامگیرن و ئەو گەل و نەتەوانەش کە لەو سنوورە دەستکردانە کۆکراونەتەوە، هیچیان بە خواست و ویستی خۆیان ئەو دەوڵەتانەیان هەڵنەبژاردووە**

**چۆن بارزانی نەمر و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سووربوون لەسەر پاراستنی ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان، ئێستاش هەر بەهەمان شێوە سەرۆک مسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پرۆسەی سەربەخۆیی وەک پێداویستییەکی مێژوویی بۆ ئەم قۆناخەی کوردستان خوێندنەوەی بۆ دەکەن**

بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان، ئێستاش هەر بەهەمان شێوە سەرۆك مسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و تەواوی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، پرۆسەی سەربەخۆیی وەك پێداویستیەکی مێژوویی بۆ ئەم قۆناخەی کوردستان خوێندنەوەی بۆ دەکەن. هەتا ئەگەر هەندێك گرفتی ناوخۆیی، یان ئاستەنگ هەبن لەبەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کە پرۆسەیەکە و دەستی پێکردووە، ئەمە ئەو مانایە ناگەیەنێت هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە نەدرێت و ئاستەنگەکان لانەبرێن.

## ● ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد فاکتەری سەرەکییە بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی

پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کە ئێستا بە سەرپەرشتی سەرۆك مسعود بارزانی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت، گەوهەری سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لە هزری سەرۆك بارزانی، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تەواوی خەڵکی کوردستان و سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەمەش لەو روانگەیەوە یەکڕیزی نێوان هێزە سیاسییەکان و یەکهەڵوێستی خەڵکی کوردستان، هێز و تینێکی زیاتر بە پرۆسەکە دەدات، بۆیە لە ئێستادا زۆر گرنگە ئەولەوییەت بدرێتە چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکان و دووبارە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان، هەروەها لەوانەیە لەلایەکەوە بەوجۆرە سەیری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرفتە ناوخۆییانە بکرێت و بڵێت دواخستنی چارەسەرکردنی ئەم کێشەو گیروگرفتانە بۆ دوای سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی، بڵێن کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر بە دیوێکی دیکە سەیری ئەم پرۆسە گرنگە بکەین و ئەگەر هەموو لایەنە سیاسییەکان لە روانگەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانییەوە ئەم قۆناخە بخوێننەوە و بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر خەون و ویستی سەدان ساڵەی نەتەوەکەمان هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن، ئەوا لەوانەیە دواخستنی چارەسەری کێشە و گرفتە ناوخۆییەکان کارێکی ئاسان بێت، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە چوارچێوەیەکە بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانمان و دەستکراوەیی کوردستان لە چۆنیەتی دارشتنی دەستوور و یاساکان، دیارە لە چوارچێوەی دەستوور و یاساکانیشدا بەشی زۆری کێشەو گرفتەکانمان چارەسەر دەبن، ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێدەڵێت، پێویستە بۆ ئەم قۆناخە تێڕوانین و بۆچوونی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە گۆشەنیگای پرۆسەی سەربەخۆییەوە ئەم واقیعە بخوێنێتەوە، نەك لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی حزب، یان کەسێکی دیارکراوەوە بێت. پێویستە هەموان بە هۆشیارییەوە هاوکێشەی ئێستا بخوێنینەوە و بەرپرسیارانە هاوکار و هاوبەش بین لە بناخەدانانی دەوڵەتی کوردستان و لادانی گرفت و ئاستەنگەکان. دەبێت هەموان ئەو راستییەمان لەبەر چاو بێت و ئامانجمان ئەوە بێت ئەم پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانە دوانەکەوێت، لەبەر ئەوەی مەرج نییە بۆ چەند ساڵی دیکەش تێڕوانین و کەشوهەوای سیاسی ناوچەکە و تێڕوانینی دەوڵەتانی دیکە هەر بەم شێوازەی ئێستا بەرامبەر کوردستان بمێنێتەوە، بۆیە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان هەنگاوی یەکەمە و فاکتەری سەرەکییە لەم پرۆسەیەدا. هەروەها لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا بەشێکی دیکەی هەنگاوەکان دەبێت بەو ئاڕاستەیەی بن کە کەشوهەوایەکی لەبار بۆ هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی درووست بکرێت، بۆ ئەمەش گرنگە تێکڕای حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و حزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، هاوکاربن و پشتگیری بکەن لەوەی کە بارودۆخی باشووری کوردستان لەبارە بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت، بۆیە گرنگە بە گیانی بەرپرسیاریەتی کورد و کوردستانییانە لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن و هاوکار و پشتیوانی ئەو دەرفەتە بن کە بۆ باشوور هاتۆتە ئاراوە، بۆیە حزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە زۆر رووەوە دەتوانن هاوکاری ئەم پرۆسەیە بن و پرۆسەکە بە هی خۆیان بزانن.

## ● دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی عێراق و حزبەکان بە سوننە و شیعەوە

هەنگاوی دووەم دوای ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان، کارکردنە لەگەڵ حکومەتی بەغدا و تەواوی حزبەکانی عێراق بە حزبە سوننە و شیعەکانیشەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی فەزایەکی دۆستانە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکرێت و بیانگەیێنینە ئەو قەناعەتەی کە سەربەخۆیی کوردستان پرۆسەیەك نییە بۆ زیانگەیاندن بە عێراقی عەرەبی و نەتەوە و نیشتمانی عەرەبی، بەڵکو دەبێت چاوەڕێی سوود و قازانج لەم پرۆسەیە بکرێت، لەسەر ئاستەکانی سیاسی و ئابوری و دیپلۆماتی، لەمەش زیاتر دەبێت ئەو راستییەش بۆ عەرەبی عێراق تەواو روونبکرێتەوە، بەوەی مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا چەند کورد تێیدا زەرەرمەند بووە، عەرەبی عێراق زیاتر، لەبەر ئەوەی هەتا کوردستان بە عێراقەوە لکێندرابێت، عەرەبی عێراقیش ناتوانن وەك ئەوەی خۆیان دەیانەوێت و مەبەستیانە عێراق ڕێکبخەنەوە، چ وەك نەتەوە و ئایین و ئاینزا، هەورەها لە پێوەندی بە پرسی

**ئەگەر هەندێک گرفتی ناوخۆیی، یان ئاستەنگ هەبن لەبەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کە پرۆسەیەکە و دەستی پێکردووە، ئەمە ئەو مانایە ناگەیەنێت هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە نەدرێت و ئاستەنگەکان لانەبرێن**

یەکگرتنی عێراق وەك لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەب، یان ئاست و چۆنیەتی رۆڵبینینیان لە ناو کۆمکاری عەرەبی و چەند ئاستی دیکەش.

**● دەوڵەتی کوردستان وەك فاکتەرێك بۆ سەقامگیری و دڵنیاییدان بەدەوڵەتانی دەوروبەر**

ئەوەی تائێستا بۆتە ئاستەنگ و بیانوو بۆ رێگری دەوڵەتانی دەوروبەر لە هەنگاوهەڵگرتنمان بۆ سەربەخۆیی، ئەوەیە ئەوان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە دەبێتە هۆکارێك بۆ ناسەقامگیریی ئەو دەوڵەتانەش، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە لێکتێگەیشتن هەنگاوی زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوا دڵنیاکردنەوەی دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان بەوەی ئەگەر دەوڵەتێکی نوێ ببێتە هاوسێیان، ئەوا ئەم دەوڵەتە لە هیچ روویەکەوە زیانیان پێناگات و بەرژەوەندی هەردوولا پارێزراو دەبێت، سەربەخۆبوونی کوردستانیش بەشێکی زۆری گرژی و ئاڵۆزی و قەیرانەکان کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆکاری چارەسەرکردنی کۆمەڵێك گرفت لەو وڵاتانە و سەرەنجامیش دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دیکە لە ناوچەکەدا بەگشتی.

**● هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی پشتگیری دەوڵەتانی دیکەی جیهان**

خاڵێکی گرنگ لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی پشتگیریکردنی دەوڵەتانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازە، بۆیە لەم لایەنەوە زۆر گرنگە هەوڵەکانمان بە هەموو ئاراستەیەك بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی پشتیوانیی دەوڵەتان و بەتایبەتی دەوڵەتانی گەورەی دەستڕۆیشتوو لە پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان بەدەستبهێنین. ئەوەش ئاشکرایە کە سەرۆك مسعود بارزانی لەم چەند ساڵەی دوایی بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە و بناخەی بۆ دارشتووە، لە ئێستادا پێویستە بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لێ بکرێت، ئەم پشتگیریکردنەش هەنگاوەکانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان مسۆگەرتر دەکات، ئەم پرسە لایەنی دیکەی ماوە و دەکەوێتە ئەستۆی تەواوی حزب و لایەنەکانی کوردستان کە گەرموگوڕییان لەم بوارە پێوە دیار بێت و زۆر بە جددی پشتگیری ئەنجامدان و سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم بکەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم قەناعەتێکی زۆر باش بۆ ئەو دەوڵەتانە دروست دەکات و ئیرادەی گەلی کوردستان دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی دەیەوێت وەك تەواوی نەتەوەکانی دیکەی جیهان ئەو شێوازەی هەڵبژاردووە کە چارەنووسی خۆی دیاری بکات و خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات.

**● کارکردن لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوون بە لێبوردەیی و پێکەوە ژیان**

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئەمڕۆی جیهاندا کاراکتەرێکی زۆر گرنگن، هەم لەسەر ئاستی مرۆیی و هەم لە سەر ئاستی سیاسی، بۆیە زۆر گرنگە بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان، بەردەوام لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کاربکەین و خاڵە بەهێزەکانی کوردستان بۆ بەخاوەن دەوڵەتبوون و ئامانج لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتەیان بۆ روون بکەینەوە، پێش هەموو شت گرنگە ئەوان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە ئامانجمان ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی پرۆسەی دەوڵەت بگاتە مەنزڵ، گرنگە بەتەواوی دڵنیایان بکەینەوە، کە ئەم دەوڵەتە لەسەر ژێرخانی ئەزموونێکی دیموکراتی دێتەئاراوە کە بڕوای بە گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەیە و دوورە لە دەمارگیری نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی، هەروەك چۆن ئێستا کوردستان بەشی سەرەکی و کاریگەرە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و نیشتمانێکە بۆ پێکەوەژیان و هەروەها پەناگەیەکی ئارامە و زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی لە خۆگرتووە و لە دەستدرێژیی و دەمارگیری تیرۆریستان دەیانپارێزێت.

جگە لەم هەنگاوانەی ئاماژەم پێکردن، بێگومان دیارە هەنگاوی دیکەش زۆرن، بەڵام دەکرێت ئەمانە ببنە ئەولەوییەتی کارکردنی هەموومان و هەوڵێك بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەی بۆمان هاتۆتە پێش لە دەستی نەدەین. ئەگەر خوانەخواستە بە هەر بیانوو و پاساوێك ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین، دەبێت لەوە دڵنیابین نەوەکانی ئایندە لێمان خۆش نابن، هەروەك چۆن ئێمەش گلەیی لە نەوەی پێش خۆمان دەکەین بەوەی لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوو دەرفەتگەلێك هاتوونەتە پێش و نەیانتوانیوە سوودی لێوەربگرن، لەمەشدا بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی و نەتەوەییمان ئەوەمان داوا لێدەکات هەر کەس و حزب و لایەنێك هەنگاوێك بچێتە پێش بە ئاراستەی پرۆسەی سەربەخۆیی، دەبێت دەستخۆشی لێ بکەین و زیاتر زەمینە بۆ ئەو دەرفەتە خۆش بکەین و کەشوهەوای بۆ لەبارتر بکەین. لێرەوە دەبێت دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی شۆڕشی ئەیلول و بڵێین: چۆن شۆڕشی ئەیلول جێ پەنجەی لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان دیارە، لە ئێستاشدا هەرکەس و لایەنێك هاوبەش بێت لە کاروانی پرۆسەی سەربەخۆیی، ئەوا جێ پەنجەی ون نابێت.

---

*** ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کە ئێستا بە سەرپەرشتی سەرۆك مسعود بارزانی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت، گەوهەری سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لە هزری سەرۆك بارزانی، یەکریزی و یەکهەڵوێستی تەواوی خەڵکی کوردستان و سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە**

**دەبێت هەمووان ئەو راستییەمان لەبەر چاو بێت و ئامانجمان ئەوە بێت ئەم پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانە دوانەکەوێت، لەبەر ئەوەی مەرج نییە بۆ چەند ساڵی دیکەش تێڕوانین و کەشوهەوای سیاسی ناوچەکە و تێڕوانینی دەوڵەتانی دیکە هەر بەم شێوازەی ئێستا بەرامبەر کوردستان بمێنێتەوە**



# ٢٠١٦ ساڵی کوردستانە

## بۆ دیالۆگ و
## ڕێککەوتن لەسەر قۆناخی
## دوای سەربەخۆیی




**«مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پلانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان راگەیاندووە، لە رۆژی ٤ی تەموزی ٢٠١٤ ئەم پلانەی بە پەرلەمانی کوردستان راگەیاندووە، هەروەها لە ٧ی ئایاری ٢٠١٥ جارێکی دیکە سووربوونی خۆی لەسەر ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە دووپاتکردۆتەوە و لە ٢٢ی ئایاری ٢٠١٥ جارێکی دیکە بەتایبەتی بە ئەندامانی گرووپی راسپێردراو بۆ نووسینی راپۆرتی بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا راگەیاندووە، بارزانی پێی گوتین ئەم ریفراندۆمە دوای تێکشکاندنی داعش ئەنجامدەدەین، بۆیە هیچ خشتەیەکی زەمەنی دیاری نەکردووە، بەڵام سەرۆک بارزانی باوەڕی وایە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی زەمینەکی لەباری یاسایی و جەماوەری و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە کە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ئایندەدا درووست دەکات. سەبارەت بە راگەیاندنی ئەم دەوڵەتەش سەرۆک مسعود بارزانی راشکاوانە گوتوویەتی: «من ناڵیم کەی ئەم دەوڵەتە رادەگەیەنین، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکردووە». ئەم راپۆرتەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کورد ساڵانێکی دوور و درێژ خواستی سەربەخۆیی کوردستانی دواخستووە، بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا عێراق بۆتە دەوڵەتێکی فاشیل و هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵدەگرێت. ئەمە لەکاتێکدا هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پابەندە بەو بۆچوونەی کە دەبێت عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بۆیە ئەم راپۆرتە بۆ دووبارە هەڵوەستەکردنەوەی کۆمەڵگەی**

### • پێناسەکەی ماکس ڤیبەر بۆ دەوڵەتانی سایکس پیکۆ ناشێت

پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت (State building) وەك چەمکێك لەناو ئەدەبیاتی سیاسەتی نێودەوڵەتی و لەچوارچێوەی بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، یان وڵاتانی دوای شەڕ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەی پێی دەگوترا جیهانی سێیەم، هێندەی ئاماژەیە بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت بە مانای دەوڵەتی دامەزراوەیی و دیموکراتی لە ناو سنوورە کۆنەکاندا، هێندە ئاماژە نەبووە بۆ بونیادنانی دەوڵەتێك کە پێشتر دەوڵەت نەبووە، هەر بۆیە بەکارهێنانی ئەم چەمکەش بۆ واقیعی ئێستای کوردستان لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە هەر بەهەمان مانا بەکاردەهێندرێت و ئامانج لێی بونیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی و خۆشگوزەران و لێبووردە و پێکەوەژیان و بەهێزە لە چوارچێوەی سنووری باشووری کوردستاندا، جیاوازی بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ باشووری کوردستان لەگەڵ هەموو وڵاتانی دیکە ئەوەیە، پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لە باشووری کوردستان سنووری ئەمری واقیع دەگۆڕێت بۆ سنووری دانپێدانراو لەسەر ئاستی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

پرۆسەی (بونیادنانی دەوڵەت) بەمانا تەقلیدییەکەی، بە درێژایی سەدەی بیستەم و لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هەروەها رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش دوای شەڕی دووەمی جیهانی، لە نێو هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کۆلۆنیاڵی دەوڵەتانی رۆژئاوا بوون و بەزۆر لە چوارچێوەی سنووری دەستکردا پێکهاتەی جیاوازیان کۆکردۆتەوە، سەرکەوتوو نەبووە، هەر ئەم هۆکارەش بوو، هانی بیرمەندی ئەمریکی (فرانسیس فۆکایاما)دا، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە چوارچێوەی سنوورە کۆنەکانی ئەفغانستان و عێراق هاوکاری وڵاتەکەی خۆی (ئەمەریکا) بکات. فۆکۆیاما لە دوای رووخانی رژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و رژێمی سەدام حوسێن لە عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٤ کتێبێکی بە ناونیشانی (بونیادنانەوەی دەوڵەت) بڵاوکردەوە، فۆکۆیاما لەم کتێبەیدا هێندەی لەسەر دەوڵەتانی فاشیل و لەرزۆك هەڵوەستەی کردووە و مەترسیەکانی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی خستۆتەڕوو، هێندە

**کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ کوردستان ئەوەیە، کوردستان بە فەرمی دەوڵەت نییە، بەڵام ئەمری واقیعێک درووست بووە و دەبێت وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەک دەوڵەتی سەربەخۆ سەردانی بکرێت و وەک دەوڵەتی سەربەخۆش پێشوازی لە سەرۆک و شاندەکانی ئەو هەرێمە بکرێت**


TASK FORCE REPORT
STATE-BUILDING IN IRAQI KURDISTAN

Nancy E. Soderberg, Chair
David L. Phillips, Project Director
October 2015

**نێودەوڵەتییە بەو بۆچوونە کە وەبەرهێنانێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەو لایەنانەشی کە پێوەندیدارن بەم پرسە، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەو ئامانجەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمەریکا هاوکاری کورد بن بەرەو سەربەخۆیی، نەک لە دژی سەربەخۆیی کوردستان رابوەستن. بەڵکو پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ کورد بکات، بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەقامگیر و سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێت. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاسانکاری بۆ دیالۆگی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداو ئێران و تورکیا بکات، بۆ ئەوەی قۆناخی دوای سەربەخۆی دیاری بکرێت، ئێستاش کاتی ئەوەیە کە وتوویژ لەسەر ئەوە بکرێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیە دەکرێت.، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: «سوننە ترسیان لە ئایندەیان هەیە، شیعە ترسی لە رابردووی هەیە، بەڵام کورد ترسی لە رابردوو و لە ئایندەش هەیە، بۆیە بە هاوکاری و پشتگیری و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کوردستانی عێراق دەتوانێت قۆناخێکی راگواستنی ئاشتییانە و دڵنیاکەرەوە بەرەو سەربەخۆیی درووست بکات و چیدیکە پێویستی بەوە نامێنێت لە ئایندەی خۆی بترسێت».**

- **راپۆرتی : بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق**
- **زانکۆی کۆلۆمبیا _ سەنتەری دیراساتی مافەکانی مرۆڤ**
- **تشرینی دووەمی ٢٠١٥**

لەسەر شێوازی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە چوارچێوەی سنووری تازەدا هەڵوەستەی نەکردووە، بۆیە ئامانج لە نووسینی ئەو کتێبەی ساڵی ٢٠٠٤ هاوکارییە بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق و ئەفغانستان وەك دوو دەوڵەتی بەهێز لە چوارچێوەی سنوورە کۆنەکانیدا درووست بکرێنەوە، هەر لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەش ئیدارەی ئەمریکی لە سەردەمی جۆرج بوش دەبلیو و هەروەها لە سەردەمی باراك ئۆباما-شدا، بەوجۆرە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق و ئەفغانستان بەردەوام بوون، کە خاوەنی سوپایەکی بەهێز و مۆدێرن بێت، بۆ ئەوەی یەکپارچەیی وڵاتە بە یەکەوە بهێڵێتەوە، هەڵبژاردن بکرێت بۆ ئەوەی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی شەرعی بوونی هەبێت، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت و دامەزراوەکانی دەوڵەت لەژێر سەروەری یاسادا هەڵبسوورێن.

ئەم سێ خاڵە گرنگەی فۆکۆیاما بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە چوارچێوەی سنوورە کۆنەکاندا، کردوویەتی بە ستوونی توێژینەوەیەك و هەوڵدانێك بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو سێ مەرجەی ماکس ڤیبەر بۆ پێناسەی دەوڵەت دیاریکردوون، بەڵام دوای ١٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو کتێبەدا واتە لە ٢٠١٤ ئەو تیۆرەی فۆکۆیاما بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت دایڕشتبوو، کە ئیدارەی بوش و ئۆباما پراکتیزەیان دەکرد، سەرلەبەر هەموویان پێچەوانە بوونەوە، سەبارەت بە هۆکارەکەشی دەکرێت راشکاوانە بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١. ئەو سوپا بەهێز و پڕچەکە مۆدێرنەی بۆ عێراقی نوێ درووستکرابوو، کە تەنیا ئەمەریکا بڕی ٢٥ ملیار دۆلاری تێدا سەرف کردبوو، نەك هەر نەیتوانی یەکپارچەیی عێراق لە بەردەم تیرۆریستانی داعشدا بپارێزێت، بەڵکو خۆی دا بەدەستەوە و بووە سەرچاوەیەکی زۆر باشی پڕچەك کردنی تیرۆریستانی داعش بە چەکی پێشکەوتووی ئەمەریکی و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش.

٢. ئەو هەڵبژاردنەی کە فۆکۆیاما پێیوابوو، حکومەتێکی هەڵبژێراوی شەرعی بەرهەم دەهێنێت، حکومەتێکی مەزهەبگەرای شیعەی بەرهەم هێنا، لە بری ئەوەی ئەم حکومەتە ببێتە چەترێك هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق وەك بەشدار و هاوبەش لەو حکومەتە نیشتمانییە کۆبکاتەوە، بووە هۆی لیکترازانی پێکهاتە جیاوازەکان و پەراوێز خستنی عەرەبی سوننە و کورد و

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتی لۆژیکانەی مسعود بارزانی توانیویانە کۆڵەگە سەرەکییەکەی دەوڵەت درووست بکەنەوە، ئەوا جیهان نەک هەر ناچارە ئەم دەوڵەتە وەک ئەمری واقیع بناسێت، بەڵکو دەبێت هاوکاری بکات بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی بەرەو سەربەخۆیی تەواو بکات**

ئەشتون کارتەر:

# پێشمەرگە ئەو هێزە قارەمان و کارایەیە کە لە شەڕی دژی داعش بێ وێنەیە

ئێستا کوردان لە خەباتیاندا چاویان لە سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی دەوڵەتە، چونکە پێیانوایە ئەمە تاکەڕێگەی ڕزگاربوونە و ناکرێت چیتر قەدەر و چارەنووسی خۆیان بە دەست هیچ هێز و نەتەوەیەکی دیکەوە بدەن. هاوکات ئەم هەستە نەتەوەیی و ئەم خەونی سەربەخۆییە لە ئاستێکی بەرزدایە، بەتایبەتی کە لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا بە باشی گوزارشتی لێکرا و سەرتاپای ڕێگەکان ئاڵای کوردستان هەڵکرابوون و بە باڵەخانەکاندا هەڵواسرابوون و هاووڵاتیان لەسەر سنگیان دەدان و لە ملی کوڕان و کچانی گەنجدا دەبینران، هەموو ئەمانەش ئاماژە بوون بە پابەندبوون بە خەونی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە، پێشمەرگەش هاوڕایە کە ئێستا سەروەختی سەربەخۆیی کوردستانە، چونکە هەروەک یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرکە گوتی: «پێویستە هەموو کەس دەوڵەتی خۆی هەبێت، کوردستان بۆ ئێمە و سوننەستان بۆ عەرەبی سوننە و شیعەستان بۆ عەرەبی شیعەیە، بەڵام ئەگەر گرووپێک دەسەڵاتدار بێت بە سەر گرووپەکانی دیکەوە، ئەوا ئەمە مایەی نادادپەروەری دەبێت.»

هەمان ڕۆژ کاتێک بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین لە ڕادیۆوە گوێبیستی ئەوە بووین کە وەزیری بەرگری ئەمەریکا ئاشتۆن کارتەر تازە گەیشتۆتە هەولێر. دواتر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٧ی کانوونی یەکەمدا کارتەر ڕایگەیاند کە پێشمەرگە بەڕاستی ئەو هێزەن کە ئێمە بەدواییدا لە شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریادا پێویستمان پێیەتی، هێزێکی خاوەن توانا و پاڵنەرن و دەبێت ئێمە هاوکاری بکەین. کارتەر وەک هێزێکی قارەمان و کارا وەسفی پێشمەرگەی کرد، کە لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا بەرپەرچی هێرشێکیان دابوۆە لە کەسکێ. هەروەها ستایشی هەرێمی

**سوپای عێراق بەهەموو چەک و پێداویستییە سەربازییە مۆدێرنەوە نەیتوانی وەک پێشمەرگە بە چەکە کۆنەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە بەرپەرچی داعش بداتەوە و هێرشەکانیان رابگرێت**

زەمینەخۆشکردن بۆ زیاتر لێکدابڕان و شەڕی ناوخۆی مەزهەبگەرایی لە نێوان شیعە و سوننە.

٣. پرۆسەی دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و بۆ بەسەروەربوونی یاسا و هەڵسووڕاندنی دامودەزگاکان لە ژێر سێبەری سەروەریی یاسادا، لە سەردەمی حوکمڕانیی نوری مالیکی-دا دەسەڵاتی دادەوەری سەربەخۆ گۆڕا بۆ دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆی حزبی دەعوا و کرایە ئامێرێك بۆ سەرکوتکردنی عەرەبی سوننە و درووستکردنی بەندیخانەی نهێنی و ڕەشبگیری بێ دادگای هاووڵاتیان، هەروەها بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانیش، دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری بووە هۆکاری درووستبوونی هێزی دیجلە و پاشانیش بڕینی بودجە و مووچەی هاووڵاتیان و سەرەنجامیش پەکخستن و لەبەریەك هەڵوەشانی تەواوی دامەزراوەکانی عێراق ئەوەی پێی دەڵێن :(unraveling) واتە پاشاگەردانی تەواو.

ئەم ئاکامە پێچەوانەیەی کە لەبەر ڕۆشنایی فیکری ماکس ڤیبەر بۆ دەوڵەت هاتۆتە کایەوە، ئایا بەو مانایەیە دێت کە فیکری ماکس ڤیبەر بۆ دەوڵەت کۆتایی هاتووە و چیتر کاری پێناکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مێژووی ژیانی ئەم بیرمەندە دەیداتەوە. لەبەر ئەوەی کاتێك ماکس ڤیبەر ئەم پێناسەی بۆ دەوڵەت داڕشتووە، پرۆسەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپا دوای نەمانی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی و ناوخۆیی کۆتایی پێهاتووە و نەتەوەکانی ئەورووپا لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ویستفالیا پێوەندی تازەیان درووستکردووە، لەمەش زیاتر ماکس ڤیبەر تێۆری بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی ئەورووپا داڕشتووە، دەوڵەتێك کە دەتوانێت سوپایەکی بەهێزی هەبێت و خاکەکەی بپارێزێت، هەڵبژاردن بکات و حکومەتێکی شەرعی هەبێت، دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری هەبێت و یاسا سەروەر بێت، هەر بۆیە ماکس ڤیبەر تیۆری بۆ دەوڵەتی بەزۆر درووستکراو و بەرهەمی ڕێککەوتنێکی نهێنی وەك -سایکس پیکۆ- دانەڕشتووە، بۆیە بە درێژای ٩٠ ساڵ لە ( ١٩٢٠-٢٠١٠) هەر



کوردستانی کرد بۆ ئازادکردنەوەی شنگال. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هەمیشە کورد داوای چەکی زیاتری رۆژئاوایی دەکات، کارتەر رایگەیاند چەکی زیاتر لەلایەن ١٢ دەوڵەتی هاوپەیمانەوە بەرێوەیە. لە راستیشدا شەڕی دژی داعش کوردستانی لە عێراق دابڕیوە. هەرچۆنێک بێت، هەموو کارێک پەرچەکردارێکی پێچەوانەی هەیە، هەروەها ئەم دابڕانە ئابوورییە و بوونی شەڕی داعش لە نێو جەرگەی ناوچە سوننەکاندا بە مانای ئەوە دێت کە دەوڵەتی کوردستان بووەتە ئەمری واقیع.

- راپۆرتی: ئەوانەی رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە
- گۆڤاری جیرۆسەلیم پۆست ٢٥ی١٢ی ٢٠١٥

دەوڵەتێك کە بەرهەمی سایکس پێکۆ بوو‌بێت، نەتوانراوە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی تێدا سەرکەوتوو بێت، ئەم حاڵەتە بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتیش راست بووە، هەر ئەم راستییە وایکرد دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦ی یوگسلافیای پێشوو، فەرید زەکەریا-ی هاندا بۆ ئەوەی تیۆری - دیموکراتی نالیبراڵی - illiberal democracy لەساڵی ١٩٩٧ دابڕێژێت و بەردەوامیی ئەم ئاکامە سلبییانەی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە سنوورە کۆنەکاندا وایکرد فەرید زەکەریا پرسیار لەسەر ئایندەی ئازادی دروست بکات و لە ساڵی ٢٠٠٣ کتێبی (ئاییندەی ئازادی) بڵاوکردەوە، هەربۆیە رەچاونەکردنی ئەم خاڵە گرنگانە لای فۆکۆیاما لە دوای ٢٠٠١ و ٢٠٠٣، بووە هۆکاری ئەوەی لە بری ئەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی بەهێز دروست ببێت، دەوڵەتێکی فاشیلی شیعەگەرای پاشکۆی ئێران هاتە کایەوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا فۆکۆیاما لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکارییە، گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچوونەکانی نەهاتووە؟ سەبارە بە وەڵامی ئەم پرسیارە خودی فۆکۆیاما لە دوای ساڵی ٢٠١١ و دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی (بنەچەکانی سیستمی سیاسی) و هەروەها لە ساڵی ٢٠١٤ ش دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی (سیستمی سیاسی و هەڵوەشانی سیاسەت)، راشکاوانە دانی بەوەدا ناوە کە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش لەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە داعش بەهێزە، بەڵکو داعش بەرهەمی لاوازی و فاشیلی دەوڵەتانی ناوچەکەیە، دیارە پێش هەر وڵاتێکی دیکە بەرهەمی فاشیلی دەوڵەتی عێراقە، کە ئەمەریکا وەك سەرچاوەکانی خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، زیاتر لە ٣ ترلیۆن دۆلاری بۆ بونیادنانەوەی خەرجکردووە، ئەم دوو کتێبە تازەیەی فۆکۆیاما جگە لەوەی قەناعەتێکی تازەی فۆکۆیاما بۆ (سیستمی سیاسی لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان، یان لەو کۆمەڵگەیانەی لە قۆناخی وەرچەرخاندان) لە هەمان کاتدا ئەوەمان پێدەڵێت: دەوڵەتی بەهێزی دیموکراتی و

**بە درێژای ٩٠ ساڵ لە (١٩٢٠-٢٠١٠) هەر دەوڵەتێک کە بەرهەمی سایکس پێکۆ بووبێت، نەتوانراوە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی تێدا سەرکەوتوو بێت، ئەم حاڵەتە بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتیش راست بووە**

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١٤ ئەمە چوارەمین جارە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە پرۆسەی ریفراندۆم لە تەواوی باشووری کوردستان ئەنجام بدرێت بە کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمەوە، بۆ ئەوەی ئاکامی ئەم راپرسیە ببێتە زەمینەیەکی لەباری یاسایی و جەماوەری و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت و پەیوەندییەکانی دوای قۆناخی سەربەخۆیی دیاری بکات**

**گەورەترین ئامانجی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت، هەتا ئێستا دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکە کە بتوانێت خاک و سنووری خۆی بپارێزێت، بەڵام ئەم بۆچوونە چەند خۆی پێوە ماندوو کرا و چەند پارەی تێدا خەرجکرا، سەرەنجام وەک ئێستا دەبینین هەڵە دەرچوو**

فرەیی لە ناو سنووره کۆنەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نابێت، راشکاوانەتر وەك پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز بەڕێوەبەری سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهۆما دەڵێت: ناتوانرێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستکاری رژێمەکان بکرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێن، ئەمەش هەمان قەناعەتی پرۆفیسۆر رۆبن رایت توێژەری باڵای ئامۆژگای وۆردۆ ویلسن -ە کە دەڵێت: چیتر ناکرێت باسی دەوڵەتی فاشیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە خۆی سەرەتا بۆتە ناوچە، یان هەرێمێکی فاشیل.

### ● دەوڵەتی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی پاراستنی خاك

گەورەترین ئامانجی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت، هەتا ئێستا دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکە کە بتوانێت خاك و سنووری خۆی بپارێزێت، بەڵام ئەم بۆچوونە چەند خۆی پێوە ماندوو کرا و چەند پارەی تێدا خەرجکرا، سەرەنجام وەك ئێستا دەبینین هەڵە دەرچوو، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق و ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە درێژایی ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠١٤، گەمارۆی بودجە و مووچە و چەك و پێداویستی سەربازییان خستبووە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە مەبەستی ئەوەی پێشمەرگە نەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و راگەیاندنی سەربەخۆیی، بەڵام دەرکەوت سوپای عێراق بەهەموو چەك و پێداویستییە سەربازییە مۆدێرنەوە نەیتوانی وەك پێشمەرگە بە چەکە کۆنەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە بەرپەرچی داعش بداتەوە و هێرشەکانیان رابگرێت. ئەم ئیرادە و قارەمانەتییەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی پیشانی جیهانی دا، بووە سەرەتای بیرکردنەوە لە چەمکێکی تازەی دەوڵەت، هەروەها بووە هەوێنی ورووژاندنی دەیان پرسیار کە پێشتر بیرکردنەوە لەو جۆرە پرسیارانە لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیتمی جیهانیدا وەك جۆرێك لە قەدەغە سەیر دەکرا، ئەو پرسیارانەش ئەوە بوون، چۆن هێزێك لە سەر زەوی دروست دەکرێت هاوشێوەی پێشمەرگە بتوانێت تیرۆریستان رابگرێت و تێکیان بشکێنێت؟ ئایا بۆچی سوپایەکی گەورەی وەك سوپای عێراق خۆی بەدەستی تیرۆریستانەوە دەدات؟ ئایا بۆچی کۆماندۆکانی ئەمەریکا و تەواوی دەوڵەتانی ناتۆ لەسەر زەوی شەڕی تیرۆریستانیان پێناکرێت؟ سەبارە بە وەڵامی ئەم پرسیارانە ریچارد هاس لە وتارێکیدا کە لە نۆڤەمبەری ٢٠١٥ لە سایتی (سندیکیت پرۆجێکت) بە ناونیشانی (دوای پاریس) بڵاوی کردۆتەوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دروستکردنی هێزێکی هاوشێوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ شەڕی دژی داعش مەحاڵە. ئەمەریکا و رۆژئاوا ئەگەر دەیانەوێت لە شەڕی داعش سەرکەوتوو بن، تەنیا رێگە ئەوەیە هاوپەیمانی لەگەڵ کورد بکەن، بەم دواییەش لە رۆژانی ٥و٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ لە کۆڕبەندێکی سەنتەری سابان لە ناو ئامۆژگای برۆکینگز، کە لە ژێر ناونیشانی پێوەندییەکانی ئایندەی نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا رێکخرابوو، راشکاوانە بنیامین نەتانیاهۆ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بارودۆخی ناوچەکە سەرتاسەر ئاژاوەیە و پێویستی بە رووبەڕوونەوە هەیە، خاڵی گرنگیش لەم دەستپێکە ئەوەیە هێزەکانی کورد چەکدار بکرێن و هاوکاری تەواوی لۆجیستی بکرێن، لەبەر ئەوەی هێزە کاریگەرەکەی شەڕی دژی داعشن.

ئەم خاڵە کە کۆڵەکەی سەرەکی پێناسەی ماکس ڤیبەرە بۆ پێناسەی دەوڵەت، ئێستا لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئیسرائیل-یشەوە تەنیا لەکوردستان و لەو هەرێمەی مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، خۆی دەبینێتەوە. لەسەر ئەم پرسە و بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی حزبولڵا و حەماس، نەتانیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل خۆی دان بەوەدا دەنێت، کە سوپای ئیسرائیل لە ئاستیاندا دەستەوەستانە و ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار هاوکاری دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین دەکات بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و تەواوی فەلەستین نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حەماس و ئاژاوەیەکی سەرتاپاگیر. بۆیە لەم راستەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتی لۆژیکانەی مسعود بارزانی توانیویانە کۆڵەگە سەرەکییەکەی دەوڵەت دروست بکەنەوە، ئەوا جیهان نەك هەر ناچارە ئەم دەوڵەتە وەك ئەمری واقیع بناسێت، بەڵکو دەبێت هاوکاری بکات بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی بەرەو سەربەخۆیی تەواو بکات.

### ● کوردستان لە قۆناخی دوای سەربەخۆیی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا

کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ کوردستان ئەوەیە، کوردستان بە فەرمی دەوڵەت نییە، بەڵام ئەمری واقیعێك دروست بووە و دەبێت وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەك دەوڵەتی سەربەخۆ سەردانی بکرێت و وەك دەوڵەتی

سەربەخۆش پێشوازی لە سەرۆك و شاندەكانی ئەو هەرێمە بكرێت، كێشەیەكی دیكەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە كوردستان كە كاراكتەری سەرەكییە لە شەڕی دژی داعش لەسەر زەوی ناتواندرێت وەك دەوڵەتی سەربەخۆ بانگهێشتی كۆبوونەوەكانی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان و كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنی ئاسایش بكرێت، ناتوانرێت راستەوخۆ داواكانی لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەكان وەربگرێت و راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتانی بەخشەر بۆ دووبارە رێكخستنەوەی كوردستان مامەڵە بكات، هەروەها لەبەر ئەوەی كوردستان بە فەرمی دەوڵەت نییە، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت راستەوخۆ هاوكاری كوردستان بكات بۆ ئەوەی بەشێوازی دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی كوردستان، پێوەندییەكانی دوای قۆناخی سەربەخۆیی دابڕێژێت، سەبارەت بەم هەموو كێشانە لە راپۆرتی (بونیادنانی دەوڵەت لە كوردستانی عێراق) كۆمەڵێك راسپاردە خراونەتە بەردەم كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كە دەروازەیەك بۆ ئەم كێشانە دەكاتەوە:

١. كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رادەسپێرێت كە لەژێر ناوی (Arria Formula) راستەوخۆ كار لەگەڵ هەرێمی كوردستان بكرێت و هەرێمی كوردستان بانگهێشتی ئەنجومەنی ئاسایش بكرێت و بە شێوەیەكی راستەوخۆ قسەی لەگەڵ بكرێت، سەبارەت بە پلانی هەرێمی كوردستان بۆ دووبارە رێكخستنەوەی كوردستان لە قۆناخی دوای سەربەخۆیی.

٢. كۆمەڵگە نێودەوڵەتی رادەسپێرێت كە هاوكاری هەرێمی كوردستان بن بۆ دیالۆگ لەگەڵ حكومەتی بەغدا، هەروەها لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی توركیا و ئێران، بۆ دیالۆگ و رێككەوتن لەسەر پێوەندییەكانی دوای سەربەخۆیی و پێوەندییە ئابوورییەكانی نێوانیان.

٣. كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رادەسپێرێت چیدیكە دژایەتی كورد نەكەن بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان، لەبەر ئەوەی كورد دەستی كردووە بە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت و باشترە هاوكاری كورد بكەن، بۆ ئەوەی دەوڵەتی كوردستان ببێتە نەوایەكی ئارام و هاوپەیمانێكی سەقامگیر لە شەڕی دژی داعش، هەر لەم راپۆرتەدا ئاماژەی بە قسەیەكی مسرور بارزانی راوێژكاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی كوردستان كردووە كە سەبارەت بە سەربەخۆیی گوتوویەتی: ئەگەر كوردستان دەوڵەتێكی سەربەخۆ بێت، دەتوانێت رۆڵێكی كاریگەرتر لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بگێڕێت، ئەگەر كوردستان دەوڵەت بێت، خۆی دەتوانێت رێككەوتننامە بۆ كرینی ئەو چەكەی پێویستیەتی ئیمزا بكات و بیكڕێت.

٤. كۆمەڵگە نێودەوڵەتی و بەتایبەتی رێكخراوی گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان و ئاژانسەكانی سەر بەو رێكخراوە رادەسپێرێت، بەوەی لەسەر ئاستی مرۆیی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ كوردستان بكەن، ئێستا لە عێراقدا ٨,٢ ملیۆن كەس پێویستییان بە یارمەتی دەستبەجێ هەیە، لەم ژمارەیە ٣ ملیۆنیان دەركراوی ناوخۆیین و زیاتر لە ٢٥٠ هەزاریان ئاوارەن، لەم ژمارەیە بەپێی ئاماری بانكی نێودەوڵەتی ١,٦٠ ملیۆن كەسیان لە كوردستانن، لەم ژمارەیە ١٥٧ هەزار خێزان كە دەكاتە ٩٤٦ هەزار كەس عەرەبی عێراقن كە لەترسی توندوتیژی بەغداو شارەكانی دیكەی عێراقیان بەجێهێشتوو و روویان كردۆتە كوردستان، مەزندەی بانكی نێودەوڵەتی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئاوارانە لەكوردستان ١,٤ ملیار دۆلارە.

بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەم واقیعەی كە هەرێمی كوردستان لەسەر ئەرزی واقیع درووستی كردووە، ئێستا لە ناوەندەكانی بڕیار درووستكردن لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریكا و هەروەها لەسەر ئاستی سیاسەتی هەردوو بەری ئەتڵەسی (ترانس-ئەتڵەنتیك)، قسەكردن لەسەر دەوڵەتی كوردستان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع بۆتە راستییەكی حاشاهەڵنەگر، هەرێمی كوردستان توانیویەتی پشتگیری ئەم لایەنانە بەدەست بهێنێت و هەموویان داوادەكەن هێزی پێشمەرگەی كوردستان پڕچەك بكرێت و پێداویستی سەربازی و دارایی و مرۆیی بۆ هەرێمی كوردستان دابین بكرێت، بەڵام وەك لە راپۆرتەكەی بونیادنانی دەوڵەت لە كوردستانی عێراق راشكاوانە ئاماژەی پێكراوە، لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمەریكا و لە چوارچێوەی سیاسەتی ترانس-ئەتڵەتیك هەماهەنگییەكی هاوبەش نییە بۆ ئەوەی پێكەوە هاوكاری كورد بكەن و پێوەندییەكان و شێوازی مامەڵەكردنی دەوڵەتانی ئیقلیمی و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتی كوردستان لە قۆناخی دوای سەربەخۆیی رێكبخات، لەم روانگەیە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، لە ٢٠١٤ ئەمە چوارەمین جارە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە پێویستە پرۆسەی ریفراندۆم لە تەواوی باشووری كوردستان ئەنجام بدرێت بە كەركووك و تەواوی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمەوە، بۆ ئەوەی ئاكامی ئەم راپرسیە ببێتە زەمینەیەكی لەباری یاسایی و جەماوەری و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی دەوڵەتی كوردستان رابگەیەندرێت و پەیوەندییەكانی دوای قۆناخی سەربەخۆیی دیاری بكات.

**لە سەردەمی حوكمڕانیی نوری مالیكی-دا دەسەڵاتی دادەوەری سەربەخۆ گۆڕا بۆ دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆی حزبی دەعوا و كرایە ئامێرێک بۆ سەركوتكردنی عەرەبی سوننە و درووستكردنی بەندیخانەی نهێنی و رەشبگیری بێ دادگای هاووڵاتیان، هەروەها بەرامبەر بە هەرێمی كوردستانیش، دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری بووە هۆكاری درووستبوونی هێزی دیجلە و پاشانیش بڕینی بودجە و مووچەی هاووڵاتیان و سەرەنجامیش پەككختن و لەبەریەک هەڵوەشانی تەواوی دامەزراوەكانی عێراق**

**ئەو سوپا بەهێز و پڕچەكە مۆدێرنەی بۆ عێراقی نوێ درووستكرابوو، كە تەنیا ئەمەریكا بڕی ٢٥ ملیار دۆلاری تێدا سەرف كردبوو، نەک هەر نەیتوانی یەكپارچەیی عێراق لە بەردەم تیرۆریستانی داعشدا بپارێزێت، بەڵكو خۆی دا بەدەستەوە و بووە سەرچاوەیەكی زۆر باشی پڕچەک كردنی تیرۆریستانی داعش بە چەكی پێشكەوتووی ئەمەریكی و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش**



**باڵیۆز نانسی سۆدەربێرگ**

**سەرۆکی گرووپی ئامادەکردنی راپۆرتی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# سەرۆک بارزانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاندووە و لە ئامادەباشیدایە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم

**گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموو لایەکی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی ناوچەکە پێویستی بەوەیە بە دوای میکانیزمی گونجاو بگەڕێن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن و جۆرێك لە سەقامگیری و ئارامی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، بەڵام پرسیاری گرنك ئەوەیە ئەو میکانیزمە چۆن کێشەکان چارەسەر دەکات و چۆن کاردەکات؟ بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای ناوچەکە و ئایندەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ باڵیۆز نانسی سۆدەربێرك سازدا کە یەکێکە لەو کاراکتەرانەی ئەزموونی زیاتر لە ٣٠ساڵی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە و ئێستاش ڕاستەوخۆ لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان کاردەکات. ئەمەش دەقەکەیەتی.**

*** دەبینین ئێستا ژمارەیەك شەڕکەری ئەوروپی لە سووریا و عێراقن و زۆربەیان گەنجن، چۆن ئەمە لێکدەدرێتەوە؟، ئایا پێتوایە بۆچوونە ئایینییە توندڕەوەکان سەرنجی ڕاکێشاون، یان دەبێت شتی تر هەبێت بۆ تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییە مەترسیدارە؟ هەروەها چۆن ڕۆژئاوا و وڵاتەیەکگرتووەکان بەگشتی بایەخ بە چارەسەری کێشەی داعش دەدەن لە سووریا و عێراق؟**

- پێموایە چەند هەنگاوێکی زیرەکانە هەیە پێویستە بگیرێنە بەر، یەکەمیان ئەوەیە هەواڵگرییەکی زۆر باشتر هەبێت کە بزانێت کێ بۆ کوێ دەڕوات، بەتایبەتی پاش پەلامارەکانی پاریس، بە شێوەیەکی سەرەکی پێویستە ئەورووپا سەیری ئەوە بکات ئەو گەنجانە نەوەی دووەمی کۆچبەرانن، چۆن شکستی هێناوە لەوەی تێکەڵیان بکات و خۆشگوزەرانیان بداتێ و ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم و ترسیان بەرانبەر نەکرێت، هەر خێزانێکی نەوەی یەکەمی کۆچبەران دەیانەوێت پەناگەیەکیان هەبێت و دەرفەتیان هەبێت تێکەڵی کۆمەڵگە بن، ئەمە لە ئەورووپا تۆزێك باشترە، بەڵام لێرە لە ئەمەریکا وا نییە، بزووتنەوەی دژە پەنابەران کێشەکە خراپتر دەکات. بەشێوەیەکی فراوانتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە سەیری ئەوە بکات داعش پەناگەیەکی ئارامی هەیە لە عێراق و سووریا کە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئێمە لەبەر ئەوەی ئامانجیان پەلاماردانی ئەورووپا و وڵاتەیەکگرتووەکان و هەموو جیهانە، بۆیە پێویستە پەلەبکەن لەبارەی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە، بە زیاتر ناردنی هێزی زەمینی بۆ عێراق، و سووریا بە پاڵپشتیکردنی سوپای ئەسەد بۆ گرتنەوەی ناوچەکان و بوونی دووەم چارەسەریش بە ڕێگەی سیاسییە.

*** بەپێی هەندێك لە توێژینەوەکان، هۆکاری ئەوەی بۆچی سعودیە پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی ڕاگەیاند بۆ شەڕکردن لەدژی داعش، ئەوە بووە کە سعودیە بێهیوا بووە لەوەی سەرۆك ئۆباما چارەسەری قەیرانەکانی سووریا و عێراق بکات، بۆیە دەیەوێت مەسەلەکانی ئاسایشی هەرێمایەتی بخاتە دەستی خۆیەوە. ئایا هاوڕای لەگەڵ ئەمە، یان ئایا هۆکارەکانی ئەم هاوپەیمانییە نوێیە چییە و چۆن ئەمە کاردانەوەی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ئەمەریکادا دەبێت؟**

**پرسی ریفراندۆم پرسێکی گرنگە و دەبێت هەوڵەکان بۆ ئەوە بن پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ ئەم ریفراندۆمە و پلانی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنەوەی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەک دیالۆگی لەسەر بکرێت**

**پاڵپشتی ئەوەمان کردووە، بەوەی پێویستە چەکی قورس و پێداویستی زیاتری سەربازی بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**هەمیشە دەتوانرێت پشت بە کورد ببەسترێت و وەک هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوی نزیکی ئەمەریکا لە قەڵەم بدرێت**

**دەبێت کورد شانازی بە شەڕەکانی دژی داعش و سەرکەوتنەکانیان بکەن، هەروەها گرنگە شانازی بە خۆیان بکەن کە لەم شەڕەدا کاریگەری تەواویان هەیە و رۆڵی کاریگەر لە تێکشکاندنی داعش دەگێڕن، ئەمەش وایکردووە کە ئەمەریکا زیاتر پاڵپشتییان بکات**

**لە عێراق و سووریادا ململانێی و کێشە و گرفتی شەڕی نێوان سوننە و شیعە هەیە و هەتا ئەم ناکۆکییە بەردەوام بێت، ئەوا بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و ململانێی نێوان سعودیە و ئێرانیش زیاتر دەبێت**

**پێویستە ئەوروپا سەیری ئەوە بکات ئەو گەنجانە ئەوەی دووەمی کۆچبەرانن، چۆن شکستی هێناوە لەوەی تێکەڵیان بکات و خۆشگوزەرانیان بداتێ و رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم و ترسیان بەرانبەر نەکرێت**

- لەپێشدا با ئەوە بڵێین کە سعودیە دەوڵەتێکی سوننەیە و دان بەو راستییەدا دەنێت کە کێشەی تیرۆریستانی داعش، کێشەی سوننەکانە، بۆیە من وای دەبینم پرسی راگەیاندنی هاوپەیمانییەکی ئیسلامی دژی تیرۆریستانی داعش کەمتر پێوەندی بە ئیدارەی ئۆباماوە هەیە و زیاتر پێوەندی بە پرسی دیکەی وەک سەرکردایەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەیە، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە پێویستە لەناو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جۆرێک یەکگرتن و هاوپەیمانی هەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و ئەوەش کارێکی باشە، بەڵام سەبارەت بەوەی ئەم هەنگاوەی عەرەبستانی سعودیە چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، من بێگومانم لەوەی پرسی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و کەمتەرخەمی ئیدارەی ئۆباما کاریگەری گەورەی لەسەر رای گشتی ئەمەریکا زۆر دەبێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کاندیدی تەقلیدی دیکە بێنە ناو پرۆسەکە و لەسەر ئەم پرسانە کێبڕکێی هەڵبژاردن بکەن، بەڵام ئەگەر پێمانوابێت ئەم جۆرە هەوڵانە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دروست دەکات، بەهیچ جۆرێک کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە دروست ناکات.

*** ئاشکرایە ئێران لەسەر ئاستی ململانێی ئیقلیمی لەناوچەکە کێبەرکێ لەگەڵ سعودیە دەکات و لە هەمانکاتدا بەشێکیش نییە لەو هاوپەیمانییە ئیسلامییەی سعودیە رایگەیاندووە، لەسەر پرسی سووریا و عێراقیش ئێران پشتگیری حکومەتی بەغدا و مانەوەی بەسار ئەسەد دەکات لە سووریا، ئایا تاچەند ئەم هاوپەیمانییە ئیسلامییەی سعودیە رایگەیاندووە دابەشکردنە تائیفییەکان زیاتر دەکات و ناکۆکییەکانی نێوان سعودیە و ئێران قووڵتر دەکاتەوە؟**

- دیارە لە عێراق و سووریادا ململانێی و کێشە و گرفتی شەڕی نێوان سوننە و شیعە هەیە و هەتا ئەم ناکۆکییە بەردەوام بێت، ئەوا بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و ململانێی نێوان سعودیە و ئێرانیش زیاتر دەبێت، کەواتە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ بارودۆخە دابنرێت، ئەوا دەبێت پشت بەو فاکتەرانە ببەسترێت کە دەبنە هۆکاری ئەوەی کێشەکە چارەسەر دەکات، یان چۆن چارەسەری دەکات. بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو هاوپەیمانییە ئیسلامییەی عەرەبستانی سعودیە رایگەیاندووە، دەتوانێت ئەو ئامانجە بەدیبهێنێت کە لە پێناویدا ئەم هاوپەیمانییە پێکهاتووە؟ من کە سەیری هاوکێشە سیاسییەکە دەکەم، پێموانییە ئەم هاوپەیمانییە بتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات، یان دەستێوەردانی ئێرانی کێشەکە چارەسەربکات، لە واقیعدا پرسەکە بەوجۆرەیە کە هەردوو لایان شەڕی بە وەکالەت دەکەن، بۆیە باشترە ئێران بەشدار بێت لەناو ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا دەدرێن.

*** سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە، پاش رزگارکردنی شنگال بە یارمەتی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا و هەروەها ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕ، ئایا تاچەند ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگە بووە هاندەرێک بۆ زیاتر خۆکردنەوەی هاوپەیمانان بۆ تێکشکاندنی یەکجارەکی تیرۆریستانی داعش؟**

- پێش هەموو شت سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بێ وێنەن، بۆیە دەبێت کورد شانازی بە شەڕەکانی دژی داعش و سەرکەوتنەکانیان بکەن، هەروەها گرنگە شانازی بە خۆیان بکەن کە لەم شەڕەدا کاریگەری تەواویان هەیە و رۆڵی کاریگەر لە تێکشکاندنی داعش دەگێڕن، ئەمەش وایکردووە کە ئەمەریکا زیاتر پاڵپشتییان بکات.

*** ئایا پێتوایە کە لەم هاوکێشە تازەیەدا کورد بۆتە هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمەریکا لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێستا کورد ئەو کارەکتەرە سەرەکییەیە کە دەتوانێت لەسەر زەوی بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان، تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، بۆیە بەڵێ هەمیشە دەتوانرێت پشت بە کورد ببەسترێت و وەک هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوی نزیکی ئەمەریکا لە قەڵەم بدرێت.

*** ئەم قسانەی کە زۆر بە دڵنیاییەوە دەیکەیت ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، ئەمەریکا لە هەموو رووییەکەوە باشتر هاوکاری کورد بکات؟**

- بەڵێ من دڵنیام لەوەی دەڵێم، بە راشکاویش پاڵپشتی ئەوەمان کردووە، بەوەی پێویستە چەکی قورس و پێداویستی زیاتری سەربازی بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی گەورەی حکومەتی ئەمەریکادا، پابەندبوونی خۆیان بۆ قسەکانی ئێمە پیشانداوە و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو

چەکەی پێویست بێت، پێویستە بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها لەسەر ئاستی باڵای ئیدارەی ئەمەریکا دان بەوەدا نراوە کە کورد هاوبەشی بەهێزن لەم شەڕەدا و پێویستە دڵنیا بینەوە لەوەی کە دەیانەوێت، لەمەش زیاتر سەرۆک بارزانی چەندین داواکاری کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە بەوەی زیاتر هاوکاری پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێن، لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆکان بەردەوامن.

*** ئێوە لە نزیکەوە کار لەسەر پرسەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەها چەندین راسپاردەشتان هەبووە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئایا ئەگەر بتەوێت راسپاردە بدەیتە هەرێمی کوردستان چیمان پێدەڵێیت؟**

- پێش هەمووشت من وای دەبینم شەڕی داعش شەڕێکی درێژخایەنە و دەبێت کورد ئامادە بێت بۆ ئەم شەڕە درێژخایەنە دژی تیرۆریستانی داعش، بۆ ئەمەش پێویستە لەم شەڕەدا هەماهەنگی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان و هەروەها لەگەڵ هێزەکانی دیکەش لە عێراق و سووریادا بکات، هەموو مەزندەکانیش بەو ئاراستەیەن شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش شەڕێکی قورس دەبێت و هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان لە پێشەوەی سەری رمەکانن و دەبێت ئەمە بەرز بنرخێندرێت. سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و هەنگاو هەڵگرتنیش بۆ سەربەخۆیی، ئاشکرایە سەرۆک بارزانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاندووە و لە ئامادەباشیدایە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام سەرۆک بارزانی دەڵێت: یەکەمجار دەبێت تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنین و ئەوجا راپرسی ئەنجامبدەین، پرسی ریفراندۆم پرسێکی گرنگە و دەبێت هەوڵەکان بۆ ئەوە بن پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ ئەم ریفراندۆمە و پلانی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنەوەی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەك دیالۆگی لەسەر بکرێت، من لەوە دڵنیام سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە لەگەڵ ئەمەریکا راوێژ دەکەن و هەروەها دیالۆگ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لەسەر ئەم پرسە دەکەن، سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمەریکا من پێموایە ئەگەر دەوڵەتانی ناوچەکە بە دیالۆگ لەگەڵ کوردستان رێکبکەون، ئەوا ئەمەریکا سوپاسیان دەکات.

## باڵۆیز نانسی سودەربێرگ لەچەند دێڕێکدا

● ئەزموونی زیاتر لە ٣٠ساڵی لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە.

● لەچوار هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کاری کردووە، ئەوانیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەنجومەنی سەنات، کۆشکی سپی، نەتەوە یەکگرتووەکان.

● یەکێکە لەو دیپلۆماتانەی لەسەرانسەری جیهان کاری بۆ پەرەپێدانی دیموکراتی و چارەسەرکردنی تەنگژەکان کردووە، لەسەر ئەم پرسەش دانپێدانانی نێودەوڵەتی لەسەر هەوڵەکانی بۆ پەرەپێدانی ئاشتی لە ئێرلەندای باکوور پێدراوە.

● راوێژکاری سەرۆك بووە بۆ سیاسەتی دەرەوە بەرامبەر چین و ڤێتنام و ژاپۆن و رووسیا و ئەنگۆلا و دەوڵەتانی بەلکان و هایتی.

● سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری چارەسەری جیهانییە لە کۆمپانیای راوێژکاری نێودەوڵەتی.

● لە زانکۆی نۆرس فلۆریدا بەڕیوەبەری بەڕێوەبەری دیراساتی سەرکردەیە.

● لە ساڵی ٢٠١٢ سەرۆك ئۆباما دەستنیشانی کردووە بۆ سەرۆکی بەرژەوەندی گشتی لەناو بوردی نهێنیدا، هەروەها راوێژکاری ئەو لیژنەیە بووە کە کۆنگرێس دایمەزراندبوو بۆ بەشداری خەڵك لە بڕیاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکادا.

● باڵیۆز نانسی چەندین پۆستی دیکەی لە ئیدارە جیاوازەکانی ئەمەریکا وەرگرتووە، لەوانە لەساڵی ٢٠٠٥ جێگری سەرۆکی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بووە لە نیویۆرك، لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٧یش جێگری یاریدەدەری سەرۆك بووە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی.

● باڵیۆز نانسی سەرۆکی ئەو گرووپەیە کە راپۆرتێکی لەسەر بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق لە سەنتەری مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئامادە کردووە.

هەندرێن محەمەدساڵح

سەرۆکی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بۆ گوڵان:

# باشترە هەردوو پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێکەوە ئەنجام بدرێن

*** وەکو ئاگادارن رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکەجەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆم لەکوردستان ئەنجام بدرێت، ئایا ئێوە وەك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان چۆن سەیری ئەم داوایەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و چۆن ئامادەباشی بۆ دەکەن؟**

- ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی مافێکی رەوای هەموو گەلانە کە راپرسی لەسەر چارەنووسی خۆیان بکەن، ئەوە شتێکی باوە و لە کۆنترین شێوازەکانی دیموکراتیەتی دنیادا ناسراوە و دیموکراتیەتی راستەوخۆیە، سەبارەت بەم پرسەش بۆ ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنی کوردستان پێویستە سەرەتا بە فەرمی داوا لە ئێمە بکرێت بۆ ئەوەی خۆمان بە رێکی بۆ راپرسی ئامادە بکەین و ئەو ماوەیە کورتتر بکەینەوە. ئێمە وەکو کۆمسیۆنی کوردستان شەو دەخەینە سەر رۆژ بۆ ئەوەی لە کورتترین ماوەدا ئەو راپرسییە ئەنجام بدەین. رێکارەکانی ئەم ریفراندۆمەش ئاسانترە، چونکە تۆماری قەوارە سیاسیەکانی تێدا نییە هەروەها تۆماری کاندیدەکانی تێدا نییە و ئەو کەرەستانەی بەکاریش دێن، جیاوازن لە کەرەستەکانی هەڵبژاردن، کاتی خۆی دەمانوت بە ٢٨٠ رۆژ ئەو راپرسییە ئەنجام بدرێت، بەڵام دەکرێت لەوەش کورتتر بکرێتەوە.

*** لەچەندین سەرچاوەوە ئەوەمان پێگەیشتووە کە هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات ئەم پرسە گرنگەی ریفراندۆم بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا ئەنجام بدات، واتا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش هاوکار و هەماهەنگ بێت، تاوەکو دواتر لەگەڵ حکومەتی بەغدا لەسەر ئاکامەکەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە وتووێژ بکرێت، ئایا ئێوە ئامادەباشیتان کردووە، تا ئەم پرسە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق باس بکەن؟**

- لە چوارچێوەیەکی یاساییدا رێکخراوە کە کۆمسیۆنی کوردستان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق هەماهەنگ بێت، لە نێوان هەردوو لاماندا یاداشتێکی هاریکاریکردنمان واژوو کردووە، بۆ پێدان و پوختکردنی لایەنی تەکنیکی تۆماری دەنگدەران، هەروەها بۆ یارمەتیدانی کۆمسیۆنی کوردستان بەپێی ئەو شارەزاییەی کە کۆمسیۆنی باڵا لە بەغدا هەیەتی. لە بەرەنجامدا بەشێك لەو کردارانەی کە کۆمسیۆنی کوردستان ئەنجامی دەدات، کۆمسیۆنی باڵاش لەگەڵماندان.

*** ئێوە تا چەند دەتوانن هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چاودێرانی نێودەوڵەتی بکەن، یا تاچەند زەمینەی کاری ئێوە بەم ئاراستەیەدا پێوەندی گرنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست کردووە؟**

- ئەوەی وەکو کۆمسیۆن لەکاتی هەر پرۆسەیەکی راپرسیدا کە بە ئیشی ئێمەوە گرێدراوە، پێوەندیمان لەگەڵ چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتیدا هەیە، لەوانە

**نییەتی ئەوەمان هەیە چۆنیەتی ئەم دەنگدانە بگۆڕین و بەرەو پێشی بەرین و تۆکمەتری بکەین، وەک ئەوانەی لێبکەین کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان دەڕوات، تا جێگەی دڵنیایی هەموو لایەک بین، کەمترین بودجەشی تێبچێت**



**خەڵکی کوردستان بە ئامانجی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ پرۆسەی ڕاپرسی، بۆ ئەم مەبەستە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی لایەنی سەرەکی و پێوەندیدارە بەو پرسەوە، لەهەمانکاتدا بێجگە لە پرۆسەی ریفراندۆم بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس، پرۆسەیەکی دیکەی ریفراندۆمیش لە ئارادایە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ هەندێن محەمەدساڵح سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە رای خۆی خستەڕوو.**

ڕێکخراوێکی ئەمەریکی کە لە بواری دیموکراتی کار دەکات هەروەها چەندین ڕێکخراو لەگەڵمان کار دەکەن و هەموویان لەو ریفراندۆمەدا ڕاستەوخۆ بوونیان دەبێت. لە هەموو کردارەکانی ڕاپرسی و هەڵبژاردندا ئەم ڕێکخراوانە هاوکارمانن و لەگەڵمان کار دەکەن، بۆ نموونە ڕێکخراوی LCOT ئەمەریکی کە یاداشتی هاریکاریمان لەگەڵ واژوو کردوون، هەروەها ڕێکخراوەکانی UN کە لەگەڵمانن هەم بۆ چاودێری و هەم بۆ ڕاوێژکاری.

*** ئایا فۆرمێکی تایبەتان بۆ ئەو ڕاپرسییە ئامادە کردووە تا هاووڵاتیان لەبەر ڕۆشنایی بژاردەکاندا یەکێکیان هەڵبژێرن؟ ئایا دەکرێت پێمان بڵێن ئەو فۆرمە چۆن ئامادە دەکەن و بژاردەکانی چۆن دەبن؟**

- ئەوەی گرنگە لەم پرۆسەیە و جیاوازە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەیە ناوی کاندید و حزبی تێدا نییە، پرسیارێك و دوو وەڵامی تێدایە بە (بەڵێ و نەخێر) زۆر سادەیە لەبەر ئەوە دیزاینکردن و تێچوونی کەم و ئاسانە لەبەر ئەوە هەمیشە پرۆسەی ریفراندۆم کات و خەرجی کەمتری دەوێت لەچاو هەڵبژاردندا.

*** لە ساڵی ٢٠١٥ چەندین ریفراندۆم لە ئەوروپا ئەنجامدراوە. دیارە هەموویان بۆ پرسی سەربەخۆبوون نەبوون، بەڵام ریفراندۆمەکەی کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا بۆ پرسی سەربەخۆیی بوون. ئایا ئێوە چ ئەزموونێکتان لەو جۆرە ریفراندۆمانە وەرگرتووە تا بۆ سەرخستنی کارەکانی پرۆسەکە پەنا بۆ دەوڵەتانی وەکو بەریتانیا و ئیسپانیاو کەنەدا بەرن؟**

- ئێمە لە بەر ئەوەی لە سەرەتای ساڵی 2015 ـەوە دەست بەکاربووین تا ئێستا وەکو سەردان شاندمان نەناردووە بۆ ئەو دەوڵەتانە، بەڵام لە کاتی خۆی کە لەکۆمسیۆنی فیدراڵیدا بووین سەردانی زۆربەی وڵاتەکانمان کردووە بەکردەنی بینیومانە کە ریفراندۆم کارەکانی زۆر ئاسانترە لە هەڵبژاردن، ئەمە پرۆسەیەکی نیشتمانییە و هەموو کەس هەوڵی بۆ دەدات.

*** بۆ ئەم پێداویستی و کارانە تاچەند بودجە و پارەتان لەبەر دەستدایە تاوەکو هەموو هاووڵاتی و هاونیشتمانییەك بتوانێت بەشداری لە ریفراندۆمەکە بکات؟**

- کارەکانی ئێمە لە سێ تەوەردا کۆدەبنەوە، تەوەری یەکەم هاندانی خەڵکە و دووەمیان چۆنیەتی دەنگدان و دانانی نییەتی دەنگدەر لەسەر کارتی دەنگدان، تەوەری سێیەمیش گەیشتنی دەنگدەرە بە بنکەی ڕاستی خۆی، ئەمانە ئەرکی کۆمسیۆنن کە لەسەر ئەو سێ تەوەرە کارەکانی خۆی ڕێك بخات.

*** ئەو پرۆسە ڕاپرسییەی سەرۆك بارزانی ئاماژەی بۆ دەکات و جەختی لەسەر دەکاتەوە بۆ ئەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپرسییەدا گەلی کوردستان بڕیاری چارەنووسسازی خۆی بدات، هاوکات ڕاپرسیەکی تریش هەیە کە چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دیاری دەکات. ئایا ئەم ڕاپرسییە هەردوو ئەم بوارە لەخۆ دەگرێت، یان یەك پرۆسەیە و خودی ریفراندۆمەکە دەبێتە وەڵام بۆ هەردوو پرسەکە؟**

**لە کاتی خۆی کە لەکۆمسیۆنی فیدراڵیدا بووین سەردانی زۆربەی وڵاتەکانمان کردووە بەکردەنی بینیومانە کە ریفراندۆم کارەکانی زۆر ئاسانترە لە هەڵبژاردن، ئەمە پرۆسەیەکی نیشتمانییە و هەموو کەس هەوڵی بۆ دەدات**

- دەکرێت داوا لەکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی کوردستان بکرێت هەردوو راپرسییەکە بکرێتە یەك راپرسی. لەمبارەیەوە چاوەڕێی ئەو فەرمانە دەکەین بە ئێمە بگات، تا بزانین چۆنە، ئەو کات ئێمە ڕێوشوێنی بۆ دادەنێین تا هەردوو راپرسییەکە لەیەك کاتدا بکرێت، یا ئەوەتا بە جیاواز ئەنجام بدرێت، بەڵام ئێمە پێمان باشترە هەردوو پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و راپرسی لەسەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم پێکەوە ئەنجام بدرێن. هەروەها ئێمە کاری جددی دەکەین بۆ ئەوەی نووسینگە لەو ناوچانەش دابنێین، چونکە تا ئێستا نووسینگەمان لەو شوێنانە نییە، دواتر ئەو داتایانەی کە لە کۆمیسۆنی بەغدا هەیە، بە پێی ئەو یاداشتەی هاریکاری نێوانمان پێمان دەدرێن.

*** ئەو پێداویستی و کەرەسە و شتانە چین تا لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ئەنجامدانی راپرسی وەك کۆمسیۆن پێویستیتان پێی دەبێت؟**

ـ یەکەمیان ئامادەکردنی تۆماری ناوی دەنگدەرانە، هەروەها ئەو کەلوپەلانەی لە ناو بنکەکان بەکاردەهێندرێت وەك سندوق و کەلوپەل ئەوانەش دەستخستنیان ئاسانە، پێویستە ئەوەش بڵێین ئێمە وەك کۆمسیۆنی کوردستان دەمانەوێت مۆدێل و ستایلێکی جیاواز و نوێ پیشان بدەین لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردندا کە زۆر لە ئیجرائات و کارەکانی پێشتر لە بنکەکان دەمانکردن نییەتی ئەوەمان هەیە چۆنیەتی ئەم دەنگدانە بگۆڕین و بەرەو پێشی بەرین و تۆکمەتری بکەین، وەك ئەوانەی لێبکەین کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان دەڕوات، تا جێگەی دڵنیایی هەموو لایەك بین، کەمترین بودجەشی تێبچێت.

*** ئایا لە کوردستان ئەو باڵیۆزخانە و قونسوڵخانانەی کە هەن تا چەند پێوەندیتان پێیان هەیە، وەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یان ئەو ڕێکخراوانەی پێوەندیتان پێوەیان هەیە لە کوردستان چین و چۆن هاریکارتان دەکەن؟**

ـ یونامی لە هەولێر هەیە و پێوەندییان بە ئێمەوە هەیە، جگە لە ڕێکخراوەکانی ئای فس و سی ئۆ تی، هەر زوو دانیشتنێکمان لەگەڵ قونسوڵخانەکانیش کردووە، بۆ دروستکردنی پردی پێوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانە، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی ڕێکخراوەکانی هەڵبژاردن کە لەو وڵاتانە هەیە، هەموویان هاوکارمانن و سەردانی بەردەوامیشمان هەیە، بڕیاریشە لە ڕێی قونسوڵەکانەوە سەردانی چەند وڵاتێك بکەین، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شارەزای زیاتری چۆنیەتی شێوازەکانی هەڵبژاردن ببین.

**پێوەندیمان لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا هەیە، لەوانە ڕێکخراوێکی ئەمەریکی کە لە بواری دیموکراتی کار دەکات هەروەها چەندین ڕێکخراو لەگەڵمان کار دەکەن و هەموویان لەو ریفراندۆمەدا راستەوخۆ بوونیان دەبێت**

**ئێمە وەکو کۆمسیۆنی کوردستان شەو دەخەینە سەر ڕۆژ بۆ ئەوەی لە کورتترین ماوەدا ئەو راپرسییە ئەنجام بدەین. ڕێکارەکانی ئەم ریفراندۆمەش ئاسانترە، چونکە تۆماری قەوارە سیاسیەکانی تێدا نییە هەروەها تۆماری کاندیدەکانی تێدا نییە و ئەو کەرەستانەی بەکاریش دێن، جیاوازن لە کەرەستەکانی هەڵبژاردن**

**مافێکی ڕەوای هەموو گەلانە کە راپرسی لەسەر چارەنووسی خۆیان بکەن، ئەوە شتێکی باوە و لە کۆنترین شێوازەکانی دیموکراتیەتی دنیادا ناسراوە و دیموکراتیەتی راستەوخۆیە**

# ریفراندۆم مافێکە خودا بەگشت گەلانی داوە



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

asidiq1962@yahoo.com

لەم سەدەیەدا کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو بڕیاربەدەستانی جیهان ئەو راستییە بزانن کە کوردقڕانی سەدەی رابردوو وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرای بەوان دایەوە کە سڕینەوەی ناسنامەو زمان و مۆرك و کەلتوری گەلان تاوانێکە و دژ بە ویستی خوا و، پێچەوانەش بە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەوەستێتەوە.

لەم سەدەیەدا دەبێت ئیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بزانێت کە (سایکس پیکۆ) و (لۆزان) چ کارەساتێکیان بە ڕووی ئەم کوردەدا کردەوە؟ پێویستە ئەوەش بزانن کە جینۆسایدی کوردان پەیامێکی توندی بەوان گەیاند کە بەزۆر پێکەوەلکاندنی گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی چەند کارەسات هێنە.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئێمە و، سڕینەوەی گوناهەکانی خۆیان، هەر ئەوەیان لە پێشدایە کە مافی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئێمەش بە ڕەوا بزانن. ئەمڕۆ کاتی ئەوەشە کە ئێمەی کورد خۆمان لە

نێوخۆماندا، لەو راستییە بگەین کە کوردقڕان لەناوبردنی هەمووان بوو، تەنانەت ئەوانەش کە لە بەرەی داگیرکەراندا بە دوای سەلامەتیدا دەگەڕان، چونکە کورد لە دیدی داگیرکەراندا هەمیشە بەرلەوەی (راو بیرو بۆچوون) بێت، (بوون) بووە، بەر لەوەی (ئینتیما) بێت، (وجود)بووە.
ئەمساڵیش (٢٠١٦) کە تێپەڕبوونی (١٠٠) ساڵە بەسەر سەرەتاکانی دابەشکردنی خاکی ناوچەکە و بەخشینەوەی خاکی کوردستانیش بە وڵاتانێکی دروستکراوی ناوچەکە. ئەمرۆ لەم هەل ومەرجە نێودەوڵەتییەی کە ناوچەکەشی گرتۆتەوە، پێویستە وەك سەرەتایەك رێکخراوە تایبەتمەندەکانی پەیوەست بە مەسەلە سیاسیی و نەتەوایەتییەکانەوە کەمپینی جۆراوجۆر رێك بخەن، بە مەبەستی بیرخستنەوەی زلهێزانی جیهان بەو هەڵەو تاوانەی کە پێش سەدەیەك دەرهەق بە ئێمەیان کردو، کوردیان لە دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش کردو، بەم هۆیەشەوە کوردیان تووشی ئەو هەموو کارەساتە کرد لەگشت پارچەکانی کوردستاندا.
وا چاکە ئەمجارەیان هەموومان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی بێینە ئەم مەیدانەوە و هەمووشمان دوور لە جیاوازیی بیر و بۆچوونی سیاسی و حزبی و ئایینی، کۆك بین لەسەر ڕەوایەتیی سەربەخۆیی کوردستان بە ڕەچاوکردنی ئەم راستییانەی لای خوارەوە:
١- لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و بە زۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بە چاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە لە کوردیان روانیوە و، لە پێناوی لاوازکردن و کۆنترۆڵکردن و دواجاریش قڕکردنیدا خۆیان لە بەکارهێنانی هیچ شێوازێکی نایاسایی و نائاسایی و نامرۆڤانە، نەپاراستووە، جا سەردەمێك بە نکۆڵی کردن لە مافە رۆشنبیرییەکانی، سەردەمێکیش بە گۆڕینی ناوی شاروگوندەکانی، سەردەمێکی دیکەش بە بەعەرەبکردن و جارێکیش بە راگوێزانی، جارێکی دیکەش بە سووتماککردنی خاکی، دواجاریش ناپاڵم و کیمیا پیاکردنی و هەوڵدان بۆ کوشتن و لەناوبردن و قڕکردنی لە ژێر ناوی سوورەتێکی قورئانی پیرۆزدا.
٢- لە ڕووانگەی ئەو راستییەی کە جیاوازی ڕەنگ و دەنگەکان نیشانەیەکە لە نیشانەکانی دەسەڵات و توانای خودای گەورە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ سڕینەوەی ناسنامە و زمان و مۆرك و کەلتووری گەلان تاوانێکە و دژ بە ویستی خوایە و خودای گەورە قبووڵی ناکات.
٣- لە ڕووانگەی ئەو راستییەش کە مافی سروشتی و خواپێداوی خۆمانە خاك و نیشتمان و زێدی باو و باپیرانی خۆمانمان خۆش بوێت، بەتایبەت کوردستانی ئێمە، کە خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ شوێنی بەرچاو و هەڵکەوتووی دەکات، وەك خاکێکی پڕ خێر و بەرەکەتی نەبڕاوە کە شایانی ئەوە بوو، ببێتە شوێنی نەجات بوون و لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی و چەق و سەنتەری دیمۆگرافی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی.
٤- لە ڕوانگەی ئەوەی کە پێکەوەژیان و پێکەوەبوونی مرۆڤەکان لە بچووکترین بازنەدا تا پێکەوەبوونی گەلان لەیەك دەوڵەتدا، ئیرادەی ئازاد و قبووڵکردنی سەربەستانەی دەوێت، بۆیە پێویستە ئێمە ئەوە بە جیهان رابگەیەنین کە گەلی کوردستان لە لکاندنی بەم عێراقەوە پرسی راستەقینەی پێنەکراوە، بۆیە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی خۆی و، جۆری ئەو سیستمەش کە ئارەزوومەندانە بۆ خۆی و نەتەوە هاوژیانەکانی هەڵیدەبژێرێت.
٥- بە مەبەستی بەرقەرارکردن و چەسپاندنی ئاشتیی جیهانی و ئیقلیمی، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامەزراوە جیهانییە پێوەندیدارەکان دەکەین کە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری هەڵە کوشندەکەی خۆیان و قەرەبووکردنەوەی گەلانی زیانلێکەوتوو، کە مافی بڕیاردانی ئازادانە و ریفراندۆم و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بەڕەوا بزانن.

**پێویستە وەک سەرەتایەک رێکخراوە تایبەتمەندەکانی پەیوەست بە مەسەلە سیاسیی و نەتەوایەتییەکانەوە کەمپینی جۆراوجۆر رێک بخەن، بە مەبەستی بیرخستنەوەی زلهێزانی جیهان بەو هەڵەو تاوانەی کە پێش سەدەیەک دەرهەق بە ئێمەیان کردو، کوردیان لە دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش کردو، بەم هۆیەشەوە کوردیان تووشی ئەو هەموو کارەساتە کرد لەگشت پارچەکانی کوردستاندا**

# گەشتەکەی سەرۆک بارزانی بۆ عەرەبستانی سعودی و تورکیا

## خوێندنەوەیەکی ستراتیجییانە



د. محمد سید نوری بازیانی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کاك مسعود بارزانی لە سەرەتای ئەم مانگەدا کانوونی یەکەم ٢٠١٦ لەسەر داوای فەرمی هەر یەك لە شانشینی عەرەبی سعودی و کۆماری تورکیا بانگێشت کرا. ئەوەی جێگای سەرەنج بوو، ئەو پێشوازیە گەرمە بوو کە لە بەرێزیان کرا. هەندێك لە توێژەرە ستراتیجیوانەکان بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم پێشوازییە تەنانەت لە زۆرێك لە سەرۆك و پاشاکانیش نەکراوە، بەتایبەت لە شانیشینی عەرەبستانی سعودی. کە لە یەك کاتدا مەلیکی سعودیە و دوو جێنیشینەکەی و وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ و دەزگای باڵای هەواڵگری و زۆربەی خانەوادەی پاشای سعودی وەزیرەکانی دی . تەنانەت هەندێك لە رۆژنامەکانی سعودیەش ئەو وێنەیەیان لە مانشێتی رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردەوە کە پاشای سعودیە دەستی خستۆتە ناو دەستی سەرۆکی هەرێم و شان بەشانیەوە بەرەو کۆشکی پاشایەتی دەڕۆن. هەروەها ئەو پێشوازییەی لەلایەن دکتۆر ئەحمەد داوود ئۆغلو-ی سەرکوەزیرانی کۆماری تورکیا و دانانی ئاڵای کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تورکیا شان بەشانی ئاڵای تورکیا و پاشان ئەو پێشوازییە گەرمەی لە کۆشکی کۆماری لەلایەن سەرۆك کۆماری تورکیاوە رەجەب تەیب ئۆردوغان. پێشوازی لەو جۆرە، مەگەر لە سەرۆك دەوڵەتان کرابێت.

ئەم هەموو گرم و گوڕییە لە پێشوازی مسعود بارزانی دەلالەت و مەغزای ستراتیجی گەورەی هەیە، دەتوانین لە چەند تەوەرەیەکدا ئاماژەی بۆ بکەین:

رەهەندی یەکەم: کەسایەتی بارزانی و پێگەی کورد و کوردستان و پێشمەرگە زۆر گەورە بووە، تەنانەت زۆرێکی زۆر لە سەرۆکی وڵاتانی دونیا ئارەزوومەندن پێشوازی فەرمی لە سەرۆکی کوردستان و شاندەکانی پێشمەرگە بکەن و بە چاوی رێزەوە تەماشایان بکەن، لە کاتێکدا زۆر جار ئەو وڵاتانە بە پێشمەرگەیان دەوت «عصات . متمردین. میلیشیات»! بەڵام ئێستا بە چاوی گەورەیی تەماشا دەکرێن و فەرماندەی گشتی پێشمەرگەش وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەهۆی ئەو بەرخودان و موقاوەمەییەی کە بەرامبەر تیرۆر و تێرۆریستان نواندیان و بەرگرییان لە خاك و نامووس و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان کرد و گیانی خۆیان کردە قوربانی.

رەهەندی دووەم: ئەو سەردانانە ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرەی بۆ هەموان سەلماند کە پێگەی کورد لە ناوچەکەدا گرنگیی ستراتیجی خۆی هەیە، بەتایبەت لە بواری کانزا سروشتییەکان (نەوت وگازی شل)،



که له داهاتووی ئۆپکدا ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت و دەبێتە بەدیلی ڕووسیا بۆ هەناردەکردنی غازی شل بۆ تورکیا، وەك خەبیر و پسپۆڕەکانی نەوت و غاز ئاماژە بەوە دەکەن کوردستان لە سەر دەریایەکە لە نەوت و گاز.

ڕەهەندی سێیەم: تورکیا و سعودیە مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ کوردستاندا دەکەن، نەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەمیان: کوردستان ئێستا جێگای حەوانەوەی نزیکەی دوو ملیۆن سوننەی عێراقە کە ڕزگاریان بووە لە سەربڕین و ئابڕووبردن لەلایەن داعش و میلیشیا شیعەکان و حەشدی شەعبی کە دەیانەوێت ناسنامەی سوننە لە عێراق بسڕنەوە، بەس سەرکردایەتی بارزانی لەم قۆناغەدا ڕزگاری کردن. جا دەوڵەتە سوننەکان خۆیان بە قەرداری کورد دەزانن. بەتایبەت عەرەبستانی سعودی و مەلیکەکەی، ئەوەش بە ئاشکرا دەرکەوت لە کاتی گەشتەکەی بارزانی.

دووەمیان: کورد لە مێژووی ئیسلامدا ڕۆڵی مەزنی بینیوە بە تایبەت لە سەردەمی (صلاح الدین ئەیوبی) دا لە وڵاتی میسر بە هۆی پاڵەوانەتی و جوامێرییەوە دانیشتووانی میسر کە زۆریان لەسەر مەزهەبی شیعە بوون، بە تایبەت فاتمییەکان و مەزهەبی خۆیان گۆڕی بە ئەهلی سوننە و جەماعە. ئەم مێژووە وایکردووە ئێستا عەرەبستانی سعودی و تورکیا، کورد بە سەنگەری یەکەم لێك دەدەنەوە لە بەرامبەر مەدی شیعە لە ناوچەکە و سوپەری یەکەم، بە پێچەوانەوە زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی شیعە لە ئێران و عێراق کاردانەویان گاڵتە و گەمەکردنە بە جلی و بەرگی کوردی و سەرۆکەکەی کە لە توانیاندا نەماوە ئەو حقد و کینەیە بشارنەوە.

ڕەهەندی چوارەم: پاش ئەم سەردانانەی کاك مسعود بارزانی وەك هاوپەیمانی سەربازیی دەوڵەتە ئیسلامییەکان ئاشکرا کرا، سەنتەری ئەم هاوپەیمانییەش لە ریاز-ی پایتەختی عەرەبستانی سعودی دەبێت و ٣٤ دەوڵەت بە فەرمی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم هاوپەیمانییە ڕاگەیاندووە، کە هێزی ماددی و بەشەری و سەربازی زۆریان هەیە. ئەکید لە سەردانەکەی بارزانی-دا باسی ئەم هاوپەیمانییەش کراوە کە دژ بە تیرۆرە. چونکە ئێستا پێگەی هەریم بۆ دژایەتی تیرۆر لە هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکە زیاترە. بۆیە مورەشەحە دەورێکی کاریگەر ببینێت لەم هاوپەیمانییە و شوێن عێراقی شیعی و سوننە بگرێتەوە.

**پاش ئەم سەردانانەی کاك مسعود بارزانی وەك هاوپەیمانی سەربازیی دەوڵەتە ئیسلامییەکان ئاشکرا کرا، سەنتەری ئەم هاوپەیمانییەش لە ریاز-ی پایتەختی عەرەبستانی سعودی دەبێت و ٣٤ دەوڵەت بە فەرمی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم هاوپەیمانییە ڕاگەیاندووە**

# پێشینەو میکانیزمی توندوتیژی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

## نموونەی ئەنسارولئیسلام و بزووتنەوەی گۆڕان

بەشی سێیەم



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

**● بەرهەمهێنانی توندڕەوی**

هاندان بۆ توندوتیژی و خۆپیشاندان و سووتاندنی دامودەزگە ئابوورییەکانی خەڵك، کە لە بەنزینخانەکانەوە دەستیپێکرد، کۆتا کاری نەوشیروان نەبوو، بەڵکو کاری تایبەتی لە هەڵەبجە و گەرمیان کرد. ئەوە بوو لەو شەش ساڵەدا هیچ پارە و سامانێك بۆ هەڵەبجە تەرخان نەکرێ، زۆرترین هانی خەڵکی هەڵەبجەش بدرێ. ئێمە تەنگوچەڵەمەی هەڵەبجەمان لە ٢٠٠٣وە تا ٢٠١٠ لەبەرچاوە، کە چۆن ساڵانە لەیادی بۆردومانی هەڵەبجەدا، گەنجانی ئەو شارە پەلاماری دامودەزگەی حزبی و دەزگاکانی ئابووری و حکومیان دەدا. لە کۆتاییشدا هاندران تا پەلاماری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بدەن، کە رەمز و نمای بەشخوراوی و کارەسات و فیداکاری میللەتی کوردە، سووتاندیان. ئامانجێکی یەکجار زۆر هەیە لە هاندانی گەنجان، بۆ سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە. ئەو مۆنۆمێنتە کاریگەرییەکی رۆحیی زۆری بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەوە هەبوو، کاتێك بە بەرچاوی کامیراکانەوە گەنجان سووتاندیان، بەو کردەوەیە نەوشیروان جیلێکی دروست کرد کە هیچ شتێکی ئەم وڵاتەی بەلاوە گرنگ نییە و بایەخی پێ نادات. هیچ تەعریفێکی بۆ خواستەکانی خۆی نییە، هیچ بیروباوەڕێکی بەلاوە گرنگ نییە و ئامادەش نییە وەری بگرێ، لە راستیشدا نەیدراوەتێ و پەروەردەش نەکراوە. تەنیا ئامانجی رشتنی رق و کینەیە، ئەم رق و کینەیەش لە کۆمەڵگەیەك کە ئەنفال کراوە زۆر بە قووڵی هەبوو.

نەوشیروان مەحرووم‌ترین شار و ناوچەی کوردستان، بریندارترین شاریش کە هەڵەبجەیە بەکاریهێنا، بۆ ئەوەی نموونە کارگاییەکەی خۆی، بۆ دروستکردنی کەسانی توندڕۆ، لەوێدا بەرهەم بهێنێ. لە راستیدا رووخاندن و سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، کۆتایی ئەو پرۆڤەیە بوو کە نەوشیروان بە جیلی ناڕازی لە ناوچەی سلێمانی دەکرد. ئیدی بۆ ئامانجی دواتری خۆی، ئامادەی کردن.

من ئەو ئامادەکردنەی نەوشیروان، بە نموونەیەکی تر دێنمەوە. لە ناو ئیسلامییەکاندا، کاتێك کە

توندوتیژیی و کوشتنی مرۆڤ بوو بە کارێکی ئاسایی، ئێمە دیاردەی ڕێکخراوەکەی شێخ زانامان لەبەر چاوە. شێخ زانا ڕاهێنانی لایەنگرانی گەنجی خۆی، بە سەربڕین و کەوڵکردنی مەڕ و بزن دەستپێکرد. ئەو کارەی بەو مەبەستە پێدەکردن، وەك خۆی دوای دەستگیرکردنی ددانی پێدانا، تا لە ئایندەدا خەڵکی سیاسی و نارەزا بدزن و بیهێنن و بە هەمان شێوە سەری ببڕن و پارچە پارچەی بکەن و فڕێی بدەن. لە قۆناخی دووەمدا ئەو کارەیان بە دزینی منداڵ دەست پێکرد. منداڵیان وەك مەڕ سەردەبڕی. ئینجا بە دزینی گەنجی تەمەن دیاریکراو و سەرەتایی، پاشان بە دزینی پیرەمێرد و پیرێژن، سەرەنجام کوشتنی خەڵکی دیکەیان ئەنجامدا. شێخ زانا کاتێك ئەو پڕۆڤەیەی بە گەنجەکانی لایەنگری خۆی دەکرد، بۆ ئەوەی بوو لە کاتی خۆیدا، لە کوردستاندا کوشت و کوشتارێکی داعش ئاسایان پێ دەستپێبکات. ئێستا شێوازەکانی داعش، کوشتنەکانی داعش، ڕەفتارەکانی داعش دەبینین و فتواکانی ئەخلاقی و دینی داعش دەبیستین، تێدەگەین کە شێخ زانا دیاردەیەك بوو لەو دیاردانەی کە داعشی ئێستای لێ دروست بووە. بۆ نموونە شێخ زانا لایەنگرانی خۆی دەبردە سەیران و لە بەردەمی کامێرا کردەی سێکسی لەگەڵ یەکتر پێ دەکردن، پاشان فتوای بۆ دەدان کە لە ڕووی شەرعییەوە ئەمە ڕاستە و پەسەندە. ئامانجی لەو کردارە لادەرییانە ئەوە بوو تا کەسانی ڕووخاو لە بندەستی خۆی دروست بکات، کە لە هیچ فەرمانپێکردنێك، بۆ هیچ تاوان و خراپەکارییەك نەسڵەمێنەوە. لێرە دەوەستم.

هەمان شێوازی دروستکردنی کادیر، لە بوارێکی دیکەی توندوتیژی کۆمەڵایەتیدا، نەوشیروان مستەفا دەیویست دروستی بکات. ئەو پرۆسەیەی کە باسم کرد، لە ٢٠٠٣وە خۆپیشاندانەکان و بەردباران کردن و جنێودان و ناو و ناتۆرە دروستکردن، پاشان سووتاندنی بەنزینخانە و چێشتخانەکان، دوای ئەوانەش سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، ئەوە ئایدیای نەوشیروان، لە قۆناخی پڕۆڤە و دروستکردن بوو. ئیتر ئێستا ئەو ژمارەیەك کادیری هەیە کە لە هیچ تاوانێك ناسڵەمێنەوە و بۆ توندوتیژی سیاسی ئامادەکراون.

دوای کەرتبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ٢٠٠٨، بزووتنەوەی گۆڕان دەستی پێکرد. نەوشیروان مستەفاش بە ئاشکرا حزبێکی ڕاگەیاند کە ئێستا مایەی پشێوی و کێشەیە بۆ بزووتنەوەی سیاسی و ئیداری و فکری لە هەرێمی کوردستاندا.

### ● بەکارهێنانی میدیا
### وەك چەکی تۆقاندن و ڕوخاندنی کۆمەڵگە

قۆناخێکی دیکەی دوای دروستبوونی گۆڕان، بەکارهێنانی میدیایە وەك چەکی تۆقاندن و ڕوخاندنی کۆمەڵگە. ئازادی ڕاگەیاندن وەك ئەو تەعریفەی بۆ گەنجان کراوە کە بریتییە لە موبالەغە کردن و سنوور نەهێشتن بۆ جموجۆڵی گەنج، لە ڕاگەیاندنیشدا نەوشیروان هەمان کاری کرد. ژمارەیەکی زۆر لەو کادیرانەی کە خۆی دروستی کردبوون، شەو و ڕۆژ خەریکی گوتن و نووسین بوون، بە شێوەی زۆر سادە، بۆ ئەوەی لە خەڵك بگەیەنن کە ڕاگەیاندن، یان میدیا هیچ سنوورێکی بۆ ئازادی ڕادەربڕین نییە. کەسێکیش کە دەنووسێ لە هەموو شتێك پارێزراوە. بەمەش پشێوییەکیان لەناو ڕاگەیاندنی کوردستاندا دروست کرد، کە هەر یەکێك لەم توندڕەوانەی لەناو بزووتنەوەکەیدا، یان لە شارەکانی دیکە هەبوون، دەیگرتنەوە و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دایدەنان و دەیکردن بە بڵندگۆی دروستکردنی ئەو جموجۆڵە کۆمەڵایەتییە سیاسییە توندەی کە هەیە.

لە دوازدە ساڵی ڕابردوودا، میدیا لە کوردستان زۆرترین ئازاری کۆمەڵگەکەی خۆی داوە، زۆرترین پشێوی تێدا ناوەتەوە. هەربۆیەش ئێستا زۆر بە زەحمەت دەکرێ ئەو چەمکانە لاببرێن، کە لەناو جیلی نوێی خوێندەواردا چەسپاون، ئەویش چەمکی ئازادی بێ بەندوبار، پەلاماردان، بەکارهێنانی سووکایەتی، پەلاماردانی ژیانی شەخسی، لە هەمانکاتدا دروستکردنی فشاری دەروونی ڕووخێنەر لەسەر کۆمەڵگە و لەسەر کەسەکەش. لە ڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، میدیا یەکێك لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێمەیە، چونکە دەوری خۆی نابینێ.

نەوشیروان وەك خاوەنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی سیاسی، بووە مونافیسی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر. لەو پێناوەدا میدیای بە شێوەی خۆی بەکارهێنا. حیزبەکانی دیکەیش بۆ بەرەنگاربوونەوە، ناچار بە لاسایی و کۆپیکردنی شێوازی نەوشیروان بوون، کە لە ڕاستیدا زەرەری پێیان دەگەیاند. دەکرێ لەم ڕووەشەوە نموونەی زۆر بێنینەوە:

نەوشیروان دوای تەواوبوونی قۆناخی ریفۆرم کە قۆناخی فێرکاری و دروستکردنی لایەنگرانی خۆی

**گۆڕان دوای ئەوەی لە ٢٠١٥ دەنگێکی باشی بەدەستهێنا و پێگەی حزبی دووەمی وەرگرت، ویستی بە توندوتیژی لە سلێمانی دامودەزگەی حکوومەت وەرگرێ. لە پارێزگارەوە دەستیپێکرد تا دەگاتە بەڕێوەبەری شارەکانی تر. یەکێتی نیشتمانی بەو مێژووی کە هەیەتی، بە هەبوونی هێزی عەسکەری و ئەمنی و ماڵیی لە بەرانبەر گۆڕان ڕاوەستا و سەرکردایەتی ناوچەکەیان ڕادەست نەکردن**

**بۆچی لە ١٧ شوبات زیاتر لە دوو مانگ خەڵک لە مەیدانی سەرا مانەوە و پێیان وابوو کردوویانە بە مەیدانی تەحریری قاهیرە؟ ئەوان ئامادەکرابوون و پێیان وابوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی و پارتی وەردەگرنەوە. ڤیدیۆکانی ئەوکات ماون، هەمووماں لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەوسا ژیاوین، وتارەکانیان زۆر شەعبەوی و پۆپۆلیستی بوون، هیچ پڕۆژەیەکیان تێدا نەبوو**

**نەوشیروان ژمارەیەک ناوی هێنان، کە کاتێک لە میدیا قسەیان دەکرد و دەیاننووسی، هانی گەنجەکانیان دەدا کە بە فراوانی بچن نووسینەکانیان بخوێننەوە و سرە بگرن بۆ کتێبەکانیان، وێنەیان بڵاوبکەنەوە. لە راستیدا نەوشیروان ئەم کەسانەی کرد بە نوما بۆ تیرۆری فکری، بۆ گۆڕینی فکری و بەتاڵکردنەوەی فکری، بەڵام دوای ئەوە هیچ شتێک جیا لە پشێوی لەجێی نەچێندرا**

**لە دوازدە ساڵی رابردوودا، میدیا لە کوردستان زۆرترین ئازاری کۆمەڵگەکە خۆی داوە، زۆرترین پشێوی تێدا ناوەتەوە. هەربۆیەش ئێستا زۆر بە زەحمەت دەکرێ ئەو چەمکانە لاببرێن، کە لەناو جیلی نوێی خوێندەواردا چەسپاون**

بوو و ئێستا بزووتنەوەی گۆڕانە، لەناو میدیادا ژمارەیەك شەخسییەتی دروستکراوی دەستی خۆی، وەك موفەكر، یان بیردۆز، رۆشنبیری گەورە، رۆژنامەنووسی گەورە و كاریگەر بە خەڵك دەناساندن، كە لە راستیدا خەڵكانی سادەی زۆربڵێی نەخوێندەوار بوون. نەوشیروان لەسەر شێوازی حیزبە توندڕۆكانی مێژووی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی توندڕۆدا، پێویستی بەوە بوو كە چەند بیردۆزێك، واتە چەند تیئۆرسیەنێك دروست بكات. لەو بیردۆزانەی كە لە حزبەكانی توندڕۆی ئایدیۆلۆژیی كۆندا، بە بڕیاری حزبی دروست دەكران. مێژوو نیشانی داوە دوای لادانی ئەو حزب و حكوومەتە توندڕۆیانە، هیچ ئاسەوارێك لەو بیردۆز و رۆژنامەنووسە بەناوبانگانەی ئەوكاتە نەما.

نەوشیروان ژمارەیەك ناوی هێنان، كە كاتێك لە میدیا قسەیان دەكرد و دەیاننوسی، هانی گەنجەكانیان دەدا كە بە فراوانی بچن نووسینەكانیان بخوێننەوە و سرە بگرن بۆ كتێبەكانیان، وێنەیان بڵاوبكەنەوە. لە راستیدا نەوشیروان ئەم كەسانەی كرد بە نوما بۆ تیرۆری فكری، بۆ گۆڕینی فكری و بەتاڵكردنەوەی فكری، بەڵام دوای ئەوە هیچ شتێك جیا لە پشێوی لەجێی نەچێندرا.

## ● بەكارهێنانی رێكخراوەكانی بیانی

داشۆرین لە وتارەكانی ئەو ژمارە نووسەرەی كە ئەو دروستی كردبوون، رێك لەسەر شێوازی «كوردستان پۆست» گواسترایەوە بۆ بوارەكانی دیكەی بیركردنەوە لەسەر حكوومەت و پەرلەمان و رێكخستنی كۆمەڵایەتی. لەم بارودۆخەدا، نەوشیروان مستەفا هەوڵی دەدا كە مافی مرۆڤ (مافی ئافرەتان و گەنجان و ئازادی بیروڕا دەربڕین لە ناو مافی مرۆڤدا) بكات بە هەدەفی خۆی. لەم رێگەیەشەوە هەوڵیدا دزە بكاتە ناو رێكخراوەكانی بیانی كە چاودێری كوردستانیان دەكرد. بۆ ئەوەی لە راپۆرتەكانی خۆیاندا ئەم رێكخراوانە تەئیدێك بۆ جموجۆڵی نەوشیروان بكەن. لە راستیدا نەوشیروان توانی ئەم كارە بكات، بۆیە بەشێكی زۆر لە راپۆرتەكانی رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و یۆنامی لە ناوچەكەدا، لە دە ساڵی دواییدا پڕبوون لە ناڕاستی و دزەكردنی كەسانی كە نەوشیروان چاندبوونی لە نێویاندا. ئێستا تەقریبەن كۆتایی بەم دیاردەیە هاتووە. واتە دیاردەی بەكارهێنانی رێكخراوەكانی بیانی بۆ توندوتیژی ناوخۆ.

## ● دروستكردنی فشاری دەروونی لە سەر كۆمەڵگە

ئەگەر ئێمە شێوازی داشۆرین لە راگەیاندنەكان، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و نووسینی ئەو كەسانەی كە نەوشیروان وەك موفەكیر پیشانی داون، دەست نیشان بكەین، سەرەنجامەكەی گەیشتە ئەوحاڵەتە كە لایەنگرانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نەوشیروان مستەفا، لە گەنجان و تەمەنی ناوەڕاستدا، بریتین لە كەسانێك كە بە هیچ رازی نابن، هیچ روانگەیەكیان لا نییە، هەموو كەس لای ئەوان گەندەڵە، هەموو كەس پیسە و قابیلی لەناوبردنە، نەك هەر لادان، ئامادەن پەلاماری دامودەزگاكانی حزبی بدەن، ئامادەن پەلاماری ماڵیان و خۆشیان بدەن. ئەمانەمان لە كردەوەدا بینی. ئەم كەسانە وا فێركراون كە هەرچی بەدەمیاندا بێت، بیڵێن، هەرچی بیانەوێ بینووسن و بەبێ دەربەستی پەلاماری هەموو كەسێك و چەمكێك و باوەڕێك لە وڵاتدا بدەن. ئەوە بە شەرتێك یەك ئامانج بپێكێ، ئەویش؛ شكاندنی لایەنی بەرانبەر»ـە و هیچی تر نا.

ئەو پڕۆگرامە داڕێژراوەی نەوشیروان وای كردووە كە بەهاكانی كۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمە سووك بكرێن و ئەو قیمەتەی جارانیان نەمێنێت، بەهای نوێ دروست نەبێت. بۆیە ئەوەی ئێستا دەیبینین بەرهەمی فكری و میدیایی و سیاسیی نەوشیروان مستەفایە بۆ تێكەدانی كۆمەڵایەتی، لەبار بردنی متمانە و بەكارهێنانی فشاری دەروونییە لەسەر كەسەكان. سەرئەنجام دروستكردنی فشارێكی دەروونییە لەسەر كۆمەڵگە بەگشتی.

ئەم چەمكانەی كە لە راگەیاندنی ئێستادا دەبیسترێن، ترۆپكی راگەیاندنی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتییە كە نەوشیروان سەركردایەتی دەكات. ئەمەش لە بیروباوەڕێكی فكری و سیاسیی دیاریكراودا نییە، واتە لە رووی فكری و سیاسییەوە پرۆژەیان نییە قسەی لەسەر بكەن، بەڵكو تەنیا معارەزە، نەیاریی، تۆمەتباركردن و جنێودان و داشۆرینە. لە جنێودان و داشۆرینیشدا چەمكی داشۆرینی جادە بەكار دێنن، لەكاتی گفتوگۆ و كۆمێنت نووسیندا، كاتێك لە میتینگێك، یان هەر بوارێكی تر كە لە هۆڵێكدا پێشكەش دەكرێت، یان لە هۆڵێكدا دایالۆگێك هەبێت، دەبێت تۆ چاوەڕێ بیت گەنج هەڵدەستن، یان دەنووسن، یان تەلەفۆن دەكەن، كە لەوێدا وشەی (گان) بەكاردێنن واتە سێكس، بەمانە پەلاماری قسەكەر دەدەن، دایكی، یان باوكی، یان ئەژدادی دەخەنە بەر پەلاماری جنێوەكان.

دووەمین چەمکێ کە بەکاری دەهێنن، چەمکی «گوو»ـە کە بە زۆرترین شێواز و بە هەرکەسێك بیر و باوەڕێکی تایبەتی هەبێ، یان قسەیەك بکات و هەڵوێستێکی هەبێت، یان شتێك بنووسێ، لە قسە و لە نووسیندا چەمکی «گوو» بە زۆر ترین شێوە بەکاردێن. ئینجا کۆیلە، واتە تۆ عەبدی. ئینجا رابردووی سیاسی قسەکار، لە رابردووی سیاسیشدا تەنیا دوو حزب بەکار دێن، یەکیان: تۆ شیوعی بووی و ئێستاش شیوعیت، دووەمیان دەڵێن: تۆ پارتیت. ئەگەر ئەم دووانە بووبێت ئەوە تۆ کۆیلەیت، بۆیە مستەحەقی هەردوو جنێوی پێشووی. هەگبە یان خانەی داشۆرینی کۆمەڵایەتی، کە ئێستا بە فراوانترین شێوە گەنجانی گۆڕانخواز بەکاریدێنن، لەم پۆلینەی من باسم کرد، تێناپەڕێت. بۆیە کاتێك خۆپیشاندان دەکەن، کە دەتەوێ گوێ بۆ دەربڕینیان بگری، هیچ ئامانجێکت گوێ لێ نابێ، تەنیا ئەم جنێوانەی کە من ئیشارەتم پێدان. هەروەها بەرد هاویشتن و سووتاندن دەبینی.

لە ساڵی ٢٠١١دا نەوشیروان مستەفا، لە ١٧ی شوباتدا تەنگوچەڵەمەی نوێی راگەیاند. ئەم جیلەی کە بەو چەمك و پەروەردەیەی ئەو ئامادەی کردبوون، ویستی بەکاریان بێنێت. لە پارێزگای سلێمانیدا پەلاماری دامودەزگاکانی حکوومەتیان دا، لە رۆژی یەکەم و دواتر پەلاماری پارتی دیموکراتی کوردستانیان دا، دەستیان کرد بە سووتاندنی بارەگاکانی ئەو حزبە، جەماوەریان هاندا تا بچنە سەر بارەگاکانی و بیانسووتێنن و خەڵکانی ناو بارەگاکانیش بکوژن. لە ئەنجامی ئەم هاندانەدا ژمارەیەك خەڵك کوژران و زۆر لە بارەگاکانیش سووتێندران، هەندێکیشیان چۆڵ کران. بۆچی لە ١٧ شوبات زیاتر لە دوو مانگ خەڵك لە مەیدانی سەرا مانەوە و پێیان وابوو کردوویانە بە مەیدانی تەحریری قاهیرە؟ ئەوان ئامادەکرابوون و پێیان وابوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی و پارتی وەردەگرنەوە. ڤیدیۆکانی ئەوکات ماون، هەموومان لەگەڵ رووداوەکانی ئەوسا ژیاوین، وتارەکانیان زۆر شەعبەوی و پۆپۆلیستی بوون، هیچ پرۆژەیەکیان تێدا نەبوو، تەنیا هاندانی خەڵك بوو! لەو کاتەدا هەردوو حزبی ئیسلامی کوردستان؛ یەکگرتوو و کۆمەڵ، چوونە پاڵ بزووتنەوەی گۆڕان. لە راستیدا چوونە پاڵێکی هەلپەرستانە بوو، واتە پێیان وابوو کە ئیتر وەك چۆن ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی چوونە پاڵ عەلمانییەکان و حکوومەتیان رووخاند، ئێستا لە سلێمانیشدا هەمان شت روودەداتەوە. ئەم شێوازە تا ٢٠١١ بە فراوانی لە فەیسبووك، یوتیوب، تەلەفزیۆن و رۆژنامەکاندا بەکار دەهێندرا. ئێستا یوتیوب بەکاردەهێندرێ بۆ نیشاندانی ئەو پارچە ڤیدیۆیانەی کە ئەوان دەستکارییان کردووە، یان بۆ دارشتنی جنێو، یان داشۆرینی کەسێك. گەنجێك، یان پیرەمێردێك دێنن لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، بە بێ پەند و پێناو جنێو دەهۆنێتەوە بۆ سەرکردەیەك، یان بۆ حزبێك و بۆ کەسێك. دوایی دێن لە یوتیوب دایدەنێن، ئینجا لە فەیسبووك و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا بە فراوانی نیشانی خەڵکی دەدەن. ئەمە شێوەیەکی زۆر تۆقێنەری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ لێدانی سیاسی و بۆ بەگژ یەکداکردنی خەڵك.

تەعریفی حزبی گۆڕان بریتییە لەو بزووتنەوە توندوتیژەی کە لەسەر ئەم چەمك و ئەم پەروەردەیەی کە ئاماژەم پێکرد دامەزراوە. ئەم حزبە هیچ روانگەیەکی دیاریکراوی نییە بۆ چاکسازی، هیچ مۆدێلەکی حکوومەتیی قەبووڵ نییە. هەندێ جار کە ناچار دەبێ، مۆدێلەکانی خۆی پێشکەش بکات، دووفاقییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە: ئەم دواییانە بە پێچەوانەی هەموو دنیا، دەیگوت ئەگەر سەرۆك لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ، دەبێ کەمترین دەستەڵاتی هەبێ. ئەگەر لەناو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، دەبێ زۆرترین دەستەڵاتی هەبێ. لە کاتێکدا لە هەموو دنیا و بە یاسا سەرۆکێك گەل هەڵیببژێرێ دەبێ دەستەڵاتی زۆر هەبێ. لە هەمان کاتدا سەرۆکێك لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ کە تەشریفاتی بێت. ئەمە یەکێك لە بیرناکۆکەکانی ئەم دواییەی حزبی گۆڕانە.

گۆڕان دوای ئەوەی لە ٢٠١٥ دەنگێکی باشی بەدەستهێنا و پێگەی حزبی دووەمی وەرگرت، ویستی بە توندوتیژی لە سلێمانی دامودەزگەی حکوومەت وەرگرێ. لە پارێزگارەوە دەستیپێکرد تا دەگاتە بەڕێوەبەری شارەکانی تر. یەکێتی نیشتمانی بەو مێژووی کە هەیەتی، بە هەبوونی هێزی عەسکەری و ئەمنی و ماڵیی لە بەرانبەر گۆڕان راوەستا و سەرکردایەتی ناوچەکەیان رادەست نەکردن. سەرەنجام هەردوو لایەن پێکهاتن کە گۆڕان لە ناوچەی سلێمانیدا دەوری حزبی دووەم ببینێ. لە ساڵی ٢٠١٤ دا، دوای هاتنی داعش و دروستبوونی کابینەی بنکەفراوانی حکوومەت، کە لە هەموو حزبەکانی ناو پەرلەمان پێکهات، گۆڕان پێگەیەکی فراوانی لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقی پێدرا، لە حکوومەتی کوردستانیش بەهەمان شێوە.

**نەوشیروان مەحروومترین شار و ناوچەی کوردستان، بریندارترین شاریش کە هەڵەبجەیە بەکاریهێنا، بۆ ئەوەی نموونە کارگاییەکەی خۆی، بۆ دروستکردنی کەسانی توندڕۆ، لەوێدا بەرهەم بهێنێ. لە راستیدا رووخاندن و سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، کۆتایی ئەو پرۆڤەیە بوو کە نەوشیروان بە جیلی ناڕازی لە ناوچەی سلێمانی دەکرد. ئیدی بۆ ئامانجی دواتری خۆی، ئامادەی کردن**

**ئێستا شێوازەکانی داعش، کوشتنەکانی داعش، رەفتارەکانی داعش دەبینین و فتواکانی ئەخلاقی و دینی داعش دەبیستین، تێدەگەین کە شێخ زانا دیاردەیەک بوو لەو دیاردانەی کە داعشی ئێستای لێ دروست بووە**

# کاریگەری خراپی ئایدیۆلۆژیەتی توندڕەو ئایندەی لاوان بەرەو هەڵدێر دەبات

## هالیمو سولەیمان شاوری

پسپۆڕ لە ئایدیۆلۆژیەتی توندڕەوی بۆ گوڵان:



**ئێمە تەنگوچەڵەمەی هەڵەبجەمان لە ٢٠٠٣وە تا ٢٠١٠ لەبەرچاوە، کە چۆن ساڵانە لەیادی بۆردومانی هەڵەبجەدا، گەنجانی ئەو شارە پەلاماری دامودەزگەی حزبی و دەزگاکانی ئابووری و حکومیان دەدا. لە کۆتاییشدا هاندران تا پەلاماری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بدەن، کە ڕەمز و نمای بەشخوراوی و کارەسات و فیداکاری میللەتی کوردە، سووتاندیان**

پاش ساڵێك کارکردن لەناو حکوومەتدا، گۆڕان شێوازی فەوزەوییەتی خۆی نیشان دایەوە. نە توانی پەرلەمان بەڕێوە بەرێ، نە توانی لە حکوومەتدا بەشدارێکی باش بێ، نە توانی لەو دامودەزگە حکوومەتییانەی کە ئەوان دەستیان لە بەڕێوەبردنیدا هەبوو، کاری باش پێشکەش بکەن. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی٢٠١٥دا، گەڕایەوە بۆ فەیزێکی نوێی توندوتیژی کە لە ٢٠١١دا و لە مانگی شوباتدا تاقییان کردبۆوە. قۆناخی ئەم جارە لە کاتێکدایە کە داعش چەند دە کیلۆمەترێك لە شارە سەرەکییەکانەوە دوورە، پێشمەرگە لە بەرگریکردندایە، کوردستان لە هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتیدایە، ئابڵوقەی ئابووری لەسەر کوردستانە و ئێمە پێویستمان بە یەکپارچەیی و یەکڕیزی میللەتەکەمانە، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێ بەرگری بکات. لەم کاتەدا گۆڕان پەرلەمانی کوردستانی کردە بەردەرکی سەرای سلێمانی، ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١ و لە مانگی شوباتدا کردی، گواستیەوە بۆناو پەرلەمان. هیچ پرەنسیپێکی نەهێشتەوە کە نەیخاتە بەر پەلاماری تێکدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حکوومەتی.

ئەوەی گۆڕان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥ دا کردی، بەرهەمی فکریی سەرکردەیەکی فەوزەوییە کە جیا لە تۆڵەکردنەوە و سزادان، بیر لە هیچ ڕێگەیەکی سیاسیی تر ناکاتەوە. سزای هاوکارەکانی خۆی دەدات، سزای نەیارەکانی خۆی و سزای کۆمەڵگەش دەدات. لە کۆتاییدا لە هیچ قۆناخێکدا ئامادە نییە قسە بۆ خەڵك بکات و بڵێ بۆچی ئەو وایکرد. تا ئەم ساتە وەختە نەوشیروان بەو شێوەیە قسە دەکات، بەو شێوەیەش کار دەکات. ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان کە حزبی نەوشیروان مستەفایە، بە غەیری ئەمە شتێکی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە. دوا بەڵگە نامەی ئاژانسی پاراستنی کوردستان بڵاویکردۆتەوە، لە کاتی دروستکردنی تەنگوچەڵەمەی نوێدا، ئەو تۆمارە ڤیدیۆییە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی گۆڕاندا، نەوشیروان بە توندترین شێوە باسی نەیارە سیاسییەکانی خۆی دەکات. وەك لێکهەڵوەشاندنەوەی حکوومەت، پەلاماردانی نوێنەری دەوڵەتان لە هەرێم، ترساندنی کۆمپانیاکانی نەوت. لەوانەیە ئەگەر توانیبایان ئەو کارانە بکەن، ئەوا ڕەفتاری دیکەشی بەدوادا دەهات، بۆ نموونە تیرۆرکردنی کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی ڕوویاندەدا.

**پرۆفیسۆر هالیمۆ سولەیمان شاوری ئوستادی سیسیۆلۆژیا و فەلسەفەیە لە زانکۆی پاوانی لە وڵاتی کینیا و تایبەتمەندە لەسەر دیاردەی رەگەزپەرستی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەلایەن ئایدیۆلۆژییە توندڕۆکانەوە. بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری ئایدیۆلۆژیەتی توندڕۆ لەسەر لاوان و خۆبینینەوەی لاوان لەناو ئەو گرووپە توندڕۆیانەدا، ئەوجا ئەو ئایدیۆلۆژیا توندڕۆیانە ئایینی بێت، یان چەپ و عەلمانی، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر شاوری کرد و لە بری وەڵامەکانی، ئەم وتارەی بۆ نووسیووین، ئەمەش دەقەکەیەتی.**

تونددڕەوی لاوان نیشانەی کێشەکانە کە ئەمڕۆ بەرۆکی جیهانی گرتووە. ئەو کێشە زۆرانە دەتوانرێت پۆلێن بکرێن بۆ چەندین پاڵنەر، لەوانە: پەراوێزخستن، نادادی مێژوویی، زۆربوونی بێکاری، گەندەڵی زۆر، نەژادپەرستی، مەحسوبییەت و مەنسوبییەت و خراپی حکومەت لە زۆربەی دەوڵەتاندا بەتایبەتی لە ئەفریقا و وڵاتانی ئاسیا.

ئەم فاکتەرە پاڵنەرانە وای لەلاوان کردووە بێهیوابن و هیچ دەرفەتێکیان نەبێت بەشداری بکەن لە بیناکردنی نەتەوەدا. بیرمان نەچێت لاوان خەونیشیان هەیە لە ژیانیاندا بۆ کار و بەدەستهێنانی پارە و هاوسەرگیری و بەشداری لە گۆڕانکارییەکان. نەبوونی دەرفەتەکان بۆ گەنج کە بەشداری لە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی ژیان بکەن، وایان لێدەکات لاوازبن. ئەم لاوازییەش لەگەڵ نەخوێندەواریدا، هەم خوێندەواری ئایینی و عەلمانی، وایان لێدەکات ببنە نێچیری کاریگەری خراپی ئایدیۆلۆژیاکان، لە ناویشیاندا توندڕەوی و توندوتیژی. لەلایەکی ترەوە، فاکتەری راکێشانمان هەیە وەك بێکاری و خانووبەرە و ئاستی کۆمەڵایەتی لە گرووپە توندڕەوەکاندا، هەروەها لە ئایینداژیانێکی باش لە رۆژی دواییدا لە بەهەشت. ئەم بەڵێنانەش لەناو ئەوانی تردا لاوان لاوازتر دەکات و ئۆتۆماتیکی پێوەندی دەکەن بەو رێکخراوە توندڕەو و رادیکاڵانەوە.

تاك دوو بەشی هەیە، بەشی کۆمەڵایەتی و بەشی خۆیی، هەریەکیان پێویستی بە گوزارشت و رازیکردن هەیە و ئەم دوو بەشە دەتوانرێت کاریگەری بخرێتە سەر بۆ باش و بۆ خراپ بەپێی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی پێویستە بیکەین رێگەیەکی فرەڕەو و ئاڵۆز، یان بەرێکردنە بۆ کەمکردنەوەی توندڕەویی لاوان. پێویستە کار لەسەر هەردوو فاکتەرەکانی پاڵنەر و راکێشان بکەین هەر لە کۆڵەکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکانی کۆمەڵگەدا. ئەمەش واتە لە جەوهەردا هەموویان دەبێت رۆڵێکیان هەبێت، بیگێڕن، وەك حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو رێکخراوانەی لەسەر بنەمای باوەڕ دامەزراون، هەروەها کەرتی تایبەتی و کۆمەڵگەکان و خێزان دەبێت بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بە باشترین شێوە هەستن بۆ بەرگرتن لە زیادبوونی ئاراستەی توندڕەوی لاوان لەجیهاندا.

حوکمداری باش و رەفتاری ئەخلاقی پێویستە پرەنسیپی رێنوێنی بن لەم جەنگەدا لە دژی لاوانی توندڕەو. دەزگا دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان پێویستە حوکمداری باش پیادە بکەن و کاروبار و پیشەکان و تاکەکان دەبێت هەمیشە بە ئەخلاقەوە بمێننەوە لە کارەکانیاندا. پێویستە کار بکەین بۆ پەرەدان بە ئەخلاق لە کار و کاروبارە خزمەتگوزارییە پیشەییەکان و کردارەکان و تەنانەت قازانجی ئەخلاقیش بۆ کەرتی تایبەت. بەم شێوەیە راستگۆ و متمانەپێکراو دەبین بۆ مرۆڤایەتی و راستگۆیی و شەفافیەت و لێپرسینەوە، هەموو ئەمانە بەهان کە سەرجەم جیهان هەوڵی بۆ دەدات بۆ داد و دادگەری بەو شێوەیەی دەژین، ئەمانە پێویستیان بەوە نییە لەوە تێبگەن کە پێوەندی بە زانستی سارۆخەوە هەیە، بەڵکو بە سادەیی زانیارییان دەوێت لەسەر تەنیا ئەوەی چی باشە و چی خراپە. ئەگەر ئەم رەفتارە ئەخلاقییە پەرەپێبدەین و لە سەرجەم جیهاندا هەروا بێت، ئەوا تەنانەت لاوانی توندڕەویش رووناکی ئەمە دواجار دەبینن.

لە کۆتاییدا، پێویستە بوەستین لە پۆڵینکردنی لاوانی توندڕەو لەسەر بنەمای نەژاد و ئایین، یان ئەو ناوچانەی لێوەی هاتوون. هەموو لاوانی توندڕەو پێویستە بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و هەوڵی چارەسەر بدرێت، بەبێ دروستکردنی زیاتری رق و کینە و دابەشکردنی جیهان لەسەر بنەمای تێگەیشتنی تەسك و دەمارگیریی لاوانی توندڕەو. بۆ نموونە هەموو موسڵمانان، یان لاوانی هەژار توندڕەو نین، پێویستە رەچاوی وریایی و لێبوردەیی بکرێت لە هەوڵماندا بۆ چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشییە درمە جیهانییە.

د. خورام ئیقبال

### تایبەتمەند لە دژایەتی تیرۆر و فیکری توندڕەوی بۆ گوڵان:

# دژایەتیکردنی فیکری توندڕۆیی بەهێز ناکرێت و پێویستی بە گرتنەبەری ڕێکاری سیاسییە



**د.خورام ئیقبال یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی لە ئیسلام ئاباد و تایبەتمەندە لەسەر دژایەتی تیرۆریزم و فیکری توندڕەوی. بۆ قسەکردن لەسەر سەرهەڵدانی فیکری توندڕەوی و زەمینە خۆشکردن و دەرفەت وەرگرتنی ڕێکخراوە توندڕەوە تیرۆریستییەکان و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئەم فیکرە و هەوڵەکان بۆ چارەسەکردنی فیکری توندڕەوی لە کۆمەڵگە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** هۆکاری ئەوانەی بیرۆکە توندڕەوەکانی وەك داعش سەرنجی ڕاکێشاون، چییە و بۆ تێگەیشتن لەو ئاڕاستەیە پێویستە چی بکەین؟**

- بۆ وەرگرتنی خەڵك لە کۆمەڵگەی ئاوارەی موسڵمانانی ئەوروپا، داعش دوو فاکتەری بەکارهێناوە؛ یەکەمیان ترسە لە نەزانراوی ڕۆژی دوایی و دووەمیان قەیرانی ناسنامەیە کە لەناو زۆر لەو موسڵمانانەی لە ئەوروپادا دەژین بڵاوە. ژمارەیەك لە توێژینەوەکان کە لە چەندین شوێنی جیاوازی جیهاندا کراون، ئەوە دەردەخات کە زۆربەی موسڵمانان باوەڕیان وایە لە ئاخر زەماندا دەژین و شەڕی نێوان خێر و شەڕ(Armageddon)وا خەریکە دەستپێدەکات. هەرچەندە جوولەکە و کریستیانەکانیش باوەڕیان بە ئاخرزەمان هەیە، بەڵام موسڵمانان بەگشتی بەرژەوندی زۆرتریان دەستکەوتووە لە ئاخر زەمان. داعش لاوازی ئەوانەی کە ترساون دەزانێت و بە شێوەیەکی شارەزایانە بەکاریان دەهێنێت. ئەم گرووپە خۆی وەك «ئەوەی کە بەڵێنی پێدراوە» پیشان دەدات و هەوڵدەدات هەر دۆڕان و سەرکەوتنێك بکرێت و ببەستێتەوە بە پێشبینییەکانی ئیسلامەوە لەبارەی ئاخر زەمانەوە. بۆ نموونە، بەپێی یەکێك لەو پێشبینییانە لە ئیسلامدا، ڕۆژی هەستانەوە پاش ئەوەی موسڵمانان ڕۆمەکان لە عەماق، یان دابق، کە دوو شوێنن نزیك لە سنووری سوریا لەگەڵ تورکیادا، تێکدەشکێنن، دێت، بۆیە کاتێك داعش دابقی گرت، وەك ئامرازێکی پڕوپاگەندەکردن بەکاریهێنا. داعشیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەمان ئەو گرووپەن کە پێغەمبەر (د.خ) پێشبینی کردووە، بۆیە دەڵێن: «لەم جەنگە پیرۆزەدا هەموو موسڵمانان پێویستە پێوەندیمان پێوەبکەن». بەهەمان شێوە پێشبینییەکی تری پێغەمبەر(د.خ) هەیە، دەڵێت پێش ئاخر زەمان، سوپایەك کە ئاڵای ڕەشیان هەڵگرتووە لە هەرێمی خۆراسان سەرهەڵدەدەن و یەکەم جار کافران تێکدەشکێنن و دواجار دەگەنە ئیلا (مزگەوتی ئەقسا لە قودس) کە لەوێشدا ئاڵاکەیان هەڵدەکەن. داعش ئەم پێشبینییانەی بەکارهێناوە بۆ پاساوهێنانەوە بە دەستگەیشتن بە پاکستان و ئەفغانستان و هەرێمەکانی تری ناوەڕاستی ئاسیا کە بە «خۆراسان» دادەنرێن. جێگەی بایەخە بزانین کە داعش یەکەم کاراکتەری نادەوڵەتی نییە کە ئەم پێشبینییانەی بەکارهێناوە، لە ڕابردوودا قاعیدەش ئەو تێکستە ئایینییانەی خراپ ڕاڤەکردووە بۆ وەرگرتنی لاوانی عەرەب بۆ شەڕکردن لەدژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە ساڵانی هەشتاکاندا. هەروەها کاراکتەری دەوڵەتیش تێوەگلاون لە بەکارهێنانی ئەم پێشبینییانە سەبارەت بە ئاخر زەمان بۆ ئەوەی

ئەجێندای سیاسی خۆیانی پێبەرنەپێش. بۆ نموونە، لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا، ئەڵمانەکان پێشبینییەکانی نۆستراداموس-یان بەکاردەهێنا، بە مەبەستی پڕوپاگەندەکردن. هیتلەر کارل ئێرنست کرافتی کە ئەستێرەناسێکی سویسری بوو، دانابوو بۆ ئەوەی پێشبینییەکانی نۆستراداموس لە بەرژەوەندی ئەڵمانیادا بەکاربهێنێت.

*** بەڵام ئێستا ئەوانەی ئەم شەڕە دەکەن پەرتن، گرووپ گرووپن، بە شێوەیەکی ئاسۆیی و کەمتر مەرجەع، یان رابەرێك کۆیان دەکاتەوە. ئایا پێشتر لەناو بزووتنەوە توندڕەوەکاندا شتێکی لەم جۆرە هەبووە؟**

- سەربازانی پەرت و بێ سەرۆك شتێك نیە پێشتر نەبووبێت، لە راستیدا قاعیدە ئەمەی داهێناوە، کە ئایدیۆلۆژیا وەك هێزێکی هاندان کاردەکات بۆ هاندانی تاکەکان تا پەنابەرنە بەر تیرۆریزم. ئەمە ستراتیژێکی باش بیرلێکراوەی رێکخراوە تیرۆریستییەکانە لەبەر ئەوەی سەرچاوەی کەم دەوێت و دەرئەنجامی زۆر باشی دەبێت لە شێوەی قوربانیدانی زۆر و رووپێوی میدیایی جیهانی.

*** ئایا بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی ناتوانرێت لە سیاقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی جیابکرێتەوە؟ تا چەند پێویستە رێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی لە ئێستادا چاوی پێدا بخشێندرێتەوە؟**

- بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی دەبێت بە شێوەیەکی نموونەیی لەسێ ئاستدا ئاڕاستەی ئایدیۆلۆژیای تیرۆریستان بکرێت، واتە تاك و رێکخراوەیی و ژینگەیی. تاك لەوانەیە بەهۆی قەیرانی ناسنامەوە هانبدرێت، بەڵام رێکخراوە تیرۆریستییەکان بەکاری دەهێنن بۆ ئامانجی سیاسی. بۆچی بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە پاڵپشتی کارە تیرۆریستییەکان دەکەن کە لەلایەن کەسانێك دەکرێن لەناو خۆیاندا؟ بۆ ئەوەی لەمە تێبگەین، دەبێت هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەدا لەبەرچاوبگیرێت کە تیایدا ئایدیۆلۆژیای توندوتیژی باڵی کێشاوە بەسەریدا. بۆ نموونە: ناتوانین بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە داعش تێبگەین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵە ستراتیژی و تاکتیکییەکان کە لەماوەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە کراون. ئەگەر وڵاتەیەکگرتووەکان بایەخی بە نەتەوەیەکگرتووەکان بدایە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، ئەوا ئەمڕۆ داعش نەدەبوو.

*** تا چەند تێکشکانی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییانە سەرنجڕاکێشی کەم دەکاتەوە و وای لێدەکات کەمتر سەرنجڕاکێش بێت؟**

- تێکشکانی داعش، یان بە ئامانجکردنی ژێرخانە ئابوورییەکەی تەنیا یەکێکە لە هەنگاوە پێویستەکان بۆ ئەوەی داعش بخرێتە ئاستێکەوە ئاسان بێت چارەسەربکرێت. بیردۆزەکان پێمان دەڵێن، بەرەنگاری سەربازی لەسەدا بیستی بەکارهێنانی هێزە و لەسەدا هەشتای رێکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورین. لەئێستادا جیهان تەنیا پشتی بە رێکارە هێزییەکان بەستووە بۆ هەڵوەشانەوەی داعش کە لەوانەیە ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت، ئەگەر بە رێکارە ناهێزیەکانیش کارا نەکرێت، وەك پەرەدان بە گوتارێکی بەرەنگار کە هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی توندوتیژی و توندڕەوی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپادا چارەسەربکات. دەبێت هەوڵەکانمان لە دەوری دروستکردنی ژینگەیەك کۆبکەینەوە کە بەرەنگاری هەموو جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیای توندوتیژ ببێتەوە. لێرەدا زانایانی ئایینی و رۆشنبیران لە جیهانی ئیسلامدا رۆڵێکی گرنگیان هەیە کە بیگێڕن. دواشەڕی ئایدیۆلۆژی لە دژی توندڕەوی توندوتیژی جیهانی لە شەقامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپادا دەکرێت و لەم قۆناغەدا هێزی پێنووس و مێشك داهاتووی ئاشتی جیهان دیاری دەکات.

*** تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارن بەرانبەر بە کورد کە چەك و کەلوپەلی پێویستیان بۆ دابین بکەن؟**

- کوردەکان لە هێڵی پێشەوەی بەرگریکردنی ئازایانەن لە دژی دەڕندەییەکانی داعش. ئەزموونەکانمان پیشانی دەدەن کە کاراکتەرە ناوخۆییەکان کاریگەرترن لە هێزە هەرێمی و جیهانییەکان لە شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریزمدا. بۆ نموونە پاکستان وڵاتێکە کە هەراسانکرابوو لەلایەن توندوتیژی تیرۆرەوە لە ٢٠٠٧ تا ٢٠١٣، بەڵام ئەمڕۆ تیرۆریزم لە پاکستاندا گەیشتووەتە ئاستێکی وا کە سەرجەم پەلامارەکانیان لەسەدا هەشتای کەم کردووە لەماوەی ساڵی پاردا. ئەمەش تەنیا بەوە کرا پاکستان خۆی سەرکردایەتی کرد و رۆژئاواش هەوڵەکانی ئیسلام ئابادی بەرزنرخاند بە یارمەتی دارایی و کەلوپەل و تەکنەلۆژیای مۆدێرن. بارودۆخی شامیش هەمان رێکخستنی دەوێت کە تیایدا کاراکتەرە ناوخۆییەکان وەك کوردەکان سەرکردایەتی بکەن لە شەڕی دژی داعش و یاریزانە هەرێمی و جیهانیەکانیش رۆڵی پاڵپشتی بگێڕن لە رووی دەستەبەرکردنی یارمەتی دارایی و چەك و راهێنانی زیاتر.

**دواشەڕی ئایدیۆلۆژی لە دژی توندڕەوی توندوتیژی جیهانی لە شەقامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپادا دەکرێت و لەم قۆناغەدا هێزی پێنووس و مێشك داهاتووی ئاشتی جیهان دیاری دەکات**

**بیردۆزەکان پێمان دەڵێن، بەرەنگاری سەربازی لەسەدا بیستی بەکارهێنانی هێزە و لەسەدا هەشتای رێکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورین**



پەرەسەندنی بارودۆخی ناوچەکە، بەتایبەتی دوای بەشداریکردنی راستەوخۆی رووسیا و لاسەنگ کردنی هاوکێشەی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لەو قەیرانە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و (سووریا و عێراق) بە شێوەیەکی تایبەتی، هاوکات بەردەوامبوونی پشتیوانیی وڵاتێکی ئیقلیمی وەك ئێران بۆ حکومەتی بەغدا، دیدوبۆچوونی جیاوازی شرۆڤەکارانی بە دوای خۆیاندا هێناوە، کە جۆرێك لە نائومێدی بەرامبەر باشتربوونی رەوشی ناوچەکە دەهێنێتەئاراوە. لەم بارەیەوە حەیدەر سەعید چاودێری سیاسیی ناسراوی عێراقی و راوێژکاری مەڵبەندی توێژینەوەی ستراتیژی لە عەممانی پایتەختی ئوردن، لە دیدارێکی گوڵان-دا بەم شێوەیە راوبۆچوونی خۆی دەربڕی.

## حەیدەر سەعید
### راوێژکاری مەڵبەندی توێژینەوەی ستراتیژی لە عەممان بۆ گوڵان:

# رەفتاری مالیکی هێندە خراپ بوو ٤ فیرقەی سوپای عێراق خۆی تەسلیمی ٣٠٠ تیرۆریست کرد

*** لە ئێستادا دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە کە هەڵە و کارتە سیاسییەکان لە رووی ئابووری و سیاسییەوە زۆر تێکچڕژاون، ئایا واقعی ئێستای عێراق چۆن دەبینیت و دۆخەکە بە چ ئاراستەیەك دەڕوات؟**

- پێموایە دۆخەکە بەتایبەتی، دوای داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، بە چەشنێکە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە زمانی شەڕ و کاولکارییەوە دەدوێن و هیچ دەستپێشخەریەکی سیاسیی بوونی نەماوە، هاوکات حزب و لایەنەکان، بە لایەنە شیعەکانیشەوە، هەڵوێستیان یەك نییە و سەنگەریان لە سوننەکانیش گرتووە و کە ئەوان بنچینەی کێشەکەن و نزیکن لە زۆرداریی داعشەوە و ملیۆنەها کەسیان لێ ئاوارە بووە. دواتر من پێموایە کە پشتیوانیی ئیقلیمی کاریگەریی هەیە لەسەر رێکەوتنی نێوان لایەنەکان و بە بەجارێ ئەو لایەنانەی کۆت کردووە، بۆ نموونە هاوپەیمانیی ئیسلامی کە سعودیە رایگەیاند،

پشتگیریکردنی بۆ لەناوبردنی تیرۆر لێنەکەوتەوە، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی ئیقلیمی لەسەر لایەنەکان زۆر بەهەند وەرنەگیرا، لەلایەکی دیکەوە قەیرانی ئابووری بە هۆی گەندەڵی و شەڕی داعشەوە بە جارێ عێراقی دارماندووە و هیچ هیوایەکی مژدەبەخش بە ئاسۆی ئاییندەی عێراقەوە دیارنییە.

*** بەڵام دەگوترێ هیچ بنەمایەکی دەوڵەت لە عێراقدا نەماوە، بەڵکو دەکرێ بڵێین ئەوەی هەیە دەوڵەتی شیعەیە و بەس، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و ئایا ئێران چ ڕۆڵێکی لەم وڵاتەدا هەیە؟**

- یەکەم شت، عێراق ناتوانێ وەك دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر هەموو خاك و ناوچەکانی وڵاتدا هەبێت، خاڵی دووەم ئەوەیە عێراق دەوڵەتی شکستخواردووە، چونکە ناتوانێ ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵك دابین بکات، تەنانەت وەرگرتنی دەسەڵاتیش لە بەغدا بۆ خزمەتکردنی نیشتمانی نییە. ئێرانیش بۆ مەبەستی خۆی داکۆکی لە حکومەتەکەی بەغدا دەکات، ئێران وەك لایەنێکی ئیقلیمی لە ناوچەکەدا ڕۆڵ دەبینێت، بەتایبەتیش لە دۆسێی سووریا کاتێ مالیکی یارمەتییەکی زۆری ڕژێمی ئەسەدی دا، هەر ئەم دابەشبوونەش بوو کە لایەنی میانڕەوی شیعەیشی پەك خست کە دەنگ هەڵبڕێت و نەرمی بنوێنێت. لە ئێستاشدا دەبینین کە لە شەڕی ڕزگارکردنی ڕومادی پلانەکە تەواو ئەمەریکییە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە مەبەست ئەوە بێت دوای ڕزگارکردنی ڕەمادی میانڕەوەکان بتوانن ڕووبەڕووی ئەوانە ببنەوە کە لە ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن.

*** لە ئێستادا ئەوەی شەڕ دەکات حەشدی شەعبییە و سوپای عێراقیش پەراوێزخراوە، هەندێ دەڵێن ئەگەر وەزیری بەرگریی عێراق شیعە بووایە ئەو سوپایە پشتگوێ نەدەخرا، بۆچوونتان لەسەر ئەمە چییە؟**

- ئەوە هەمووی پاشماوەی کارە ناتەندروستەکانی مالیکییە، چوار فیرقەی سەربازی عێراقی موسڵی جێهێشت و داعشیش تەنیا بە ٣٠٠ چەکدارەوە پەلاماری ناوچەکەی دا، بۆیە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣ بەدواوە، چونکە سوپا بوونی نەبوو، تەنیا گەندەڵی و بە هەدەردانی سامان لە ئارادا بوو بە ناوی پێکهێنانەوەی سوپا، جگە لە کردنەوەی دەرگای دامەزراندن بە ناوی میلیشیای چەکدار، تەنانەت پێش هاتنی داعش و کەوتنی مووسڵیشەوە، ئەو میلیشیایانە کەوتنە ململانێ و هەڕەشە لە دژی حەیدەر عەبادی لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەرکەمکردنەوەی بودجەی حەشدی شەعبی، کاتێ لە ٥ ملیارەوە بکرێت بە یەك ملیار، دیارە مەبەستی سەرەکیی ئەو میلیشیایانە ئەوە بوو هەر خۆیان لە گۆڕەپانەکە بمێننەوە. ئەویش بە سوودوەرگرتن لە ئاراستەی سیاسیی وڵاتانی ئیقلیمیی، ڕاستە حەشدی شەعبی پارەو خەرجی پێویستە، بەڵام ئەوان زیاتر لە ٥٠ پێکهاتەی چەکدارین، کە ڕەنگە هەندێکیان هاوکاریی دارایی لە دەرەوەش وەربگرن، بۆیە ئەو دابەشبوونە ئیقلیمییە وای کردووە سوپا لاوازبێت، یان بە تەواوی دروست نەبێت و دەرفەت بە حەشدی شەعبی بدات کە هەر خۆی لە وڵاتدا چەکدار بێت.

*** تا چەند لەو باوەڕەدایت کە لە ناوچەکەدا ئێران و سعودیە لە شەڕی بەوەکالەتدا نین، بەڵکو لە شەڕی سارددان؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆرێك لە چاودێران لەو باوەڕەدان سعودیە و ئێران ململانێیانە لەم ناوچەیەدا، مەسەلەکە لە شەڕی سارد زیاتریشە، سعودیە بڕیاری داوە بە شێوەی سەربازی لە سووریا و یەمەن بەشداربێت، سەرکردایەتیکردنی سعودیە بۆ گەردەلوولی یەکلاکەرەوە لە یەمەن دژایەتیکردنی ئاشکرای ئێران بوو، لە سووریا بڕیارێکی سعودی هەبوو کە بە سوپاوە بێتە نێو سووریاوە بۆ ئەوەی بە شێوەی سەربازی ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە، من پێوایە هەرگیز ناوچەکە وەك ئێستا ئەو ململانێیە سەختەی بەخۆیەوە نەدیوە، لەهەمان کاتدا چەند لایەنێکی میانڕەو لە هەردوولا هەن دەیانەوێ چارەسەری ئەو ململانێیە بکەن و کۆتایی بەو ناکۆکییەی نێوانیان بهێنن، لە سعودیە ڕەوتێکی توندڕەو هەیە نایەوێ ئەم کێشەیە چارەسەر بێت، لە ئێرانیش باڵی پاسدارانی ئێران سوورن لەسەر بەردەوامبوونی ململانێیەکە، ئێستا ئێران دوای دەستێوەردانی ڕووسیا لە سووریا هەڵوێستێکی دیکەی وەرگرتووە، کە زیاتر سوورە لەسەر بەشداریکردن لە قەیرانەکەی سووریا.


*** بارودۆخی ناوچەکە بە یەکجاری گڕی گرتووە، هەموو لایەن و دەوڵەتان هاتوونەتە پێش و ئەمریکاو ڕووسیاو دەوڵەتانی ئەورووپا بەشدارن وێڕای دەیان تاقمی چەکداری لەو ئاژاوانەدا، پێتانوایە دۆخەکە بەرەو خاوبوونەوە دەچێت، یان ئاگرەکە زیاتر تەشەنە دەکات؟**

- ڕەوشەکە بەم نزیکانە هێمن نابێتەوە، چونکە هیچ دەستپێشخەرییەك لە ئارادا نییە، ئێستا چەقی شەڕەکان لە سووریا و ناوچەکەدایە، هەموو لایەك دەیەوێت بەشێك لە گرەوەکە بباتەوە، ڕاستە دەستتێوەردانی ئیقلیمی ڕۆڵی هەیە، بەڵام کەڵەکەبوونی پاشماوەی ململانێی ناوخۆی سووریا و ناوچەکە فاکتەری درێژەپێدەری ئەو ڕەوشە ناسەقامگیرییەیە، داعش نەك هەر بۆتە مەترسییەکی ئیقلیمی، بەڵکو بۆتە دیاردەیەکی تیرۆریی جیهانیش. هەروەها داعش

**ڕاستە حەشدی شەعبی پارەو خەرجی پێویستە، بەڵام ئەوان زیاتر لە ٥٠ پێکهاتەی چەکدارین، کە ڕەنگە هەندێکیان هاوکاریی دارایی لە دەرەوەش وەربگرن**

**عێراق دەوڵەتی شکستخواردووە، چونکە ناتوانێ ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵك دابین بکات، تەنانەت وەرگرتنی دەسەڵاتیش لە بەغدا بۆ خزمەتکردنی نیشتمانی نیە. ئێرانیش بۆ مەبەستی خۆی داکۆکی لە حکومەتەکەی بەغدا دەکات**

# له نێوان فەوزای میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و دروستکردنی سوپای نیشتمانیدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵانی نووسیوه

**قەیرانی ئابووری بە هۆی گەندەڵی و شەڕی داعشەوه بە جارێ عێراقی داڕماندووه و هیچ هیوایەکی مژدەبەخش بە ئاسۆی ئاییندەی عێراقەوه دیارنییه**

بۆتە فاکتەری سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریش لە سووریا و عێراق و ناوچەکەش بەگشتی، بۆیە ئەم قەیرانە نێودەوڵەتییە تەنیا بە چارەسەری سیاسی و بە بەیەکەوە ژیانی گەلانی ناوچەکە سەردەگرێت.

***بەم دواییە ئەمریکا جڵەوی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەی رادەستی ئیسرائیل کرد، پێتانوایە ئیسرائیل لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا دەبێت بۆ هێمنکردنەوەی دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئایا توانای ئەو ئەرکەی هەیە؟**

- نەخێر، ئیسرائیل لایەنێکی پەسندکراو نییە، ئەمریکا باس لە رۆڵی رووسیا دەکات، لەم رۆژانەشدا بڕیاری ژمارە (٢٢٥٤)ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە سووریا دەرچوو، رەنگە سەرۆك ئۆباما مەبەستی ئەوە بێت کە کۆشکی سپی بەجێ بهێڵێت بێ ئەوەی ئاستی دەستێوەردانی سەربازیی لە سووریا بەرزبکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییشدا ئۆباما خاوەن میتۆدی خۆیەتی و زۆر دۆسێی جیهانی لایە، وەك دۆسێی ئێران و کووبا. خوێندنەوەی من بۆ ئەو ئەوەیە ئەمریکا زیاتر دان بە رۆڵی رووسیادا دەنێت بۆ چارەسەرکردنی زۆر دۆسێی ناوچەکە بەتایبەتیش سووریا، بۆیە ئەمریکا بیر لە رێکخستنەوەی رێوشوێنەکان دەکاتەوە لە سووریا، تەنانەت بەڵگەنامەی ژنێف ١ کە باس لە قۆناغی راگواستن دەکات. ئەمریکا بەو دیدە دەڕوانێتە رووسیا کە بەشداری بکات لە لێدانی داعش و تیرۆر، ئەمەش دەبێتە هۆی کشانەوەی بڕیاری رووخانی بەشار ئەسەد لەسەر مێزی گفتوگۆ، بۆیە من پێموانییە ئیسرائیل ئەمە بکات، بەڵکو واشنتۆن زیاتر پشت بە رووسیا دەبەستێ، هەرچەندە لەسەرەتاوە ئەمریکا دژی ئەو دەستتێوەردانەی رووسیا بوو، بەڵام لە ئێستادا هەڵوێستەکەی گۆڕاوە.

*** ئەوەی نێوان تورکیا و رووسیا رووی دا، بە رای ئێوە ساغکردنەوەی دوژمنارییەکی کۆنە، یان کارێکی نەخوازراو بوو؟**

- ئەمە وا نییە، تورکیا بە شێوەیکی دیکە هەڵوێستی رووسیای خوێندەوە کە دەیەوێت رێگە لە گەیشتنی گرووپە چەکدارەکانی سووریا بگرێت لە دیمەشق نزیك ببنەوە، تا پشتیوانی لە رژێمی سووریا بکات و لە حوکمڕانیدا بەردەوام بێت، ئەمە رەنگە گوزارشت لە هەڵوێستێکی دیکە بکات سەبارەت بە دەستێوەردانی رووسیا لە سووریا، تەنانەت هەندێ لایەنی وەك سعودیە و سووریاش رەنگە لە جیاتی رۆڵی ئێران لەو ململانێیەدا رۆڵی رووسیایان تا رادەیەك پێ قبووڵ بێت.

**پشتیوانیی ئیقلیمی کاریگەریی هەیە لەسەر رێکەوتنی نێوان لایەنەکان و بە بەجارێ ئەو لایەنانەی کۆت کردووه**

بونیادنانی دەزگای یاسایی و دەستووری لە هەر وڵاتێکدا بە بنەمایەکی سەلامەتیی بۆ پەیکەربەندیی دەوڵەتەکە هەژمار دەکرێت، ئەوەش لە چوارچێوەیەکدا کە خزمەت بە دیسپلین بوونی باری گشتی و ئاراستەکردنی بەرەو سەقامگیریی و ئاشتەوایی ئەهلی بگەیەنێت و هەروەها بە دوورخستنەوەی هەر ئەگەرێك لە ئەگەرەکانی کۆنترۆڵ دەرچوون، یان تێپەڕاندن، یان بەلاڕێدابردنی کاروبارەکان گەر بێتو بەرەو دیاردەی زەبر و زەنگاوی و دوژمنکاری و پارچە پارچەبوون بڕۆن، کە بە هۆیانەوە دیاردەی بەڵتەجێتی و مافیایی و میلیشیایی بە هەموو چەشنە مەرجەعییاتە فکری و سیاسییەکانی لێ هەڵبقوڵێت، لە سەرەتای لەدایکبوونی دەوڵەتی مەدەنی و لە دەستپێکی شارستانیەتی مرۆڤایەتییەوە، هەمیشە دەسەڵاتی یاسا باڵادەست بووە بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکان و دادپەروەرانە بینینی ئەندامانی کۆمەڵگە و فەرمانڕەواییکردنیان بە چاوێکی یەکسانەوە.

باری گشتی هەمیشە پێویستیی بە دامەزراندنی هێزی چەکداری مەشقپێکراو هەبووە بۆ پارێزگارکردن لە سەروەرێتی دەرەکی و هەروەها پێویستیی بە هێزی لاوەکی تریش هەبووە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و چەسپاندنی هەیبەتی یاسا و دەسەڵاتەکەی، بەو پێیەی یاسا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی وەدیهێنراوە لە ئاشتەوایی ئەهلی و ڕێکخستنەوەی سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا، لێرەوە بە دیاریکراویی هێزە چەکدارەکان پێویستە لە بندەستی دەزگایەکی بێلایەنی دەوڵەتیدا کۆبکرێنەوە، نەك بە دەستی جەمسەرێك یان ئەویترێکەوە بن ئینجا لەژێر ناوی هەر شتێك بە هەر بەهانەو پاساوێکەوە بێت.

هیچ دەرفەتێکی یاسایی نییە، هەروەها هیچ سەرچاوەیەکیش نییە ڕێگە بدات بە هەر جۆرێکی هێز و زەبروزەنگ لەو لایەنانەوە کە لە رووی دەستووری و یاساییەوە ڕێگە پێدراو نین، چونکە ئەمە هەیبەتی یاساو جێبەجێکردنی یاسا لاواز دەکات. لەلایەکی ترەوە دەرفەت بۆ ئەو تەحەدییاتە زیاد دەکات کە پشت بە گوتاری توندوتیژییانە دەبەستن و بە هۆیەوە مەترسیی تێکچوونی باری ئاسایشیان لێ دەکەوێتەوە.

ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێك لە مێژووی وڵاتان و نەتەوەکان بدەینەوە، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە چرکەساتەکانی لاوازی و بەرەڵڵایدا حاڵەتی دەرکەوتنی بەڵتەچێتی و هەرچی و پەرچایەتی و سەرسەرییێتی، یان بە زمانی بازاڕی کە پێیان دەوترێت شەلاتی زۆر دەبن. هەندێك توێژی سیاسی ئەمجۆرە کەسانە بۆ پارێزگاریکردن لە مەرامەکانیان ڕادەگرن، کە لە دواجاردا دەگۆڕدرێن بۆ گرووپگەلێك کە دەسەڵاتی خراپی خۆیان لە سەروو یاساوە بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن، نەك تەنیا بە وەرگرتنی سەرانە، بەڵکو هەموو جۆرە کاروبارێکی ناو وڵات بە پاساوی جیاجیا قۆرخ دەکەن، تا کار دەگات بەوەی کۆمەڵگە بەرن بەرەو قۆناغی پاکتاوکردن و جینۆساید و لەناوبردنی تائیفی و ئیتنی. لەم سەردەمەدا رەنگە شێوازی نوێ لە ناو بەرگی ئەم ڕێکخراوانەوە هاتبێتنە دەرەوە، کە چالاکییە ناشەرعی و نایاساییەکانی خۆیان بە پاڵپشتی ئەو چەکدارانەی لە سەروو یاساوەن بەکاردەهێنن، ئەوانەش وەك گرووپەکانی مافیا و چەتەگەریی ڕێکخراوی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی، هەندێك لەم ڕێکخراوانەی گرووپەکانی چەکدار و مافیا بوونەتە باڵی چەکداری بۆ چەند هێزێکی سیاسی، هەموو ڕێکخستنەکانی ئەمجۆرە هێزە چەکدارانە ملکەچی یاسا نابن و لەناو ئەو دەوڵەتانەی کە دەستووریان هەیە، دەبنە ملۆزم، تەنانەت ملکەچی رەوایەتی شۆڕشگێڕیش نابن، بەتایبەت مەبەست لە شۆڕشگێڕێتی ئەوەیە کە شۆڕشی گەلان دژ بە دەستێوەردانی دەرەکی پێویستی پێی هەبێت، کەواتە ئەمانە ڕێکخراوێکی چەکدارن و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلاندا وێك نایەتەوەو ڕێگرن لەبەردەم پێکەوەژیانی ناو ژینگەیەك کە ئاشتەوایی ئەهلی تێدا بەرقەرارە، هەروەها ڕێك ناکەون لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی کە رەوایەتی دروست دەکەن. هەر کەسێك کە مێژووی دەوڵەتی عێراقی دەخوێنێتەوە بە روونی ئەوە دەبینێت، سوپای نیشتمانی فاکتەرێکە بۆ زامنکردنی سەقامگیربوونی دەوڵەت و ڕێگرتن لە هەر دوژمنکارییەکی دەرەکی و ڕێگەنەدان بە لەدەستدانی رەوشی سەقامگیری ئاسایشی ناوخۆ کە پێویستە بەپێی دەستوور ئەو سوپایە بە کارەکانی خۆیان هەڵسن، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە پێشەنگایەتی ئەفسەرانی ئازاد شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەرهەم بێت ئەو کاتە سوپا ئەوەی رەتکردەوە کە زەبر لە تاکەکانی گەل بسرەوێنێت، بەتایبەت لە ساڵانی پەنجایەکانی سەدەی رابردوو، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی شێواوی لە بونیادی دەسەڵاتدا، هەروەها لەگەڵ گەیشتنی چەند ستەمکارێك بە کورسیی دەسەڵات یاسایەکیان دارشتەوە کە بە هۆیەوە سوپا کرایە داردەست بۆ چاوچنۆکییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی گەل و پێکهاتەکانی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕێکخراوی چەکداریی بەرگریکار لەسەر بنەمای رەوایەتی شۆڕشگێڕی دژ بەو ستەمکارانە دابمەزرێت. بە نموونە هێزەکانی پێشمەرگە کە بەرجەستەبووی سوپایەکی نیشتمانی کوردی بوو بۆ بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد.

ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی دەوڵەتی عێراقی پاش ساڵی ٢٠٠٣، بە هەڵوەشانەوەی سوپا و دروست نەکردنەوەی

**لە ڕۆژێکداین کە باوی بەڵتەجێتی و شەللاتێتی بەسەرچووە، هەر وەک چۆن لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوو باوی نەمابوو، بەڵام ئێستا بە شەمەندەفەری هەرێمایەتی و دەوڵەتیانەی چەند جەمسەرێکەوە دەیانەوێت لە ناوماندا زیندوویان بکەنەوە، ئەو جەمسەرانەش شاردراوە نیین و گەلان بە ئاگامەندییەوە بۆیان دەڕوانن و لێیان غافڵ نین**

**پێویستە هەموو ئەو کەسانە بدرێنە دادگا کە لە دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆمەڵگە و گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەردەچن، ئەو پەنجانەش بشکێندرێت کە بارودۆخی کوردستان بەرەو تێکچوون و رووخان دەبات**

**بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو رێکخراوانەی دەرەوەی هێزی پێشمەرگە دروستترین و حەکیمترین بڕیار بووە بۆ زامنکردنێکی دەستووریی و دامودەزگایی و بۆ پاراستنی سوپایەکی نیشتمانی وەکو سوپای پێشمەرگە، کە نوێنەرایەتی راستەقینەی گەلی کورد دەکات**

ئەلتەرناتیڤێکی نیشتمانی بۆ سوپا، کە بووە هۆی ئەوەی بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی رابردوو هەندێك حزبی تایەفەگەر دەرفەتیان پێ بدرێت، رێکخراوە میلیشیا چەکدارەکانی خۆیان لەسەر حیسابی پەرەپێدانی سوپایەکی نیشتمانی لە بەغداوە پتەو بکەن، ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆ لاوازکردنی دەرفەت دۆزینەوە تا بەرگریی لە سەروەریێتی وڵات و سنوورەکانی نەکرێت. هەروەها پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی باری ئاسایش لەدەست دەربچێت و دەوڵەتی عێراق بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ کارەساتی وای وەك ئەمەی ئێستای بەخۆیەوە نەبینیبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەهۆی سەلامەتی دامەزراوەی هێزەکانی پێشمەرگەوە توانراوە پارێزگاری لە بارودۆخی ئاسایش بکرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە پێشمەرگە باکگراوەندێکی مەبدەئی و بڕواهێنانی بەدۆزێکی رەوا هەیە، رێز لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی دەگرێت، کە بریتیە لە بەرگریکردن لە دوزە رەواکانی گەل و بەرژەوەندییە گشتییەکانی. ئەلتەرناتیڤی چاوەڕوانکراو لەسەر ئاستی عێراق و بەغدای پایتەخت لەوەدایە کە سەر لەنوێ سوپایەکی نیشتمانی عێراقی بە روانینێکی تازەی سەربازییەوە دابمەزرێت، روانینێك رێز بۆ یاسا دابنێت و ئەرکی بنەڕەتی و یەکلاکردنەوەی بریتی بێت لە پاراستنی وڵات و سەروەری لە هەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی و هاوکارێکیش بێت بۆ دیسپلینکردنی بارودۆخە گشتییەکان، لەبەرامبەر ئەو هەموو مەترسییانە راوەستێتەوە کە هێزە تیرۆریستەکان و هاوشێوەیان لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دەڕژێنە ناو عێراقەوە، سەرەتا بۆ ئەمەش دەبێت پشتبەستوو بین بەوەی رێگە بە هیچ رێکخراوێکی میلیشیایی نەدرێت کە لە رووی دەسەڵاتی یاسا دەوەستێتەوە، هەروەها رێگە بە هیچ سەرکردایەتیەکیش نەدرێت کە لەسەر حیسابی سوپای نیشتمانی هێز بۆ خۆی کۆبکاتەوە. لەمەوە هیچ بوارێك بۆ تەشەنەسەندنی میلیشیاکان نامێنێتەوە، چونکە میلیشیا مەترسیدارترین رێکخراون بۆ تێکچوونی بارودۆخ و بەڵتەچیکردنی دەوڵەت و گەل، چونکە ملکەچ کراون بۆ مەرامی ئەو سەرکردانەی بازاڕگەرمیی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لە گۆڕەپانی عێراقدا بۆ بەرژەوەندی وڵاتی تر بکەن، هەروەها لە پێناوی سوود و بەرژەوەندی تایبەتی هەندێك هێزی گەندەڵکار چنگ بەسەر بازاڕدا دەگرن و هەموو کۆمەڵگەش دەخەنە بەردەم ترسی تیرۆرەوە. زۆر پێویستە لەناو عێراقدا خۆبەخش هەبن بۆ پاڵپشتیکردن لە ئەکتیڤبوون و چالاکییەکانی سوپایەکی نیشتمانی کە پێویستە ئەو سوپایە لەسەر بنەمایەکی دامودەزگایی یاسایی دابمەزرێت و دەوڵەت و دەستوورەکەی رێکی بخەن، هەروەها پێویستە ملکەچ بکرێن بۆ ئیرادەیەکی سیاسی و بڕیارو ئاڕاستەکانی سەرکردایەتیەکی سەربازیی یەکگرتووانە، نەك بکەوێتە بن هەنگڵی کۆمەڵێك میلیشیا و چەند سەرکردەیەکەوە کە لە کێبڕکێدان بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان، وەکو چۆن ئەمڕۆ بە هەموو شێوازە تەموموژاوییەکان ئەم حاڵەتە دەبینین. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەمڕۆ هەندێك لایەنی میلیشیایی هەن کە پاڵنەرن بۆ کەلێن خستنە ناو ڕیزەکانی کوردستانەوە بە بیانووی یەکپارچەیی خاکی عێراق، ئەو هێزانەش بەناوی چەند بزووتنەوەیەکی سیاسی تائیفی و ناوچەییەوە کە هەر بە هۆی ئەمانەوە باری ئاسایشی هەموو پارێزگاکانی تری عێراق تێکچووە، بەهاتنیان بۆ ناو کوردستانیش ئەو برینە شێرپەنجەییە پیس و پۆخڵە دەخەنە جەستەی کوردستانەوە، چونکە پێشتر ئەم هێزانە لە شکاندنی سنووری کوردستاندا شکستیان خواردووە، ئەو هێزە هەرێمایەتییانەی کە بۆ مەرامی تایەفی و سیاسی خۆیان لە پشت پەردەوە دەیانجووڵێنن، رێگەیەکی تریان دۆزیوەتەوە بۆ تێکدانی ئاسایشی ناو کوردستان، هەندێك هێزی حزبی نەفس نزمیان دۆزیوەتەوە، کە بەشێك لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، یا چەند لایەنگرێکی سەر بە ئایینێکیان لەپشتە، هەروەها دەروازەی شاری سلێمانی کە زۆر نزیکە لە ئێرانەوە کراوەتەوە بۆ دامەزراندنی ئەم رێکخراوە میلیشیایانەی کە لەسەروو دەسەڵاتی دەوڵەت و سەروو دەسەڵاتی پێشمەرگەوەن، لەکاتێکدا پێشمەرگە تەنیا هێزێکی فەرمی باوەڕپێکراوی دەوڵەتییە بۆ بەرگریکردن لە کوردستان و خەڵکەکەی، کەچی ئەم رێکخراوە پەرت و بڵاوە بەکرێگیراوانە بەناوی هەندێك حزب و لایەنەوە خۆیان کردۆتە نوێنەرانی ئایینێك، یا نەتەوەیەك، هەربۆیە پێویستە هەموو ئەمانە بە هەموو شێوەیەك رەت بکرێنەوە، چونکە باری ئاسایشی ناو کوردستان وەکو ناوچەکانی تری عێراق لێ دەکەن، کە بەهۆی بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتییەوە، سەقامگیریان تێدا تێکچووە. لەقۆناغی داهاتوومandا بەچاوی خۆمان دەبینین کە لایەنگرانی ئاینێك، یان هۆزێك دەکەونە بەخشینی قوربانی بۆ مەرامەکانی سەرکردەی ئەم چەکدارانەی لەدەرەوە کردراون، هەروەها بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ لەنێوان خۆیاندا، هەروەکو چۆن لەبەشی عەرەبی عێراق لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستاش ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت. ئەمە مەترسیدارترین مۆدێلە کە پێویستە ئەزموونی کوردستان لە بەرامبەری زۆر وریا بێت، بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو رێکخراوانەی دەرەوەی هێزی پێشمەرگە دروستترین و حەکیمترین بڕیار بووە بۆ زامنکردنێکی دەستووریی و دامودەزگایی و بۆ پاراستنی سوپایەکی نیشتمانی وەکو سوپای پێشمەرگە، کە نوێنەرایەتی راستەقینەی

گەلی کورد دەکات. ئەو هێزە میلیشیایانەی دیکە کە ئێستا بەردەوام لەسەرکێشیدان و ڕاگەیەندراوی مەترسیدار بڵاو دەکەنەوە، بۆنی نانەوەی دووبەرەکیی لێ دەکرێت، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ کۆکردنەوەی هێزی میلیشیای حزبی، هەندێکیان لەناو ماڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ترازاون و لەسەرەتای قۆناغی مەلۆتکەییدان و بانگەواز دەکەن بۆ خۆبەخشێتی سەربازی و بە کەڵەگایی هەوڵ دەدەن زەبر و زەنگێکی چەکدارانە لەناو کوردستان دروست بکەن، ئەگەر بێتوو ئەم ڕێکخراوانە بکەونە مەشقپێکردنی هێزەکانیان، ئەویش لەڕێی وڵاتێکی دراوسێ کە لە کەسیشی ناشارنەوە، کە ئەو وڵاتە بەردەوام هاندەریانە بە سامان و بە چەکەوە تا ئەو هێزانە بۆ مەرامی تر پتەوبکات، مەبەستیش لێیان تێکدانی یەکڕیزی ناو ماڵی کورد و دروستکردنی شەڕی ناوخۆیە لە کوردستاندا، لەمبارەیەوە دەسەڵاتی یاسا ڕێگەی داوە و هەروەها لێپرسینەوەشی سەپاندووە بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ هەر کەسێك کە لە یاسا دەردەبچێت، پێویستە هەموو ئەو کەسانە بدرێنە دادگا کە لە دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆمەڵگە و گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەردەچن، ئەو پەنجانەش بشکێندرێت کە بارودۆخی کوردستان بەرەو تێکچوون و ڕووخان دەبات، باشترە زۆر زووتر چارەسەرێکی خێرا بۆ ئەم کەسانە بدۆزرێتەوە، ئەوەش چەند زووتر بێ درەنگترە، بۆ ئەوەی لە ڕێی یاساوە ڕێگە بگیرێت لە پارەدارکردن و پڕچەك کردنیان و نەهێڵدرێت چوارچێوە دابنرێت بۆ مەشقپێرکردنیان، چونکە ئەوانە دەبنە هێزێکی میلیشیایی بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە، لەم کاتەدا زۆر پێویستە جەخت بکرێتەوە لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی هەموویان بە یەکڕیزو بە یەکگرتووانە لەپاڵ هێزی پێشمەرگە بووەستنەوە دژ بەو ڕێکخراوە دەرەکییانەی کە گاڵتەیان بە دەسەڵاتی دەوڵەت و یاسای دەستووری هەرێم دێت. ئەم ئاڕاستەیەش پێویستی بەوەیە کە دامودەزگاکان ئەکتیڤ بکرێت بەو بزووتنەوە میللی و جەماوەرییە فەرمییانەی کە لە شەقامدان، دیسپلینیان بکەن بە دەسەڵاتێکی گشتگیرەوە، تا بارودۆخی کوردستان نەبێتە ئەو بارودۆخە وێرانەی کە لە بەشەکانی تری عێراقدا هەیە. پێویستە هەنگاو بنرێت بەرەو تۆکمەکردنی سەقامگیری و هەروەها بۆ سەلامەتی دامودەزگاکانی کوردستان و گواستنەوەی ئەو مۆدێلە بۆ عێراق نەك بەپێچەوانەوە واتا نەك گواستنەوەی پارچەپارچە بوون و سەنگەر لە یەکترگرتنی لایەنەکان و توندوتیژی چەکداری دەرەوەی دەسەڵاتی یاسا بێتە ناو کوردستانەوە، وەك چۆن هێزە دوژمنکارەکانی کوردستان هەوڵی بۆ دەدەن. ئەمە پێویستی بە هەڵوێستێکی نیشتمانی گشتگیرانە هەیە کە هەموو هێزە کوردستانییەکان لە ژێر سایەیدا کۆببنەوە و سەرکردایەتییەکی حەکیم بەرپرسیارێتیەکانیان بۆ دیاری بکات، هەروەها ڕێکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنیش بەرپەرچی ئەم ڕێکخراو و گرووپانەی دەرەوەی یاسا بدەنەوە، بەوەی بە زووترین کات کەمپین لە دژیان بکەن، هەروەها ڕاگەیاندنەکان هەڵمەتێکی گشتی لە دژیان ڕابگەیەنن و نەهێڵن ئەم ئەسپی تەڕوادانە لەناو ماڵی کوردەوە میکرۆب و ڤایرۆسی لێبێتە دەرەوە. زەمینەسازی بکرێت بۆ ڕێگەگرتن و مامەڵەنەکردن لەگەڵ ئەمجۆرە هێزانەدا کە مەبەستیانە بەڵتەجێتی سەروو یاسا دروست بکەن و کەسانی بێگانە لەناو بەرگی خۆیاندا بشارنەوە و لە داهاتووی نزیکدا دڕندانە بەربنە دەستکەوتەکانی کۆمەڵگە، هەروەها پێویستە ڕای گشتی ئەکتیڤ بکرێت بۆ ئەوەی پشتی دەسەڵاتی یاساو دەوڵەت بگرن دژ بەهەموو هەوڵێك کە ڕیزەکانی جەماوەر تێکدەدات. هەمیشە ڕای گشتی کوردی ئەو دیمەنەی بەشی عێراقیان بخاتە بەرچاو کە چۆن میلیشیا تەحەددای دەوڵەت و تەحەددای سوپای نیشتمانی دەکەن و سووکایەتی بە سەرکردایەتی وڵات دەکەن و هەموو نەهامەتیەکەش لەدواجاردا بۆ هاووڵاتی داماو دەمێنێتەوە و قوربانی بە ساویلکەکان دەدرێت تا دەوڵەتی خۆیان وێران بکەن، ئایا کورد و کوردستانییەکان کە لە دەوری پێشمەرگەکان خاوەن ڕێبازێکی بەرگریکار لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکی دێرین کۆبوونەتەوە، ڕازین بەوەی بارودۆخیان لێتێکبچێت و سەرکردەی هۆزێك، یان میلیشیایەك کە هێزی حزبیی بەڕێوەی دەبات و جەمسەرێکی دەرەکی کە ناسراوە بە دژایەتی کوردستان و گەل هانیان دەدات، بارودۆخی کوردستان سەرەوژێر بکەن؟!


قەناعەتم وایە کە گەلی عێراق و گەلی کوردستان بە ئیرادەی دەوڵەتێکی بە دامودەزگاییکراو کە یاسا سەروەری بێت، سەردەکەون، دەوڵەتی مەدەنی پتەو پشتبەستووە بە یەکێتی هێزەکانی، نەك بە پەرشوبڵاوی هێزەکانی و دابەشبوونی هێزی بەسەر چەند میلیشیایەکدا کە ئەمڕۆ بوونەتە بەڵتەجی زەمان و شەللاتی، لە ڕۆژێکداین کە باوی بەڵتەجێتی و شەللاتێتی بەسەرچووە، هەر وەك چۆن لە سالانی پەنجاکانی سەدەی پێشوو باوی نەمابوو، بەڵام ئێستا بە شەمەندەفەری هەرێمایەتی و دەوڵەتیانەی چەند جەمسەرێکەوە دەیانەوێت لە ناوماندا زیندوویان بکەنەوە، ئەو جەمسەرانەش شاردراوە نیین و گەلان بە ئاگامەندییەوە بۆیان دەڕوانن و لێیان غافڵ نین.

---

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**لە هەرێمی کوردستان بەهۆی سەلامەتی دامەزراوەی هێزەکانی پێشمەرگەوە توانراوە پارێزگاری لە بارودۆخی ئاسایش بکرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە پێشمەرگە باکگراوەندێکی مەبدەئی و بڕواهێنانی بەدۆزێکی رەوا هەیە، رێز لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی دەگرێت**

**هیچ دەرفەتێکی یاسایی نییە، هەروەها هیچ سەرچاوەیەکیش نییە ڕێگە بدات بە هەرجۆرێکی هێز و زەبروزەنگ لەو لایەنانەوە کە لە رووی دەستووری و یاساییەوە ڕێگە پێدراو نین، چونکە ئەمە هەیبەتی یاساو جێبەجێکردنی یاسا لاواز دەکات**



پرۆفیسۆر ریچارد ئەندێرسۆن، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسیدا لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بەدەست هێناوە، وانەبێژی بوارەکان دیموکراسی و دیکتاتۆریەت و سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی جیهانییە، بۆ هەڵوەستەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو ململانێیانەی لە ناوچەکەدا هاتوونەتەئاراوە، هەروەها بۆ شیکردنەوەی رۆڵی هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعش و ئەگەر و کاریگەری درووستبوونی دەوڵەتی کوردستان، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

## ریچارد ئەندیرسۆن
### تایبەتمەند لە سیاسەتی رووسیا بۆ گوڵان:

# بە درێژایی مێژوو کێشەی سەرەکیی کورد ئەوە بووە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە

*** دوای دەستێوەردانی سەربازی رووسیا لە شەڕی سووریادا، جۆرە ریزبەندییەك لە نێوان عێراق و ئێران و سووریادا هاتۆتەدی، یان دەکرێت بڵێین ئەو میحوەرەی بەهێز کرد کە لە نێوان ئەم سێ وڵاتەدا هەبوو، رووسیا سەرسەختانە پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی ئەولەوییەتی یەکەم تێکشکاندنی داعش بێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەسەد خۆی بۆتە کارگەری بەرهەمهێنانی تیرۆر، ئەمەش رەنگە ئاڵۆزی زیاتر لە رەوشی پشێوی ناوچەکەدا دروست بکات، راڤەتان بۆ ئەم پەرەسەندنانە چییە و ئایا ئەمە هەڵەیەك نییە لە ریزبەندی ئەولەوییەتەکاندا؟**

- گرنگترین شت لە ئێستادا کە پێویستە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێت، تێکشکاندنی داعشە. هەروەها پێویستە لە سووریادا کۆتایی بە دەسەڵاتی خێزانی ئەسەد و عەلەوییەکان بهێندرێت، بەڵام روون نییە کە ئەم دوو ئامانجە پێکەوە بەدی دەهێندرێن، یان نا. پێموایە داعش هەڕەشەیەکی گەورەترە لە ئەسەد و هەروەها پێموایە تا ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، رێکخراوەکانی وەك داعش سەرهەڵدەدەن، ئەگەر داعشیش نەبێت یەکێکی تر دروست دەبێت. کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە سەرتاپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵدەدات مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی سوننەدا بکات لە سەرتاسەری ناوچەکەدا و ئەوەندەی من بزانم داعش نوێترین شێوەی رێکخراوی سوننەکانە کە دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت. هەرچەندە من شارەزای رووسیام، بەڵام دەزانم کە ئیسلامی سوننە شێوەیەکی ئیسلامە، کێشەکە ئەوەیە هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە هەمیشە بە دەسەڵاتی سیاسییەوە گرێدراون و کێبڕکێی سیاسی لە نێوانیاندا روویداوە و بووەتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی لەم چەشنە. پارتی بەعس لە عێراق، هەرچەندە ئێستا لە عێراقدا رۆیشتووە و

لە سووریادا هەیە. بەردەوام پارتی بەعس چەترێك بووە بۆ بزووتنەوەی عەلەوییەکان کە تەواو نهێنی و شۆڕشگێڕ بوو کە سەرکردەکانی پێشوویان رژێمێکی سوننەیان لە ئیستەنبول پێکهێنا، بۆیە سوننەکان بوونێکی گەورەی مێژووییان هەیە و نامەوێت ببینم ناسنامەیان نەمێنێت، بەڵکو حەزدەکەم ببینم شەڕەنگێزەکەیان نەمێنن.

*** دابەشبوونە تائیفییەکان لە ناوچەکەدا فاکتەری سەرەکی گرژییە ناوچەییەکانە، وڵاتانی عەرەبی سوننی کە لەلایەن رۆژئاواوە پاڵپشتی دەکرێن لایەنێکن و لەلایەکی ترەوە عێراق و ئێران و سووریا و حزبوڵڵا هەن و لەلایەن رووسیاوە پاڵپشتی دەکرێن، ئەمەش ناوچەکەی کردووەتە گۆڕەپانێکی جیۆپۆلیتیکی بۆ ململانێی تائیفی ناوچەیی بە رادەیەك جێی ململانێی سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی سەردەمی جەنگی ساردی گرتووەتەوە، هەڵسەنگاندی ئێوە بۆ ئەم گۆڕانکارییە چییە؟**

- زۆربەی ئاژاوەکانی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرئەنجامی رووخانی یەکێتی سۆڤیەتە. هەرچەندە یەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی خراپ بوو، رووخانەکەشی شتێکی باش بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا وەك فاکتەرێکی سەقامگیریی وابوو، یارمەتیدەری سەقامگیری رژێم بوو لە عێراق و سووریادا و هەروەها شۆڕشی ئێرانی بە هۆی ئەوەوە دروست بوو. رووسیا وڵاتێکە کە لە ساڵی ١٩٩١دا نیوەی دانیشتوان و سێیەکی ناوچەکانی خۆی لەدەستدا، ئەگەر سەیری ئەمە بکەین لە گۆشەنیگای کوردەوە، کێشەی سەرەکی کورد بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوە بووە کە دەوڵەتی نەبووە و بەمانایەك واتە کورد هەموو ناوچەکانی خۆی لەدەست داوە، بۆیە لەدەستدانی رووسیاش بۆ ناوچەکانی زۆر ناخۆشە، بۆیە پرسیاری سەرەکی بۆ رووسەکان ئەوەیە تاچەند دەتوانن ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەت بگەڕێننەوە، بۆیە پۆتین چەند بۆی دەکرێت هەوڵدەدات لە نێوان گەڕانەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت و هیچ نەکردن بۆ گەڕانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، رێگەی ناوەند هەڵبژێرێت، واتە چەند بۆی دەکرێت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەو وڵاتانەی کە پێشتر هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت بوون، بۆیە هاوپەیمانی لەگەڵ عێراق دروست دەکات بەهەمانشێوە کە یەکێتی سۆڤیەت کردوویەتی، بەڵام ئەو کەسانەی ئێستا لە عێراقدا دەسەڵاتیان هەیە، گۆڕاون، بۆیە هاوپەیمانی لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکەی یەکیتی سۆڤیەت لە سووریادا دەکات کە واخۆی پیشاندەدات سۆشیالیستی بێت، وەك عەلەوییەکان لە سووریا، بۆیە ئەم دەستێوەردانەی رووسیا لە سووریا دووبارەکردنەوەی دەستێوەردانەکانی رووسیایە لە رابردوودا و هێزی ئاسمانی دابیندەکات بۆ ئەو هێزە زەمینییە ناوخۆییانەی کە هاوپەیمانی ئەون، بەدەگمەن ئەمەی لەگەڵ ئیسرائیل کردووە، لە یەمەن کردوویەتی، هەروەها لە عێراقیشدا کردوویەتی، بۆیە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوەی پۆتین دەیکات ئەوەیە کە وەك یەکێتی سۆڤیەت کاربکات و لە هەمانکاتیشدا هەوڵدەدات هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زلهێزەکانی تر بێت، بەوەی کە یەك دوژمنی هاوبەشی تیرۆریزمیان هەیە، هەروەك چۆن گۆرباشۆڤ دەیوت سەدام حوسەین دوژمنی هاوبەشی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتە.

*** لە ئێستادا هەرێمی کوردستانی عێراق هیچ پێوەندیەکی زەمینی لەگەڵ عێراقدا نەماوە و کوردستان لە رووی ئابوورییەوە هەنگاوی بۆ سەربەخۆیی هەڵهێناوە و گفتوگۆ لەبارەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە بە شێوەیەکی جددی وەردەگیرێت، چۆن ئەمە دەبینی و ئایا پێتوایە کورد دەرفەتی ئەوەی دەبێت بە سەربەخۆیی خۆی بگات؟**

- لەلایەکەوە کاریگەرییەکانی شەڕی داعش، سەرنجی جیهانی بەلای کورددا راکێشاوە، لەبەر ئەوەی کورد تەنیا هێزن کە کاریگەرانە شەڕی داعش دەکەن، من هەمیشە لە بەرەی ئەو گەلانەم کە مافی خۆیان نییە و کوردیش نموونەیەکی ئاشکرایە لەو گەلانەی کە لەناو ئەو وڵاتانەی تیایدان، دەچەوسێنرێنەوە، ئەمەش هەڵەیە. زۆر شت هەیە ئێوە کردووتانە کە زۆر کەم خەڵك دەیکەن، لەوانەیە راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکاتان خوێندبێتەوە، کە چۆن بناغەی تەواوی داناوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، زنجیرەیەکی درێژ لە چەوساندنەوە و ستەمکاری هەیە کە ماف دەدات بە گەلان مافی سروشتیان بێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، کوردیش بەدڵنیاییەوە زنجیرەیەکی درێژ لە چەوساندنەوەی و ستەمکارییان چەشتووە، بۆیە مافی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەڵام ئێستا وەك خۆتان دەزانن، هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە دوژمنتانن و وەك من تێیگەیشتووم کوردەکان لە نێوان سوننە

**کوردستانی سەربەخۆ فاکتەری ناسەقامگیرییە، ئیتر گرنگ نییە کورد چەند بەرپرسیارە و هەروەها چەندیش بەهێزن، بەڵام ناسەقامگیری لە دادگەریدا شتێکی باشە، ئەگەر من کورد بوومایە، ئەوا لە لایەنی سەربەخۆیی کوردستان دەبووم و وام دەکرد کوردانی تریش لەسەر ئەو رێگەیە بن**

**داعش هەڕەشەیەکی گەورەترە لە ئەسەد و پێموایە تا ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، رێکخراوەکانی وەک داعش سەرهەڵدەدەن**

**کوردستان بووەتە ناوچەی جەنگ بۆ چەندین ساڵ، ئێوە ئاوا خۆتان هێشتوەتەوە، هەروەها زۆر سەرنجراکێشە کە بەشێک لە پێشمەرگەکان ئافرەتن، ئەمەش راستییەکی زۆر گەشبینانەیە بۆ داهاتووی کوردستان**

**سوننەکان بوونێکی گەورەی مێژوویيان هەیە و نامەوێت ببینم ناسنامەیان نەمێنێت، بەڵکو حەزدەکەم ببینم شەڕەنگێزەکەیان نەمێنن**

و شیعەدا دابەشبوون، وڵاتە سوننەکان یارمەتی کوردە سوننەکان دەدەن و ئێران و پارتە سیاسییە لوبنانییەکان یارمەتی کوردە شیعەکان دەدەن، بەڵام کەس یارمەتی دروستبوونی هاوپەیمانی لە نێوان کوردە سوننە و شیعەکان ناکات، بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەناوچەکەدا تاکتیکییە، دۆزینەوەی هاوپەیمانییەکە کە شەڕی داعش بکات، ئەگەر داعشیش تێکبشکێت، ئەوا بە سادەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڕوات، بۆیە بە مانایەك ئەم شەڕەی داعشە دەرفەتێکە بۆ کورد بۆ ئەوەی جۆرێك لە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام وەك دەزانی بەشێکی لە تورکیا و بەشێکی لە ئێرانە و لە سووریاش سەقامگیری دروست نابێت، لەبەر ئەوە ئەسەد و داعشیش دەیانەوێت ئەو ناوچە کوردییانە بگرنەوە، بۆیە هەموو ئەم دەوڵەتانە لە دژین و بەرگری لە خۆیان دەکەن، بەڵام ئێوە لەوانەیە بتوانن بیکەن لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان.

*** بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەریان بە داعش گرتووە و ١٥٠٠ کیلۆمەتر سنووریان لەگەڵ داعش هەیە و بە یارمەتی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی سەرکەوتوبوون لە رزگارکردنی شنگال، بۆیە لەم دیدەوە ئەمە بە تەنیا شەڕی کورد نییە، بەڵکو شەڕی جیهانی ئازادە لە دژی تیرۆریستان، هەروەها زیاتر لە ملیۆن و نیوێك پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی لە کوردستاندا هەن، هەر لە ئێزیدی و مەسیحی و خەڵکی تری عێراق و سووریا، بۆیە تاچەند دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان بکەن؟**

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی سەربازی باشی بۆ پێشمەرگە دابین کردووە و کێشەی لۆجیستی هەیە بۆ دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ یارمەتیدانی پەنابەران، من زۆر لە بارودۆخەکە ئاگادار نیم، بەڵام بارودۆخی پەنابەران لە کەمپەکانی کوردستان دەبێت زۆر خراپ بێت، هەروەها بارودۆخی گشتی هەرێمی کوردستانیش دەبێت زۆر خراپ بێت. یەکێك لە گەورەترین هەڵەکان کێشانی سنوورەکان بووە لەسەر نەخشە و کوردستان بووەتە ناوچەی جەنگ بۆ چەندین ساڵ، ئێوە ئاوا خۆتان هێشتوەتەوە، هەروەها زۆر سەرنجراکێشە کە بەشێك لە پێشمەرگەکان ئافرەتن، ئەمەش راستییەکی زۆر گەشبینانەیە بۆ داهاتووی



کوردستان.

*** لەئیستادا ئەمریکا رۆڵێکی سنووورداری هەیە لە سەقامگیری و هاوسەنگی دروستکردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئۆباما نایەوێت راستەوخۆ لە تەنگژەکانی ناوچەکە دەستێوەردان بکات، ئەمەش وای کردووە هێزە هەرێمایەتی و کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان هەوڵیانداوە ئەم بۆشاییە پڕبکەنەوە و ئەجێندای خۆیان جێبەجێبکەن. ئایا پێشبینی ئاژاوە و ناسەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا بۆ ماوەیەکی درێژ دەکەن ؟**

- ئەم شەڕە لە کۆتاییدا نامێنێت، بە سادەیی لەبەر ئەوەی هەموو لایەنەکان هیلاك دەبن. سەیر کە تۆ گۆڤارێکت هەیە لە هەولێر بە تەلەفۆن لەگەڵ من لە لۆس ئەنجلۆس قسە دەکەیت، لەڕاستیدا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، خۆتان بەڕێوەی دەبەن و پەنابەر لە وڵاتەکەتاندا هەیە و سوپایەکی کاریگەرتان هەیە، بەڕاستی



زۆر جێگەی سەرسوڕمانە تەنانەت بە هاوکاری ئەمریکاش کە کورد توانیویەتی شەڕ لەگەڵ داعش بکات کە کەسی تر نەیتوانیوە، لەئێستادا داعش شەڕ لەگەڵ سوپای عێراق و سووریادا دەکات، بەڵام لە کوردستان ناتوانێت هێرش بکات. ئەگەر سەیری بارودۆخی سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەیت لە کۆتایی کۆلۆنیالیزمەوە لە ساڵانی ١٩٥٠وە تا ١٩٩٠، دەبینی کۆمەڵێك رژێمیان تیابووە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە پاڵپشتی کراون، هەروەها شتێکی تر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نرخی نەوت بووە کە ئەوەندە گران بووە وایکردووە هێزە دەرەکییەکان هەمیشە بایەخ بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەن.

*** تائێستا درووستبوونی دەوڵەتی کوردی وەك گۆڕانکارییەکی ناسەقامگیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەیر کراوە، بەڵام کورد سەلماندوویەتی کە کاراکتەرێکی بەرپرسیار و فاکتەرێکی سەقامگیرە لەم ناوچەیەدا، ئایا ئێستا کەتی ئەوە نەهاتووە کە واقیع لەبەرچاو بگیرێت و بزانرێت کە رێگرتن لە درووستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە هۆی ئاژاوەی زیاتر و ناسەقامگیری لەناوچەکەدا؟**

- ئێمە پێمانوایە سەقامگیری شتێکی باشە، بەڵام کە هاتە سەر سیاسەت ئەوا بە تەواوی سەقامگیری نییە، هەرچیەك سەدام حوسەینی ناسەقامگیر کردبێت، شتێکی باش بووە. پێموایە کوردستان هەڕەشەیە بۆ ئێران و تورکیا و هەروەها لە سووریاش، بۆیە کوردستانی سەربەخۆ فاکتەری ناسەقامگیرییە، ئیتر گرنگ نییە کورد چەند بەرپرسیارە و هەروەها چەندیش بەهێزن، بەڵام ناسەقامگیری لە دادگەریدا شتێکی باشە، ئەگەر من کورد بوومایە، ئەوا لە لایەنی سەربەخۆیی کوردستان دەبووم و وام دەکرد کوردانی تریش لەسەر ئەو رێگەیە بن.

## پرۆفیسۆر بێنجامین شیف
### پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# کورد بە درێژایی مێژوو غەدری لێکراوە و ڕێگەی پێ نەدراوە دەوڵەتی خۆی هەبێت، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو غەدرە کۆتایی بێت



**پرۆفیسۆر بێنجامین شیف، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، وانەبێژە لە بوارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناکۆکی فەلەستین-ئیسرائیل. گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو پەرەسەندنانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هاتونەتەئاراوە و ئەگەری دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە و شەڕی داعش. ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی سووریا بووەتە شانۆیەك بۆ فراوانکردنی نفووز و کاریگەریی هێزە گەورەکان، ئەویش لەسەر حیسابی خەڵکی ناوچەکە، ئەمەش دۆخەکەی خراپتر کردووە. پێتوانییە ئەمە ئاڵۆزی و پاشەگەردانییەکان زیاتر بکات و هەروەها دەبێت ئەو زلهێزانە بەرپرسیارنەتر مامەڵەبکەن؟**

- پێموایە ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، دەستێوەردانەکان تا ئێستا بارودۆخەکەی باشتر نەکردووە، بەڵکو خراپتری کردووە. هیوادارم زلهێزەکان چەند دەکرێت پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا دروووست بکەن بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەیەك بە ئاڕاستەی قۆناغێکی گواستنەوە و دەستپێکردنی گفتوگۆ کە بتوانێت ئاستی توندوتیژییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام بەگشتی مایەی نیگەرانییە کە تائێستا ئاستی دەستێوەردانەکان بەداخەوە توندوتیژی کەم نەکردووەتەوە.

*** لە ئێستادا شەڕی دژی داعش پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، ئەم ڕێکخراوە ئەوەی سەلماندووە کە هەڕەشەیەکی جددییە بۆ جیهان و پێویستی لە سەر ئاستی جیهانیش وەڵام بدرێتەوە، کەواتە چۆن ستراتیژی لاوازکردن و تێکشکانی دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە دابنرێت بۆ ئەوەی لەئاستی ئەرکەکەدا بێت؟**

- پێموایە داعش هەڕەشەیەکی جددییە، بەڵام تا چەند جیهانییە، ئەوە زۆر روون نییە. لە رووی بەکارهێنانی زانیاری و ئایدیۆلۆژییەوە ئامادەبوونێکی بەهێزی هەیە لە جیهاندا، بەڵام لەرووی سەربازیەوە تەنها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە سووریا و عێراقدا هەیە. پێموایە ئەو هاوسۆزیەشی کە هەیانە بەشێوەیەکی گرنگ ڕێکنەخراون، بۆیە باوەڕم وایە گرفتی سەرەکی لەڕاستیدا کەمکردنەوەی سەرنجڕاکێشی ئایدیۆلۆژیای داعشە بۆ ئەوانەی لە سەرتاسەری جیهاندا دەیانەوێت بچنە نێو ئەو ڕێکخراوەوە، ئەمەش بە مانای ئەوەی دێت کە دەبێت چەند هەوڵێك بدرێت بۆ چارەسەری ئەو نائومێدییانەی کە وا لە کەسانێك دەکەن پێوەندی بکەن بەو جۆرە لادەرە لە ئیسلام، ئەمەش پێموایە بە شێوەیەکی سەرەکی کارێکی سەربازی نییە، بەڵکو سیاسییە و پەیوەستە بە بەفراوانکردنی دیموکراسی لە ناو حکومەتدا و هەروەها لایەنی سەربازیشی هەیە کە بە زۆری بەرگریکارانەیە بە هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی پلانەکانی داعش لە سەرتاسەری جیهاندا و بەتایبەتی لە سووریا و عێراقدا.

*** لەنێو توێژەراندا کۆدەنگییەك هەیە بەوەی داعش دەرکەوتەی کێشەگەلێکی بونیادی قووڵترە لە ناوچەکەدا و گەلانی ناوچەکە لەنێوان دەوڵەتانی لاواز و ناکارا و توندوتیژییە تائیفییەکان و بزووتنەوە ڕادیکاڵە ئایینییەکاندا گیریان خواردووە. لە حاڵەتی شکستی چارەسەرکردنی هۆکاری بنەڕەتی کێشەکاندا، ئەگەری دەرکەوتنی جۆر و ڕەنگی جیاوازی ئاڕاستە ڕادیکاڵە ئایینییەکان لە داهاتوودا چییە؟**

- لەگەڵ بنەمای پرسیارەکەت هاوڕام، پێموایە دەرئەنجامەکە کێشەیە، واتە تاچەند سەرکەوتنمان بینیوە لە هەوڵە جیهانییەکاندا، یان هەوڵەکانی رۆژئاوا بۆ بنیادنانی حکومەتێکی بەهێزی دیموکراسی لە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیاندا، پێموایە تۆمارەکە زۆر خراپە، بۆیە هاوڕاتم کە بەهێزکردنی دەوڵەتان لە نایجریاوە تا پاکستان و سووریا و لوبنان گرفتە و بە دڵنیایەوە جۆری ئەو دەوڵەتانەی کە بەهێز دەکرێن کێشە سەرەکییەکەیە و ئەوانەی دەرەوە زۆر کەم هەوڵیانداوە بۆ بنیادنانی ئەو جۆرە دەوڵەتە، بۆیە دووبارە پێموایە دەبێت بایەخدانەکە جیهانی بێت، بەتایبەتی پێویستە چەند دەکرێت بایەخ بە خەڵکی ناوچەکە بدرێت بۆ بنیادنانەوەی ئەو حکومەتانە و کەمکردنەوەی هاندانەکانی وەك توندوتیژیی تائیفی. هەروەها دیسانەوە دەگەڕێمەوە بۆ یەکێکی تر لە بنەماکانی پرسیارەکەت کە دابەشبوونی سوننە و شیعەکانە، هەرچەندە من شارەزای ئەو بوارە نیم، بەڵام پێموایە ئەم دابەشبوونە زۆر خراپتر بووە بە کاری حکومەت لە ئابووریدا، هەروەها لەو دەوڵەتانەدا کاتی وا هەبووە کە سوننە و شیعەکان هاوکاری بەرچاوی یەکیان کردووە و ژن و ژنخوازی و هەستێکی باش لە نێوانیاندا هەبووە لە ناو زۆر لەو دەوڵەتانەدا، بەڵام وەك زۆر شوێنی تر لە جیهاندا شتەکان جەمسەربەند بوون، کاتێك هەژاری و دیکتاتۆری و خراپ مامەڵەکردن هاتوونەتە ئاراوە لە ئابووری سیاسیدا، لە جیاتی جۆرێك لە ئامادەبوونی دیموکراسی، بۆیە بەش بەحاڵی خۆم دابەشبوونی سوننە و شیعە وەك هۆکار نابینم، بەڵکو لایەنەکانی هەردوو لا بە شێوەیەکی خراپ بەکارهێنراون، پێموایە تۆ بە تەواوی راستی کە چۆن بەم دواییانە شتەکان جەمسەربەند کراون، بەڵام ئەمە بەهۆی کارە هەمەچەشنەکانی بەشداربووانەوەیە. نازانم رۆژئاوا چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات، بەڵام پێموایە داعش دەبێت سنووردار بکرێت و پیشان بدرێت کە سەرکەوتوو نییە و پێموایە دەبێت بە ستراتیژی ناوچەکەدا چاوبخشێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی هاندانی حکومەتەکان بە شێوەیەکی سروشتی مەترسیدار و خراپە، هەروەها سەرجەم جیهان پێویستە پاڵپشتی ئامادەبوونی دیموکراسی و دەستپێشخەری ئاشتییانە بکەن.

*** هەندێك جار بەهۆی ناکۆکییەکانی ناوچەکەوە، هەندێك لە شارەزایان ئاماژە بە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ دەکەن، وەك هۆکاری سەرەکی ئاڵۆزییەکان، بۆیە هەندێك پێشنیاری ئەوە دەکەن بۆ ئەوەی وا لە سوننەکان بکرێ، لە دژی داعش بوەستنەوە و دەوڵەتانی سوننە کاریگەرانە لە شەڕی دژی داعش تێوەبگلێن، ئەوا دەبێت بەشی زۆریان لە دەرئەنجامەکانی شەڕەکە بەرکەوێت، واتە دەبێت دەوڵەتی سوننە درووست بکرێت لەو ناوچانەی داعش دەستی بەسەردا گرتوون بۆ سوننەکان لە عێراق و سووریادا، تا چەند ئەم بژاردەیە دەکرێت و واقیعییە؟**

- هاوڕام کە سایکس پیکۆ لەم رووەوە و لەو کاتەشدا کە ڕێککەوتنی لەسەر کرا، ژیانی هیچ باشتر نەکردووە. ڕێکخستنەوەی قەوارە هەرێمایەتییەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە بۆچوونی من لە رووی مێژووییەوە تۆمارێکی باشی نەبووە، هەروەها دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و پەیوەندی ناوچە شیعەکان بە ئێرانەوە، هەموو ئەو خەڵکانەی کە بەرژەوەندیان هەیە لەناوچەکەدا دەتوانن لەسەر سنوورەکان ڕێککەون، پێموایە پلانێکی ئاوا شکست دەهێنێت و ئەوەی سەردەکەوێت پرۆسەی گفتوگۆیە و دروستکردنی گفتوگۆیە لەنێو ئەو خەڵکانەی تێوەگلاون لەسەر ئەوەی ئەنجامەکان دەبێت چۆن بن، نەك پێیان بوترێت ئەنجامەکان چین و داوایان لێبکرێت ئیمزای بکەن. من هەمیشە بەگومانم کاتێك خەڵك چارەسەر دەخەنەڕوو بۆ کێشە سیاسییە جددییەکان، لەبەر ئەوەی لەم رووەوە مێژوو پێمان دەڵێت کە گەڵاڵەکردنی چارسەر بۆ کێشەکان زۆر دەگمەنە و زۆر بە دەگمەن سەرکەوتوو بووە، ئەوەی روودەدات ئەوەیە مێژوو لە ڕێی زنجیرەیەك رووداوەوە خۆی دەکاتەوە و هەندێکجار پرۆسەگەلێکی واهەن کە بەرەوپێشچوون، یان هەڵوەشاندن بەرهەم دەهێنن، بەلای منەوە چارەسەرەکە پرۆسەیەکە بە ئاراستەی ئاشتیی زیاتر، ئەمەش دەبێت تا رادەیەك گشتگیر بێت، لەجیاتی ئەوەی خەڵك لە دژی یەك هانبدرێن، بەڵام دڵنیا نیم چۆن ئەمە دەکرێت. بۆیە زۆر گومانم هەیە لە دووبارە بنیادنانەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سنووری جیاوازەوە و لەوانەیە هەموو خەڵکی ناوچەکە بگلێنێتە شەڕ و سڕینەوەی نەژادی لە سووریا و لوبنان و ناوچەکە بەگشتی، ئەگەر کەسێك بە سایکس پیکۆیەکی ترەوە بێت، ئەوا زۆر خراپتر دەبێت.

*** لە کۆتاییدا چ شتێکت هەیە سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بیڵێیت؟**

- هەر وەك بە قوتابییەکانم دەڵێم، گەلی کورد گرووپێکی گەورەن و لە رووی مێژووییەوە غەدرلێکراون لە ناوچەکەدا و بێگومان دەتوانن ببنە دەوڵەتێکی زۆر گرنگ و بە راستی زۆر خۆشحاڵ بووم بەو ڕێکارانەی کە بەم دواییانە نراون، بۆ درووستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام لەبەر ئەوەی وەك هەمیشە دابەشبوون بەسەر ئەو حکومەتانەی هەوڵدەدەن هێز بەکاربێنن بەرانبەریان، ئەوا ململانێکە بەردەوام دەبێت، بەڵام لەناو ئەو گرووپانەی ناوچەکە کورد بە دڵنیایەوە لە رووی مێژووییەوە غەدرلێکراوترینن.

**پێویستە چەند دەکرێت بایەخ بە خەڵکی ناوچەکە بدرێت بۆ بنیادنانەوەی ئەو حکومەتانە و کەمکردنەوەی هاندانەکانی وەک توندوتیژیی تائیفی**

**ڕێکخستنەوەی قەوارە هەرێمایەتییەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە بۆچوونی من لە رووی مێژووییەوە تۆمارێکی باشی نەبووە**

**بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و پێوەندی ناوچە شیعەکان بە ئێرانەوە، هەموو ئەو خەڵکانەی کە بەرژەوەندیان هەیە لەناوچەکەدا دەتوانن لەسەر سنوورەکان ڕێککەون**

# دام و دەزگای دەوڵەت و سەرنجێکی رەخنەگرانە



د.وەلی مەحمود*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ژیانی گوند و شار جیاوازی هەیە، خەبات و پێشمەرگایەتی و ئۆپۆزسیۆن بوون، لەگەڵ دەوڵەتداری و بەدامەزراوەیی دەزگاکان جیاوازی گەورەتری هەیە. گوند بە تێگەیشتنی خۆمانە و لە وڵاتی خۆمان واتە کۆمەڵە خێزانێکی سنووردار وە گەورەترین گوندی ئەم کوردستانە لە کاتی ئاوەدانی و پێشی چۆڵکردنی گوندەکان لە (١٠٠- ١٦٠) ماڵ تێپەڕی نەدەکرد، دوای ڕاپەرین چەندین گوندی لەو قەبارەیە و کەمتر کران بە (ناحیە) گوایە قەبارەیەکی گەورە و ناوچەیەکی کارگێڕی فراوان دەکرێت بخرێتە سەر ئەو ناحییانە. هەمووشمان دەزانین کە لە گوندێکی بچووک خەڵکەکە هەم ژیانی سادەی دەبێت، هەم هەمووشی یەکتر دەناسن و کوێخا دێیەك، براگەورەیەك، چەند ریشسپییەك، دەتوانن هەموو کارەکان بەڕێوەببەن. (زۆر جار خەڵکی دێیەکە هەموویان خزمن، یاخود یەك عەشیرەتن، یان ساڵانێك لەو شوێنە ژیاون بە ژن و ژنخوازی هەموویان بوون بە خزم و کەسی یەکتر) و ئاسان دەتوانرێت ئیدارەی بدرێت و گرفتەکان کۆنترۆڵکردنیان دەوڵەت و یاسا و پۆلیس و ڕێکخستنی فراوانی ناوێ و ئاڵۆز نییە، بەڵام کە گوند بوو بە شار و شاریش گەورە بوو، ئەوە ناتوانرێت بە یاسای گوند بەڕێوە ببرێت، لەبەر ئەوەی گرفتەکان زیاتر دەبن، ئاڵۆزییەکان دەچنە قۆناغێك کە دەبێ دەزگای حکومەتی بەتوانا و یاسای گشتی و (یەکسانی) لە جێبەجێکردنی یاساکان لە لایەن دەزگاکانەوە پەیڕەو بکرێت. خەباتی خەڵکی کوردستانیش ساڵانێکی زۆری خایاندووە و کۆمەڵێك خەڵکی دڵسۆز کە بەشدارییان لە شۆڕش و خەبات و کوردایەتی کردووە، لەلایەك ڕۆحی نەتەوایەتی و لە لایەکی تریش بیروباوەڕی حیزبایەتی وایکردووە کە کۆمەڵێك لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی ئایدیۆلۆجی و..تاد دروست ببێت لە نێوان ئەم خەڵکە و ئیلتزامی ئەخلاقی وا دروست دەبێت لە نێوانیان کە ئەستەم دەبێت دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە و گەیشتن بە دەسەڵات، بتوانن لێیپێچینەوە لە یەکتر بکەن، سەرەڕای ئەمەش بە درێژایی شۆڕشی کوردی دانیشتووانی گوندەکان و ڕێکخستنەکانی شارەکان کۆمەکبەخش و هاوکاری ساڵانی خەبات و تێکۆشان بوون و سەدان هاووڵاتی لەسەر یەك هاوکاری، یان یەك نامە بردن، گیانیان لەدەست داوە، هەزاران پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و سەدان سەرکردەی مەیدانی و بەرپرس لەم کوردستانە لە ژێر فەرماندەییان خۆیان و هەزاران ڕۆڵەی خەباتگێڕ شەهیدبوون. بۆیە ئەم

پێوەندییە سۆزدارییە و ئەم ئیلتزامانەی کە دروست بووە لە نێوان بەرپرسانی خەبات و شۆڕش و حیزبەکان، زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی سەرگۆڕەپانی خەبات و شۆڕش و ئۆپۆزسیۆن دروستی کردوون. واتە ئەو حیزبانە لە ئەنجامی خەباتی مەدەنی دروست نەبوون. ئەمانەی سەرەوەی ئەم بابەتە لەگەڵ ئەوەی کە دەیان ئۆردوگای تری کوردستان و گەڕەکەکانی شارەکان لە ئەنجامی بەزۆر راگوێزانی گوندەکان و دروستکردنی ئەم ئۆردوگا زۆرەملێیانە و کۆچی ناسروشتی خەڵکی گوندەکان بۆ شارەکان و گەورەبوونی خێرای شارەکان و ( تێکچوونی سیستەمی بەڕێوەبردنی سروشتی ) دروست بوون. شێوازی بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردنی وڵات وەك بەڕێوەبردنی شۆڕش و ژیانی لادێ گوزەران و حوکمڕانی وڵاتی شێواندووە و بە هیچ وڵاتێك ناچین. سروشتی مرۆڤ وایە کە ماوەیەك هەوڵیدا بەربەرەکانێی دیاردەیەك بکات، بەڵام پێی نەکرا، یاخود نەیتوانی بیگۆڕێت ئەوا، خۆیشی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات و خۆی لەگەڵ شتە ناڕاست و شێواوەکان دەگونجێنێ.

بۆ سەلماندنی ڕاستییەکانی ناو ئەم بابەتەش چەندین نموونەی زیندوو باس دەکەم:-

١. زەوی دابەشکردنی کوردستان هەموو پێوەرەکانی دنیای تێپەڕکردووە، بەڵام بەگشتی خەڵکی پێویست و بە (یەکسانی ) نییە و نەکراوە.

٢. هەموو خەڵکی لادێیەکان کراون بە پۆلیس (پێشمەرگە ) و مووچەخۆر.

٣. هەزاران خەڵك دوو مووچەی هەیە، کەس تا ئێستا جورئەتی بنبڕکردنی نییە.

٤. هەزاران کەس کە هێشتا گەنجن و توانای هەموو کارێکیان هەیە لەو بوارانەی کە دەتوانن بیکەن، بەڵام خانەنشین کراون.

٥. سالانێکە کێبڕکێی وەرگرتنی بڕوانامە و تەواوکردنی زانکۆیە لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە سوپایەك لە بڕوانامەداری بێتوانای بێکارمان دروست کردووە. (خەریکە حکومەت تووشی قەیرانی مەترسیدار دەبێت).

٦. سەدان ملیار دینار بە جۆرەها قەرز دراوەتە خەڵك، بەڵام ئایندەی ئەم داهاتە گشتییانە (چەند بەرپرسێکی بە ژمارە کەم بڕیارەکانیان داوە) .

٧. تاکو ئێستا یاسا و حکومەت بەدەست خەڵکی دەستڕۆیشتووە گیرۆدە بووە، واتە بە هیچ شێوەیەك یاسا سەروەر نییە.

٨. زۆربەی کارەکان لەم وڵاتە (دامەزراندن، کۆمپانیا دروستکردن، زەوی وەرگرتن، بوون بە بەرپرس، پلەی سەربازی وەرگرتن و .. تاد) بە کێبڕکێی توانا و بە یەکسانی ئەنجام نەدراون.

٩. سەدان کەس بە پلەی وەزیر و وەکیل و ڕاوێژکار و بەڕێوبەری گشتی خانەنشین کراون .

١٠. مووچەی شەهیدانی سەنگەر و هاووڵاتی و پێشمەرگە بە شێوازی عەجیب و غەریب دانراوە و بە میزاج کراون و ناڕوونی و ناعەدالەتی لە بڕەکان هەیە .

١١. تا ئێستاش حیزبەکان (مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتییان) هەیە و لە زۆر ناوچە و شارۆچکە حوکمی عەشایری جێگەی یاسای گرتۆتەوە.

١٢. لە کۆتایی (٢٣) یەمین ساڵی حوکمڕانی کوردی (تەجاوزی ) سەر زەوی و دام و دەزگاکانی دەوڵەت وەك دوای ڕاپەڕینە، ئەگەر بە وردی بەدواداچوونی بۆ بکەی و بەراوردی واقعی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی بکەین.

١٣. پرۆسەی لێپێچینەوە و سزای لە یاسالادان ئەوەندە بێهێزە، تەنیا بۆ خەڵکی هەژار و بێ پشت و بێ دەسەڵاتەکانە.

١٤. بەگشتی دەزگاکانی دەوڵەت وەك پۆلیس و پاسەوان و پاسەوانی هەیبەتی نەماوە، کە ئەوان دەزگای دەوڵەتین و هێزی دەوڵەت دەبوایە بەرجەستە بێت لەوان.

١٥. نادامەزراوەیی و بێدەسەڵاتی دەوڵەت و (مەحسوبیەت و مەنسوبیەت) لەوەوە دیارە (١٠) ساڵە لەم وڵاتە باسی تەجاوزی زەوی و کارەبا و ئاو و بێ مۆڵەتی شۆفێری دەکرێت، بەڵام هەر زیاد دەکات و بنبڕناکرێت.

ئەمانە هەمووی مانا و واتای ئەوەیە کە دەوڵەتداری بە عاتیفە و خزمایەتی و خێڵایەتی و حیزبایەتی تەسك بەڕێوە ناچێت.

**پایەیەکی گرنگی پرۆسەی چاکسازی ئەوەیە دادگاکان چالاک بکرێن و دەزگاکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ و پاسەوانی بە فعلی بە کارەکانی خۆیان هەڵسن و هەیبەت و توانستیان هەبێ خزمەتگوزارییە گشتییەکان مافی گشتین و بگەڕێنەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆیان و (تجاوز) لە کەس قبووڵ نەکرێت، لە هەر پۆست و پایەیەک بێت**

**ساڵانێکە کێبڕکێی وەرگرتنی بڕوانامە و تەواوکردنی زانکۆیە لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە سوپایەک لە بڕوانامەداری بێتوانای بێکارمان دروست کردووە**

بەشێکی هەرە زۆری ئەم دیاردانەی کە من ریزم کردوون و خۆشیان هەن، ڕۆژانە بە بەرچاوی خەڵکەوە ڕوو دەدەن و دەبیندرێن. بۆیە پایەیەکی گرنگی پرۆسەی چاکسازی ئەوەیە دادگاکان چالاك بکرێن و دەزگاکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ و پاسەوانی بە فعلی بە کارەکانی خۆیان هەڵسن و هەیبەت و توانستیان هەبێ خزمەتگوزارییە گشتییەکان مافی گشتین و بگەڕێنەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆیان و (تجاوز) لە کەس قبووڵ نەکرێت، لە هەر پۆست و پایەك بێت.

بەڵێ بۆ دەوڵەتداری و بە دامەزراوەیی و سەروەری یاسا، نەخێر بۆ پێچەوانەکەی و دۆخی ئێستا.

---

***سەرۆکی زانکۆی کۆیە**